۱۲
پیشه‌نگ
کانوونی هونه‌روڤه‌ده‌بیاتی کریکاری ـ کوردستان
پوشپه‌ری ۱۳۷۰

پێشەنگ ۱۲

پووشپەڕی ۱۳۷۰ ـ کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری ـ کوردستان

وێنەکان

درم بخش — سەرسەرگ
(۱) سالار ۷۲
(۲) درم بخش ۷۲
سالار ۷۳

رەخنەولیکولینەوە

☆ نینا " لە چاوپیاخشاندنیک دا فریدون ناظری ۱

☆ حیزبی دیموکراتیش هەژاری گرتە باوەش ریبوار ۱۸

چیرۆک و شانۆ

☆ گونا هی کە بیرەی کەشیش ئاندرە نووسینی: یارو سلاو هاشک ورگیرانی بو کوردی ناسر حسامی ۲۵

☆ بیمە (چیروک بو منالان) عەباس شوان ۲۹

☆ بیکار عەباس شوان ۳۰

☆ ریگای رولەکەم (شانو) فریدون ناظری ۳۲

شیعر

☆ جەوهیل رابەری شورشگیر و... ۴۴

ئاخر داخواز ۴۶

کلووچە لە ئاسمان ۴۷

ریبوار کردوونی بە کوردی

☆ سروودی دەروی وازم لیدینی پیتر پویاس

وەرگیراوی ن. حسامی ۴۹

☆ گەرانەوە بـــژار ۵۱

☆ مونولوگ لەگەل بەهار ریبوار ۵۴

☆ ریژەی ئەوەلی مەی ریبوار ۵۶

☆ منالینە ۵۸

☆ خەلکی ماقول

شەبەق ۵۹

☆ سروودی مەرگ

کەمال عەزیز ۶۰

☆ هاوپشتی کـــاوە ۶۲

وەلامی نامەکان ۶۳

دیداریک لە گەل شیعر و شاعیران ۶۷

ن. حسامی

"نینا" له چاو پیّیا خشاند نیّك دا

چیروکی "نینا" نوسراوی سابت رەحمان، نوسەری بە نیوبانگی ئازەربایجانی شوروی، یەکیکە لە شاکارەکانی ئەدەبیاتی کاریگەری دنیا. نوسەر بە کەلک وەرگرتن لە دەسکەوتەکانی خەباتی پر لە فیداکاری کاریگەرانی شاری باکو و ژیانی پر لە مەینەتی دی نشینەکانی دەور و بەری ئەم شارەلە سالەکانی ۱۹۰۲ تا ۱۹۰۴، چل دیمەنی زیندوو، پر لە هەست و پر لە دەرسی شورشگیرانە دەخولقینی. شەرایەتی ژیان و کاری ئەم جەماوەرە بەرهەم هینەرە لە دلی خەباتیکی دژوارو خوینا وی لە گەل پاشماوەی دەرەبەگایەتی و بورژوازی دا وەها نەخش دەکری کە خوینەر شوینەواری ئال و گوریکی بنەرەتی بە قازانجی کاریگەرانی تیدا دەبینیتەوە. رابەرانی کاریگەری و کومونیستەکان هەر بەو جورە کە لە ژیان و کار و خەبات دا بوون دینە سەرکاغەز. لیهاتوویی ان، هیوایان بە دوا روژیکی روون، دلسوزیان بەرانبەر بە هاوچینەکانیان، ئیمانیان بە هیزی کومەلایەتی کاریگەران، ئاگاداریان لە فیل و پیلانەکانی دوژمن و خوبەخت کەری هاو خەباتکارانیان، عەشقیان بە هاوسەر، منال و دراوسی و قین و تووڕەییان بەرانبەر بە بورژوازی و دار و دەستەکانی، تەجرەبەی خەباتی ریکخراو و تیژی هەست و هوشیاری ئەوندە زەوینی و زیندووە کە خوینەر لە ماوەی خویندنەوەی چیروکەکە لە گەلیان دەژیت و هەست بە خوشی و تووڕەیی و هیمنی و مەترسی دەکا و هەر ئەمە سەرچاوەی فیربوونیکی قوولە کە تا سالەها لەبیر ناچیتەوە. عیشق و خوشەویستی لە نیو خیزانی کاریگەری دا لە دلی تیکوشان بو دابین کردنی ژیان و لە دلی خەبات لە گەل سەرچاوەکانی مەینەتی ژیان دا پنج دادەکوتی، پتەو دەبی و بالا دەکا. دوس و دوژمن، کاریگەر و سەرمایەدار، فەلا و خاوەن زەوی، شورشگیر وکەسانی

دژ به شورش، هیزی خه‌بات و جاسوس و جه‌للاده‌کان له سه‌ر بنه‌مای کومه‌لایه‌تی خویان ده‌نه‌خشیندرین و نوسه‌ر هه‌ولی داوه سه‌ره‌رای پشتیوانی له چینی کاریگه‌ر و خه‌باته رزگاریخوازانه‌که‌ی، هه‌موویان به شیوه‌یه‌کی واقعی بخاته به‌رچاوی‌جه‌ماوه‌ر گرایشه کومه‌لایه‌تیه‌کان له کرده‌وه‌ی زیندووی روژانه و له کار و خه‌بات دا نیشان ده‌درین. چه‌وسانه‌وه‌ی بی ره‌زا ، وه‌حشیگه‌ری هیزی چه‌کدار و جاسووس و جه‌للاده‌کان و سه‌رکرده‌کانیان، په‌ره‌ئه‌ستاندنی خه‌باتی ریکخراو، به ته‌جره‌به بوونی رابه‌رانی کاریگه‌ری، زیاد کردنی خه‌فه‌قان پی به پیی په‌ره‌سه‌ندنی شورش و موباره‌زه، هه‌مووی ئه‌مانه له روخساری که‌سانی زیندوو و تاریخی دا به خوینه‌ر ده‌ناسیندرین. تلیاکی مه‌زهه‌ب، هه‌لاوارینی وه‌حشیانه له دژی ژنان و که‌لک وه‌رگرتنی چینه‌داراکان له دووبه‌ره‌کایه‌تی میللی هه‌موو له ره‌وتی ژیان و جه‌ره‌یانی کار و خه‌بات دا دینه گوری هیچ رووداو و جه‌ریانیک له‌و یاسا و قانوونانه جیا ناکرینه‌وه که به سه‌ر کومه‌ل دا زالن. هیچ رووداویک به پیی ئیراده و ئیشتیای ئه‌مکه‌س و ئه‌و که‌س ناچنه پیشی . خه‌بانیکی چینایه‌تی خوینه‌وی و پر له هه‌لس و که‌وت له ئارادایه که موری خوی له‌سه‌ر ته‌ویل و له نیوچاوانی که‌سه‌کان ده‌دا . نوسه‌ر له‌دلی‌ئه‌م ژیانه یاسادار دا شیوه‌کانی خه‌باتی چینه‌کانی تر ده‌نه‌خشینی و شیوه خه‌باتی کومونیستی له کرده‌وه‌ی رابه‌رانی بلشویک دا ده‌بینی و له‌و ریگایه‌وه ده‌رسی خوینه‌رده‌دا و هه‌ستی ده‌بزوینی و هیوا بەودواروژه روونه‌که به حوکمی یاسای زال به سه‌ر کومه‌لی چینایه‌تی دا و به پیی خه‌باتی چینی کاریگه‌ر پیک دی ، له دل دا زیندوو ده‌کاته‌وه . دیمه‌نه‌کانی ژیان شانوه‌کانی خه‌بات و تابلوه‌کانی کاری بی وچان له هه‌مان حالدا که زیندوون و واقیعین له حالی ئال و گوریش دان. په‌ژاره و شادی، ترس و بویری، میهره‌بانی و دل ره‌قی، دله خورپی و بی خه‌می، خوشه‌ویستی و قین و باقی هه‌سته ئینسانیه‌کان وه‌کو روویاریکی خروشان له حالی رویشتن دان و به پیی شه‌رایه‌تی مادی و روحی جیگای یه‌کتر ده‌گرنه‌وه و له‌نیو ده‌چن و زیندوو ده‌بنه‌وه . ئه‌م چیروکه به نیوبانگه نموونه‌یه‌کی هه‌ره به‌رزه له‌و هونه‌ره‌ی که به پیی ره‌وته واقیعیه‌کان تابلو و دیمه‌نی جوربه‌جور له میژوی ژیان، کار و خه‌باتی پرولیتاریا ده‌نه‌خشینی، گرایشه‌کومه‌لایه‌تیه‌کان ده‌خاته زوو و ده‌سکه‌وته‌کانی خه‌باتی چینی کاریگه‌ر بو نه‌سلی داهاتوو به دیاری دینی و له هه‌مان کات دا له‌گه‌ل هه‌له‌کان و بیر و باوه‌ری زالی روژگاری خوی ده‌چیته جه‌نگه‌وه .

ئه‌مانه‌ی که زور به کورتی ئیشاره‌م پی کردن قسه‌ی زور هه‌لده‌گرن. من به چاو پیپا خشاندنیک، هه‌ندی لایه‌نی ده‌خه‌مه به‌ر چاو. هیوا دارم نووسه‌رانی تر له لایه‌نه جور به جوره‌کانی ئه‌م شاکاره‌ئه‌ده‌بیه بکولنه‌وه و کاریگه‌رانی له گه‌ل ئاشنا بکه‌ن.

رووداوه‌کان:

شوینی رووداوه‌کانی چیروکی "نینا" گه‌ره‌که کاریگه‌ریه‌کان، کانه‌کان، کارخانه‌کان کارگاکانی شاری باکو و مه‌لبه‌ندیکی دی نشینه‌کانی ده‌ور و به‌ری ئه‌م شاره‌یه . به‌سه‌رهاته‌کان له رووداوه‌کانی ساله‌کانی ۴-۱۹۰۲ وه‌رگیراون و به شیوه‌یه‌کی هونه‌ری جوان

پیشکه ش کراون. چیروکه که به هاتنی که سیک له ریکخراوی سوسیال دیموکراته کانی تفلیسه وه ده س پی‌ده‌کا . ئه و "ڤانو"ی جه وان به لام به ته جره به یه . ئه و به ره‌و شوینک ده‌روا که ئه ندامانی کومیته‌ی باکو تییدا کوبونه وه یان هه یه . پیره ژنیک شوینی کوبونه وه که ده پاریزی. ئه ودا یکی دووکاریگه ره که له چاله نه وته کان دا خنکاون. ئه مه قسه‌ی ئه وه : " دوژمنانی سه رمایه داران دوستی منن."* به م ده س پیکردنه وه خوینه ر له و سه ره تاوه له گه ل زوربه‌ی که سه ئه سلیه کانی چیروکه که دناوه روکه که‌ی ئاشنا ده بی. خوینه ر ده زانی که له گه ل خه باتیکی ریکخراو روبه روویه که که سه کانی له رابه رانی کاریگه رانی باکون . ئه م رابه رانه له گه ل رابه رانی کاریگه ری له شاره کانی تر پیوه ندیان هه یه، و خه باته که به شیوه یه کی ریکخراو ده بریته پیش. شه ش که س له رابه رانی کریکاری و که سه ئه سلیه کانی .ییروکه که ئه مانه‌ن: غولام، بوگدان، لاد و پیوتر جونیاتف، ئیڤان نیکلایویچ پتروف ملیک ملیکانس. ئیمه له جه ریانی کوبونه وه که دا ئه م رابه رانه ده ناسین. ئه ندامانی کومیته‌ی باکو خه ریکن له مانگرتنیک ده کولنه وه که کاریگه‌ران له کارخانه‌ی شیبایف ده ستیان داوه تی. مانگرتنه که که توشی نکوول بووه و کومیته ده بی ریگا چاره یه کی بو بدوزیته وه . رابه رانی کاریگه ری که هه ر له م ساله‌ی ۱۹۰۱ دا نیشانه کانی شورشیک ده بینن که له ۱۹۰۵ دا کرا به م را و نه زه ره ده گه‌ن : "مانگرتنی کانه کانی شیبایف سه رناکه وی. چونکه روژگاری داوا کاریه ئابووریه کان به سه ر چووه‌ها وری لنین ئاموژگاریمان ده کات که نابی ته نیا له سنوری ته سکی داوا کاریه ئابووریه کان دا بوه ستین. به لکوو ده بی داوا کاریه سیاسیه کانیش بکه ین به خه م . پیویسته ئامانجمان رووخانی رژیمی سه رمایه داری و بنکه کانی بی، واته رووخانی دیکتاتوریه تی تزار و هه لکردنی ئالای سوشیالیزم بی ."* کومیته له م به شه دا دیته سه ر ئه وه که بوگدان کنونیانتس بنیریته کانه کان تا مانگرتنه که بخاته سه ر ریگای خوی. پاشان قسه دیته سه ر وه رگرتنی ئه ندام . له م به شه له سه ر پیویستی وه رگرتنی کاریگه رانی جه وان و تیکوشه ر ده چن وساغ ده بنه وه که ئه ژده ر بیننه ریزی خویانه وه له دیمه نی دووم دا ئیمه ئیڤان نیکلایویچ پتروف پتر ده ناسین. ئیڤان بابی ورایه و ئه ژدریش له ژیر ده ستی ئه ودا بار هاتووه . له دیمه نی سیهه م دا ئیمه ئیڤان ده بینین که له گه ل غولام و چونیاتف له پیشه وه‌ی کاریگه‌ران به ره و ده فته‌ری شیبایف ده رون. تا ئیستا که س نه‌ی ویراوه له به ر ئه م ده فته ره دا کو بیته وه . شیبایف که تا ئیستا ته نیا به سه ر کاریگه‌ران دا گوراندووه ، ئه مجاره به رانبه ر به شالاوی جه ماوه‌ری کاریگه ر خوی بو رانا گیری. رادیکا و خوی ده شاریته وه . هه ر سێ ئه ندامی کومیته‌ی باکو که جیگای متمانه‌ی کاریگه‌ران، قسه ده که‌ن .به شیک له قسه کانی غولام ئاوایه : " برا ده‌ران ئیمه - ما فی خومان ده وی. ئه م کارخانه و کارگایانه به ئاره قه و

---

* "نینا" ، وه رگیردراوی حه مه که ریم عارف ، لاپه ری ۱۲ .

** ل/ ۱۰

خوینی ئیمه دروست بوون. گورگانی وەک خاتیسوف، شیایف، نـــوبـل، مانتاشف و حاجی زەینەل عابدین مال و منالیان خستووینەتە سەر ساجی عەلی. چاوەروانـــی بەزەیی لەم گورگانە کاریکی بیهودەیە. نابی چاوەروانی چاکەلەخودی "شا" ش بکری، چونکە ئەو بو خوی نوینەر و پال پشتی سەرمایەدارانە. دیارە بە ئاشتی وپـارانـەوە چنگی خوینا ویان لە گەروومان ناکەنەوە. یەکیەتی پیویستە هاوریان!....."* ئیڤان نیکلایویچ ئالای سوور بە دەست دەکەویتە پیش کریکاران بە شوینی دا بەشیعاری: بروخی دیکتاتوریەتی تزار، بژی سوسیالیزم" دەکەونە ری و دەست دەدەنە تظاهرات و خوپیشاندان. ئیڤان وەبەر دەس ریژی داردەستەکانی بزار دەکەوی:

"لەپر ئەژدەر بینی کە دەستی ئیڤان خوینی لی دەتکی. بە پەلە خوی گەیانـــدی. بە پەشوکاویەوە کوتی: ئیڤان نیکلایویچ ئالا کە بدە بە من، تـو بریندار بووییت، بـو تو زەحمەتە.....

ئیڤان بە چاوە خوین گرتووەکانیەوە روانیە ئەژدەر. ئالاکەی بو دریژ کرد:

- وەرە بیگرە باوەرم بە تو هەیە." **

ئیڤان ئەو شەوە گیانی لە دەست دەدا.

لە دیمەنی چواردا ناشتنی ئەم رابەرە گەوریە نیشان دەدری. پاســـــــەوان و ژاندرمەکانی تزاری کە دەزانن ئیڤان نیکلایویچ پتروف لـە دلی هەزاران کاریگـەر و خەلکی بە شەرەف دا جیگای کردو تەوە مالەکەی گەمارو دەدەن. بەلام شەپـــولـــی کاریگەرانی خەم داگرتوو و تازیەبار وەها بوو کە بە هیچ پولیس و ژاندارمیک پیشی پی نەدەگیرا. سەدان کاریگەری شورشگیر و بویر بایخیان بە قسەکانی. پاسەبانـەکان نەدەدا، لە دەوری تابووتەکە کو بوونەوە و بەرەو گورستان کەوتنە ری. پاسەبانەکان و ژاندرمەکان بە هیزیکی زورەوە ئابلوقـەی بەری کەرانی تەرمەکەیان دا: ئـــەژدەر باوەری نەدەهات کە ئیڤان مردبی. وای دەهاتە خەیال هەر ئیستا لە ناو تابوتەکەوە راست دەبیتەوە، دەستە زبر و بە هیزەکەی رادەوەشینی و هاوار دەکات: " بـــژی شورش". بەلام هەیهات. ئەو دلەی کە عومریکی دریژ بو شورش لیی دەدا بەیەکجاری لە لیدان کەوت. ئیدی ئەم پولیسانە کە بەم شیوە یە دەوری تابووتی کریکاریکـــی بی گیانیان داوە لـە چ دەترسن؟...***

ئەژدەر بە بیر هیناوەی بیرەوەریەکانی لـەو رابەرە خوشەویستە ولامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.

ئیڤان رابەریکی متمانە پی کراو بوو کە لە هەر شوینیک دا هیوا بە گورانیکی بنەرەتی بە دەستی کاریگەرانی تیکوشەری زیندوو دەکردەوە. لە بیر کردنەوەکانی ئەژدەرخوینەر ئاگادار دەکری کە وراو ئەو یەکیان خوش دەوی.

---

* ل/ ۲۶

** ل/ ۲۷

*** ل/ ۳۰

لە دیمەنی پینجەم دا ئەژدەر باشتر دەناسین. ئەو لە وت و وێژ و مناقشە لەگەل کاریگەریک بە نیوی حەمە عەلی تی گەیشتنی خوی لە خەباتی چینایەتی دەردەخا :

"حەمە عەلی بە ئەسپایی گوتی : ئەژدەر ئەگەر قاتلسی ئیفان نەگرم و سکی هەلنەدرم من پیاو نیم.

ئەژدەر سەری لەم قسەیە سوورما : چما نازانی کی قاتلی ئیفانە ؟

حەمە عەلی چاوی بریە ئەژدەر : هەلبەتە نازانم. هیچ کەس نازانی . ئەگەر تو دەیزانی پیم بلی. کام بی شەرەف تەقەی لی کرد؟

ئەژدەر دەستی خستە سەر شانی حەمە عەلی و بە هیمنی گوتی: شیبایف کو شتی برای ئازیز.

حەمە عەلی بە زەردە خەندەیەکی بی باوەریەوە سەیری ئەژدەری کرد: قسەی بەلاش مەکە ئەژدەر! شیبایف مریشکی پی سەر نابردری . ئەوپولیسانەی ئەو روژە لەمناوەدا دەگەران کوشتیان ....."

خودی رەوتی خەباتەکە کە وشیارانە لە لاین کومونیستەکانەوە رابەری دەکرا نیشانی دا کە هەلویستی ئەژدەر چەندە دروستە و حەمە عەلی چون هەلە دەکا و دەیەوی بە تیروری چەند پاسەبان تولەی رابەریکی کاریگەری گیان بە خت کردوو بکاتەوە .

لە دیمەنی شەشەمدا غولام دەکەویتە بەرتیشکی قەلەم و لە نزیکەوە دەناسریت. غولام بە قەولی نوسەر گەرچی ۵۵ سال ژیاوە ، بەلام تەجروبەی ۱۵۵ سالەی وەرگرتووە ئەو لە لای هاوکارەکانیدا ئاوا دەهاتە بەر چاو:

"خەباتگیرە ، جوامیرە ، ئابروومەندە ، مەزن و لیهاتووە و تا کو ئیستا کەسرقسەیەکی ناشیرین وچەوتی‌لی نەژنەوتووە ."خاوەن کارەکان و ساحەبەکانی کان و کارخانە کان ئاوایان دەناسی:

"پیاویکی خوین تالە . بەد و بی شەرمە . ئاژاوە چییە .ئەسکوبی حەوت مەنجەلانە ." *

هەر لەم دیمەنە دا خوینەر لە گەل چاپخانە یانی "ئینا" ئاشنا دەبی . ئەم چاپخانەیە یەکیک لە وەسیلە ئەسلیەکانی رابەری حیزب و لەوانە کومیتەی باکویە لە ئینا دا ئیسکرا سەر لە نوی چاپ دەکرایەوە و لە سەرانسەری روسیە بلاو دەبووە رینوینەکانی کومیتەی باکو بو رابەری خەبات لە باکو و دەور و بەری و هەروەها چاپی بردزولا BRDZOLA عەر لەم چاپخانەیە دەکرا .

"دەبی چ بکری؟ " نوسراوی لنین سەر لە نوی چاپ دەکریتەوە . بەرنامەی حیزبی سوسیال دیموکراتی کاریگەری روسیە دیسان لە چاپ دەردی. بیجگە لە مانە و گەلیک نوسراوی تر "ئینا" چیروکی دژی دیکتاتوری و کاریگەریشی بلاو دەکردەوە . کاریگەران بە خویندنەوەی ئەم بەرهەمانە لە گەل سوسیالیسم ئاشنا دەبوون، بورژوازی و اریستوکراسیان دەناسی و فیر دەبوون کە دەبی بە چ شیوەیەک لە گەل ئەم نیزامانە و حکوومەتی تزاری شەر بکەن ، چون یەک بگرن، ریکخراو بن و بو گەیشتن بە سوسیالیسم تی بکوشن. دەوریک کە "ئینا" دەیبینی ئاوری لە گیانی سەرمایەداران و

* ل/ ۵۱

خاوەن کارەکان و مەئمورەکانی تزاری بەردابوو.
لە دیمەنی حەوتەم دا کۆمیتەی باکۆ ئەژدەر وەکو ئەندامێکی وەدەگری. لە کۆبوونەوەی ئەمروی کومیتەدا وتاریک لە ژمارەی شەشی "ئیسکرا" دەخوێندرێتەوە. ئەو رابەرە لیهاتوانە دێر بە دێر و پاراگراف بە پاراگراف لەوە دەگەن کە قسە عیلمیەکانی لێنین لە گەل تەجروبەکانی رۆژانەی ئەوان دێتەوە. پاش تەواو بونی وتارەکە لادو کە بە بابی "ئینا" ناسراوە، دەلی: "سەرمایەداران و دوژمنانی شورش هەول دەدەن ناکۆکی و ناتەبایی بخەنە ریزەکانمانەوە. پان تورک و پان ئیسلامیەکان بە نیوی میللەت و ئایینەوە بو دامەزراندنی ئیمپراتوریەتی گەورەی ئیسلام تی دەکوشن. دەیانەوی ئازەربایجان بکەن بە کولونیکی تورکیە. وەک ئەوە ئەگەر "ئیمپراتوریە تیکی" تی دا دروست بوو ئیدی موسولمانەکان بەختیار دەبن. ریسوا کردنی ئەم سیاسەتە چەپەلەی ئەرکی سەر شانی ئیمەیە. هاوریان! لە پال ریسوا کردنی سیاسەتی کونەپەرەستی دەبی بایخیکی زوریش بەوە بدەین کە گیان و وەرەی شورشگیری و ئەنتر ناسیونالیستی لە نیو کریکاران دا بلاو بکەینەوە. زەمینە بو دروست کردنی سوپایەکی خەباتگیری شورشگیر خوش بکەین.. *

لە دیمەنی ۸ دا ئەندامانی کومیتەی باکۆ ئەژدەر و ورا بو بلاو کردنی بەرهەمەکانی "ئینا" هەلدەبژیرن.

لە دیمەنی ۹ دا میرزا حوسین باشتر دەناسین کە ماموستایەکی شورشگیرە.

لە دیمەنی ۱۰ دا ورا و ئەژدەر دەچن بو لای لادو و کارەکەیان دەسپێدەکەن.

لە دیمەنی ۱۱ مانگرتنی کریکارەکانی کانەکانی شیبایف نیشان دەدری. لیرە خەمەعەلی کە بروای تولە سەندنی فەردی و کاری تیروریستی هەیە لە خزمەتکاریکی ئیداری و حەسابداریک دەدا و دەبیتەوە هوی ئەوە کە پولیس بیانووی دەس کەوی و زوریک کریکار دەربکرین.

لە دیمەنی ۱۲ نیشان دەدری کە بوحرانی ئاقتصادی چی بە سەر کەسیک وەکو موختار بەگ هیناوە کە سەرمایەداریکی خاوەنی چالە نەوتە. سەرمایەدارانی گەورەوەکوو نوبل و روچیلد لەم بوحرانە قازانج دەکەن، لەحالیکدا سەرمایەدارانی متوسط زیان دەبینن. هەموو سەرمایەداران تیدەکوشن فشاری بوحرانەکە بخەنە سەر شانی کریکارەکان. مونجی دەر کردن دەس پی دەکا.

لە دیمەنی ۱۳ خوینەر لەوە دەگا کە بوحرانەکە چی بە سەر کریکاران هیناوە. کومیتەی باکو لە هەولی ئەوە دایە خەباتی کریکاران ریکخراو بکا و لە پیناو ئەمەدا ئەو نوینەرانە ریسوا دەکا کە خویان بە نوینەری کریکاران لە قەلەم دەدەن بەلام لە پال خاوەن کارن.

دیمەنی ۱۴ بو نیشان دانی یەکەم تەجروبەکانی ورا تەرخان کراوە.

زەماوەندی مالی موختاربەگ لە دیمەنی ۱۵ دا نیشان دەدری. ورا کە لە گەل مالی میرزا حوسین لەم زەماوەندەدا بەشدارە بە هەلکەوت قسەی رەئیسی پولیس

* ل/ ۶۶

و موختار بەگ دەبیسی و لەوە دەگا کە چەند کەس لە هاوریان ناسراون . هەر وەها بوی دەر دەکەوی کە مودیری دەرکراوی کانەکەی موختار بەگ ئاوری لە کارگاکە بەرداوە و رەئیسی پولیس دەیەوی تاوانی ئەوە بخاتە سەر شانی کریکارەکان و سەر کوتیان بکا

لە دیمەنی ۱۶ چاپخانەی " نینا " بە گەرمە بەرهەم دەخاتە بەر دەستی کاریگەران ئەمما پولیسی چەواشە کردووە . لە لاپەرەی ۱۲۱ دا لەم بارەیەوە ئاوا ها تووە :

" مەئموورەی ئەمر راپەری: ئەمە چیە ، ئەمە چیە ؟ کی چاپی کردووە ؟

نەراندی بە سەر ئەو کەسەدا کە ژمارەیەکی نوێی ئیسکرای بە دەستەوە بوو:

- لە کوێ پەیدات کرد ؟ کی چاپی کردووە ؟

کابرا یەکیک بوو لە پیاوانی ئاسایی دایەرەی پولیس. کابرا نەی دەزانی ئەو بلاو کراوەیە تا ئەم رادەیە مەئموورەکەی دەشلەژینی . بویە لە سەرەتا دا لە نەرەی مەئموورەکە راچلەکی . خوی هیور کردەوە و گوتی : - لە کوڕە نەهینیەکان دا باسی "نینا" ناویک دەکەن . مەئموورەکە تووندتر بوو: - دیسان نینا ؟ ئەم نینایە کی یە ؟ بو نەت گرت؟

- قوربان لە کوی بیگرم . ئەو رۆژنامەیشم بە ریکەوت دەس کەوت . دەستاودەست دەیگیرن و دەی خوینەوە ، بەلام بە جوری دیشارنەوە کە کەس پەی پی نەبات.

لە دیمەنی ۱۷ دا ورا دەچی بو ئیدارەی گومرک تا گراوەکانی " ئیسکرا " وەربگری بەلام جەعبەی گراوەکان دەشکی و ورا بە ناچار هەلدێ . لادو هەرچی بلاو کراوەی نەهینیە دەیبا بو مالی غولام .

لە دیمەنی ۱۸ دەبینیین کە پولیس لە مەودایەکی بەرین دا دەس دەکا بە گرتن بەلام چون بە شیوەی رەش بگیریە قازانجیکی وای نییە .

لە دیمەنی ۱۹ ئەژدەر دەچیتە کو بونەوەیەکی ئەندامانی کومیتەوە . لیرەدا نوسەر گوشەیەک لە تیژ بینی لادو نیشان دەدا :

"ئەژدەر کە بینی قسەکانی لادو تەواو بوون هەستا . لادو دای نیشاندەوە بە میهرەبانیەوە دەستی بەسەریا هینا :

- دانیشە ، مەرو پیویستە توزی نان بخوی، دەزانم برسیتە .

ئەژدەر سوور بووە . چون زانی کە ئەم برسیەتی ؟

- ناخوم برسیم نییە .

لادو گوێی نەدایە قسەکەی . دولاّبەکەی کردەوە و کەمی نان وپەنیری دەرهینا لە بەردەم ئەژدەرا دایا و گوتی: -بخو ! سەیری چاوی هەر کەسی ، بکەم دەزانم برسییە یان تیرە . خەلکی برسیم زور بینیوە . بویە هەموو ژیانی خوم بو خەباتلە پینا و جیهانیکی بی برسیتی تەرخان کردووە ....." *

دیمەنی ۲۰ تەرخان کراوە بو نیشان دانی گرتنی بەرینی کارگەران و پیک هاتنی فەزای ترس و سام .

---

* ل/ ۱۴۰

به فەرمانی لینین بریار دەدری کە "لینا" بگویزریتەوە بۆ یەکیک لە شارەکانی ناوەندی روسیە .

خوپیشان دانی گەورەی ئەوەلی مانگی مەی ۱۹۰۲ لە دیمەنی ۲۱ دا نەخش دەکری .

پولیس وژاندرمە هەموو ئەو شوینانە دەگرن کە لەوانەیە تییدا کاریگەران کوبنەوە و یا خوپیشان دانی تیدابکری. کومیتەی ناکو بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو شتانەی کە پولیس دەتوانی بیکا بەرنامەی بۆ هەریوە بردنی خوپیشان دانەکە دارشتووە . بە هەلکردنی ئالای سوور خو پیشاندانەکە دەس پی دەکا . کریکاران وپیاوی دانیشیعاری "مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتوری تزار+ بژی سوسیالیزم " خواستەدیاری کراوەکانی خویان رادەگەینن . بەبریاری کومیتە ئەژدەر بۆ یەکەم جار لە کوبوونەوەیەکی جەماوەری دا قسە دەکا : " برادەرانی کریکار ! ئازادی چینی کریکار لەدەستی خوی دایە . جا چ روسی، ئازەری، گورجی، ئەرمەنی، جولەکە و یان لە هەر نەتەوەیکی تر بی . کریکار کریکارە و سەرمایەدار سەرمایەدارە . پیویستە بی گوی دان بە نەتەوە و نەژاد یەک بگرین و ئالای خەبات بەرز بکەینەوە ."

ئەژدەر بە دەستی ژاندارم و قەزاقەکان دەپیکری و بریندار دەبی .

لە دیمەنی ۲۲ ورا دەبینین کە ئەژدەر دەباتە مالی میرزا حوسین : " وراپیی گوت.

- ببورە میرزا حوسین ئیوەشم تووشی زەحمەت و خەتەر کرد .

میرزا حوسین بە سەر سامیەوە پرسی : - خەتەری چی ؟

ورا بە جوریک وەک بلیی لە دیوارەکانیش بترسی دەنگی نزم کردەوە و گوتی:

- ئەژدەر لە خوپیشان دانا بریندار بوو..... یەکیکە لە شورشگیرەکان

میرزا حوسین زەردە خەنەیەکی ناسکی بۆ کرد . بە دەم رویشتنەوە گوتی :

- ئەگەر بتگوتبا لە گەل چەقۆ کیشاندا یان لە روژی عاشوورا دابرینداربووە هەرگیز ریم نەدەدا بی‌هینیتە مالەکەم*

ورا کاتیک دەیەوی دەسبەجی بچی بۆ ئەنجامدانی ئەرکیک کە کومیتە پیی ئەسپاردووە ، روو دەکاتە ئامینە و بە گوی دادەچرپینی:

- ئامینە لە بیرت نەچی، ئەو لاوەی لەسەر قەنەفەکە راکشاوە دلی زامداری منە ، ئامانەتی توو دلەکەم .*

لە دیمەنی ۲۳ دا ئەژدەر لە ژیر چاوە دیری خانەوادەی میرزا حوسین دایە و وەزعی روو لە باشیە .

لە دیمەنی ۲۴ دا هەمان مەئموری گومرک ورا دەناسیتەوە و شوینی هەلدەکا تا مالی غولام . جاسووس و پولیس دەرژینە مالی غولام . بەیاننامە و بلاوکراوەی زور بە دەس دینن و غولام دەگرن. ئەمە قسەکانی ئەخیری غولامە :

" - ئەمانە چییە ؟

---

* ل۱۵۳

* ل/ ۱۵۳

غولا. زور به هیمنی جووابی دایه‌وه : ـ بلاو کراوه‌ی شورشگیریه.
مه‌سئوولەکه‌یان بلاو کراوه‌کەی بو غولام دریژ کرد : چی لیره نوسراوه ؟
غولام ته‌یاو وه‌کو ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی که له گویز ساغتر بوو به توندی سه‌ری هه‌لبری و به رقه‌وه و به زمانی رووسی هاواری کرد : ـ نوسراوه " بروخی دیکتاتوریتی تزاری بژی شورش و ئازادی ."
مه‌سئوولەکه بلاو کراوه‌یه‌کی تری نیشان دا : ـ ئه‌دی لیره چ نووسراوه ؟
غولام هه‌وه‌ل جارچ ولامیکی نه‌دایه‌وه . پاشان رووی وه‌رگیراو گوتی :
ـ هه‌مووی باسی روخانی ئیوه‌یه . چیدیم لی مه‌پرسه ، چونکه تاقه وشه‌یه‌کم لی ناژنه‌وی ." *
دیمه‌نەکه به‌م جوره ته‌واو ده‌بی:
" غولام قار،مانانه خوی راگرت و تا دووا هه‌ناسه تاقه یه‌ک وشه‌ی نه‌درکاند. بو سبه‌ینه‌ی ئه‌و روژه له ژیر ئه‌شکنجه‌ی پیاو کوژانا گیانی سپارد و له زیندانی بائیل دا شه‌هید بوو ."
میرزا حوسین له دیمه‌نی ۲۵ دا پتر ده‌ناسریت . ئه‌ویشیان به هوی ئازاده بوونه‌وه له کار ده‌ر کردووه .
له دیمه‌نی ۲۶دا ورا ده‌بینین که‌ده‌چی بو دی تا ئه‌رکیک جی به‌جی بکا . جه‌بار به‌گ بۆ ژنه‌که‌ی موختار به‌گ له شه‌مه‌نده‌فه‌ر دا ده‌یبینی. دیته‌وه بیری که ئه‌وی له زه‌ماوه‌ندی مالی موختار به‌گ دیوه .
له دیمه‌نی ۲۷ دا وه‌زعی دی‌یه‌کان باس ده‌کری و جه‌بار به‌گ باشتر ده‌ناسیندری:
" سه‌ره‌رای ئه‌و سه‌رانه و باجانه که به مه‌ئموورانی تزار ده‌درا ، ده‌بوایه باج و سه‌رانه به به‌گیش بده‌ن..... هیشتا له شه‌ری به‌گ رزگار نه‌ببوون له پرمه‌لا و سه‌ید قوت ده‌بوونه‌وه . ئه‌وانت به‌ری نه‌ده‌کرد بازرگان به خوی و ده‌فته‌ری قه‌رزه‌وه ده‌هاتنه کولت. له ئاخریش مه‌ئموورانی تزار جه‌وریان ده‌دان . له فه‌رماندا‌ره‌وه بیگره تا پاسه‌وانی ئاسایی هه‌موو هه‌ر چاویان له باخه‌لی به‌تالی جوتیار بوو .
دیهاتی پاش ئه‌وه‌ی ئه‌م " میوانانه " ی رانی ده‌کرد ده‌که‌وته سه‌ر ساجی عه‌لی، تووره‌که‌ی سوالی ده‌کرده مل و به‌ر ده‌رگای هه‌مان ئاغایانی ده‌گرت...."**
سه‌ر ئه‌نجام دانیشتووانی یه‌کیک له دی‌یه‌کان هه‌لده‌ستن، باج و سه‌رانه نادەن و ئه‌مباریکی جه‌بار به‌گ موسادره ده‌که‌ن . رابه‌ری ئه‌و خه‌بات و هه‌ستانه له ده‌ستی حه‌مه‌جه‌عفه‌ربرای حه‌مه‌عه‌لی دایه . حه‌مه عه‌لی لیره‌ش دا به شیوه‌ی فه‌ردی عه‌مه‌ل ده‌کا . له جه‌بار به‌گ ده‌دا و وه‌زعه‌که ده‌شیوینی . حه‌مه‌جه‌عفه‌ر به ناچار هه لدی و جوتیاره‌کان بی رابه‌ر ده‌مینه‌وه ، جه‌بار به‌گ ته‌نانه‌ت لیباسی به‌ر

---

* ل/ ۱۶۰
** ل/۱۷۶

منالەکانیشیان تالان دەکا ، مالی حەمەجەعفەردەروخینی و ژن و منالەکانی ئاوارەی هەندەران دەکا،حەمەجەعفەر، حەمەعەلی رەوانەی شار دەکا . لە کاتی مال ئاوایی دا ئاوای پی دەلی:

" برو برام ..... بە برادەران و هاوریانی باکو بیژە کە دوو جورە چەکمان بو بنیرن . یەکیکیان باروت و گوللەی راستی بی و ئەوی تریان نووسراوەی باروت و گوللە ئاسا بی.....ئەورو ئەو کارەی تو هەموو گوندەکەی ئازیەبار کرد . لەبری ئەوەی هیز بە دەست وبازووت بدەی، هیز بە میشک و ئەقلت بدە . برو هاوری! کە گەرایتەوە کومەلیکی زورم بە دەورەوە دەبینی....برو.....حەمەعەلی بە کەسەرەوە جووابی دایەوە : راست دەکەی برام . من ئەورو حالی بووم بە لیدانی حیسابدار و بەگ هیچ بە هیچ ناکری . دەبی ئەم رژیمە لە رەگەوە هەلکەندری.... لە رەگەوە . " *

لەدیمەنی ۲۸ دا دەبینین کە گەرچی لە ایستگا دا هەموو ژنەکان و لەوانە ورا بازدید دەکری، بەلام "ئیسکرا " بو پولیس نادوزریتەوە .

لە دیمەنی ۲۹ دا بابی نینا "لادو گستخولی " هاوخەباتی لنین و یەکیک لە ریکخەرانی کومیتەی قفقاز و باکوی حیزبی سوسیال دیموکراتی کریکارانی روسیا ، دەگیری . پولیس کە بە دریژایی چەند مانگو سال لە سەر تا سەری روسیا و بە تایبەت لە باکو بە شوینی دادەگەرا بە هەلکەوت دەیگری، بەلام..... " ئەمەی پاروشینی نیگەران دەکرد ئەوە بوو ئەو لادویەی کە چەندین مانگ و سال کون بە کون بوی دەگەرا ئیستا لە بەر دەستی دا بوو . پاروشین سەری لی شیوابوو. تەحقیقی بی ئەندازە ، ئەشکەنجە و ئازار و تیهەلدانەکانی بەردی دەهینایە قسە، کەچی هەموو ئەمانە لە بەردەم ویستی پولایینی لادو دا هیچ نەبوون . هەموو جاری قسەکانی هەوەل جاری دووبارە دەکردەوە و چ زانیاریەکی بە دەستەوە نەدا ."** گرتنی لادو بەجیگای ئەوە ببیتە هوی ئەوە کە پلەی بەرزتری بدریتی بوو بەهوی ئەوەکە بلین لیهاتوو نیە و لە بەر چاو بکەوی. بیجگە لەوە ترس لە هەلاتنی ئەم رابەرە بە نفوزە خەوی لە پاروشین تال کردبوو . دەس بە کار کردنی سەر لە نوێ "نینا " پاش۶ مانگ خەوتن لە دیمەنی ۳۰ دیتە سەر کاغەز .

حەمەعەلی ئەژدەر دەدوزیتەوە . کومیتە یارمەتی دان بە دی پەسند دەکا و حەمەعەلی دەبیتە رابیتی نیوان شار و دی .

دیمەنی ۳۱ : بەیاننامە بەچوار زمانی رووسی، گورجی، ئازەری و ئەرمەنی لەچاپ دەدری و حەمەعەلی دەیانبا بو دیەکان. کومیتەی باکو ری خستنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری بو ماڵنگی مارس تەدارک دەبینی.

حکومەتیش خەریکە پیلانی جور بەجور لە دژی کاریگەران بگیری . ئەمە لە دیمەنی ۳۲ دا هاتووە لیرە دەبینین کە معاونی فرماندار ی شار یانی لی‌لی یف،رەئیسی

* ل/ ۱۸۳

** ل/ ۱۹۸

پولیس یانی پاروشین و مه‌ئموورێکی ئه‌من که‌له تفلیسه‌وه هاتووه نموونه‌ی ریا کاری، زه‌م کردن و دژایه‌تی له‌گه‌ل خه‌لکی زه‌حمه‌تکیشن . ئه‌وان به بلاو کردنه‌وه‌ی جاسوسی زور چاوه‌روانی ئه‌وه ده‌که‌ن که زه‌بریکی کاریگه‌ر له‌کاریگه‌ران بده‌ن، به‌لام کاریگه‌رانیش وریان .ئه‌و مه‌ئموورێ گومرک که ئه‌منه‌کانی برده مالی غولام گوزارشیکی دور و دریژ دینی که هه‌مووی ده‌سکردی تیکوشه‌رانی کاریگه‌ره .

به پێی ئه‌م گوزارشه کومه‌ته‌ وای داناوه که کوبونه‌وه‌ی رابه‌رانی کاریگه‌ری شاری باکو بگری .

له دیمه‌نی ۳۳ دا لی‌لی یف، پاروشین ومه‌ئموورەکه‌ی تفلیس ده‌بینین که به هیزیکی زوره‌وه ده‌چنه ئه‌و شوینه و هه‌ر کامه‌ تی ده‌کوشن گرتنی‌ئه‌و رابه‌رانه که پیپان وایه ده‌گیردرین، به کاری خو له قه‌لەم بده‌ن . لیره‌دا رقابه‌ت، دروزنی، غه‌یبه‌ت وهه‌مه جوره "صفت" یکی‌خراپ ده‌بینن . له ژیر نیزامی سه‌رمایه‌داری و حکوومه‌تی تزاری دا هه‌موو ئینسانه‌کان گه‌نده‌ل بوون و ئینسان بووه به گورگی ئینسان . ئه‌م گورگانه‌که فریویان خواردووه و ده‌س له پی دریژتر له مه‌ئموورێیه‌ته‌که‌یان گه‌رانه‌وه هه‌ر کامه‌ تی ده‌کوشن تاوانی ئه‌م سه‌ر شوریێیه بخه‌نه ئه‌ستوی ئه‌وی‌تر .

له دیمه‌نی ۳۴ دا که دریژه‌ی دیمه‌نی ۳۳یه کومیته‌ ته‌سمیم ده‌گری که له مانگی مارس دا مانگرتن هایه‌کی گه‌وره بخاته‌ ری.

دیمه‌نی ۳۵ . میرزا قاسم حیسابداری موختاربه‌گ لیستیک له ناوی رابه‌رانی کاریگه‌ری ده‌داته پاروشین . به پێی ئه‌م لیسته زور که‌س ده‌گیرین که چوار که‌سیان ئه‌ندامی کومیته‌ی باکون .

دیمه‌نی ۳۶ : پولیس، ژاندارم و قه‌زاقه‌کان که چاوه‌روانی راپیمایی و خو پیشاندانی مانگی مارس هه‌موو شوینیکیان له ژیر چاودایه . به‌لام کاریگه‌ران بو فریو دان له شوینیکه‌وه خوپیشان دانیکی قه‌ستی ده‌س پی ده‌که‌ن، به‌لام له شوینیکی تر دا راپیمایی و خوپیشان دانه ئه‌سلیه‌که ده‌س پی ده‌کا .

له‌م روژه‌دا بیجگه له ژنانی رووس‌که ئازادانه له خوپیشاندانه‌کان دا به شداری ده‌که‌ن، ژنانی موسلمانیش به چارشیوه‌وه هاتبوون:

ئه‌ژده‌ر " گه‌ییه به‌ر ده‌رگایه‌ک که کومه‌لی ژنی عابا به‌سه‌ر له به‌ر ده‌میا ویستا بوون کوت و پر تارماییه‌ک له ژنه‌کان جودا بووه و له ئه‌ژده‌ر نزیک بووه‌وه . به ئه‌سپایی گازی کرد : ئه‌ژده‌ر ! ئه‌ژده‌ر ئاوری دایه‌وه . به وردی دیقه‌تی دا . عابا ره‌شه‌که‌وه‌کو جالجالوکه به سه‌راپایه‌وه ئالا بوو .ته‌نیا چاوه‌کانی ده‌بینران . ئه‌ژده‌ر به چاوه‌کانیا ناسییه‌وه و به خوشحالییه‌وه گوتی :ئامینه ئه‌وه توش هاتووێت ؟

-منیش هاتووم ئه‌ژده‌ر . ده‌مه‌وی وه‌کو ئه‌م ژنه رووسه قاره‌مانانه به شداری خوپیشاندانه‌که بکه‌م، به‌لام، ئه‌م عابایه‌م لی‌بووه به بلا . ئه‌گه‌ر فریشی بده‌م به‌رد بارانم ده‌که‌ن . " *

له خوپیشاندانی ئه‌م روژه‌دا کاریگه‌رانی ئیرانیش به شدار بوون.

* ل/ ۲۴۹

" میرزا حوسین قسه‌کانی کا برای رووسی بو ئه‌و کریکاره شرِ پوشانه ته‌رجـــه‌مه ده‌کرد که له ئازهربایجانی ئیرانه‌وه هاتبوون."*

له‌م روژه دا میرزا حوسین ده‌گیـــری.

مانگرتن و خوپیشاندان له دیمه‌نی ۳۷ د دریژه‌ی هه‌یه . پولیس فنووسترووا که چیروکه‌که به هاتنی ئه‌و له تفلیسه‌وه ده‌ســـ، پی ده‌کا ده‌گری . خاله نسا ژنی غولام ده‌مری . دایکی ورا و ژن کچه‌که‌ی میرزا حوسین ده‌چنه‌لای ئه‌کبه‌ر. خه‌بات هه‌مووپانی کردووه به یه‌ک خیزان .

دیمه‌نی ۳۸ مانگرتن ته‌واوی کانه‌کان، کارخانه‌کان، شیرکه‌ته‌کان و کارگاکـــانی داگرتووه. له هه‌موو شوینیک کوبوونه‌وه‌ی کاریگه‌ری وخوپیشان دانه . داخـــوازی کریکاران به رووتی له نوسراوه‌کانی "نینا " داهاتووه . رابه‌ران ئه‌م داخوازانه له کوبونه‌وه‌کاندا رووتر ده‌که‌نه‌وه . ته‌واوی دوژمنان لـه‌دژی کاریگه‌ران یـه‌کیان گرتووه : هیزه چه‌کداره‌کانی حکوومه‌ت، پان تورکیسته‌کان، پان ئیسلامیسته‌کـــان و داشناکه‌کان که هیزیکی کونه‌په‌رستی بورژوازی ئه‌رمه‌نستان بوو، له شوینیک مه‌لایه‌ک ئاواى ده‌وت :

"نابی ئایین و میلله‌تتان فه‌راموش که‌ن . تیکه‌لی ئه‌م زه‌ندیقانه مه‌بن . وه‌رن با بروین باگویمان له قسه‌کانیان نه‌بی . " ** کابرای مه‌لا ژماره‌یه‌کی که‌م له ریزی کارگه‌رانی تیکوشه‌ر جودا ده‌کاته‌وه و له گه‌ل خو ده‌یانبا . له ریگا ده‌گاته پولیسیک ده‌لی :

" ئه‌مانه‌شم هیناوه‌ته سه‌ر ریگای دین . بزانه ، ده‌یانه‌وی بو مالی خـــویان برونه‌وه ..... تکایه ئه‌مه بو جه‌نابی فه‌رمانده‌ش بگیره‌وه . " ***

کتیبی " ده‌بی چ بکری ؟ " لنین که "نینا " سه‌ر له نوی چاپی کردبوو له‌م‌روژه‌دا به به‌رینی بلاو کرایه‌وه .

دیمه‌نی ۳۹ به نیشان دانی ئه‌ژده‌ر و ورا له قه‌راخ ده‌ریای خه‌زه‌ر دا ده‌س پـــی ده‌کا . هه‌ردووکیان خه‌ریکی قسه‌و باسن :

" ئه‌ری که‌ی شایی یـه‌که‌مان بکه‌ین؟ " ئه‌مه پرسیاری ئه‌ژده‌ر له ورایه . دوو دلداری به‌تاسه چاوه‌روانی ئه‌وه‌ن ده‌رفه‌تیک برەخسی و ببن به ژن و شوو. به‌لام زه‌مانی کیشه‌ی توندی چینایه‌تیه و بورژوازی زه‌ماوه‌ندی خوینی بو ته‌داره‌ک بینیون. له‌و روژه دا ورا له کوبونه‌وه‌یه‌کی به‌رینی کاریگه‌ری دا خه‌ریکی بلاو کردنه‌وه‌ی " ده‌بـــی چ بکری؟ "یه :

" - خوشکم کتیبی له‌وه‌ی لینین بده منیش .

ورا به پله له دیواره‌که نزیک بووه‌وه . ده‌ستی دریژ کرد له‌م کاته‌دا گوللـه‌یه‌ک ته‌قینرا ، کریکاره پیره‌که تلی دا و له دیواره‌که که‌وته خواری .گوللـــه‌ی دووه‌م....

---

* ل/ ۲۵۱

*** و** لاپه‌ره‌ی ۵....۲۶۷

ورا دەستی بە سینگیەوە گرت و هاواری کرد. کتیبەکە لە دەستی کەوت . ورا کەوتە سەر زەوی.

ئەو خوینەی لە سینگیەوە فوارەی دەکرد لەشی و کتیبەکەی سوور کرد. گوللەی پولیسەکەریک لە بەر دلی ورا کەوتبوو . " *

ئەژدەر هەر لەم روژەدا ، لە حالیکدا کە لەشی بی گیانی ورای جوان و بویری لە باوەش دایە دەگیرێ . هیچ جورە ئەشکەنجەیەک ئیرادەی پولیسی تیک ناشکینی . هەوالی گیان بەخت کردنی لادوی مەزن لیرە دەبیسی .

دیمەنی ۴۰ . " نینا " دووبارەکاری خوی دەس پی دەکاتەوە . گول ئارا هاوسەری میرزا حوسین و ئامینە کچەکەی خەریکی تیکوشانی شورشگیرانەن . ئامینە جیگای ورای جوانەمەرگی گرتوتەوە . ئەکبەر هەلسووراوانە بە شوینی جیپیی بابی، غولامی نەبەز، دا رویشتووە .ئەژدەر بە یارمەتی کومیتەی باکو لە زیندان هەلدێ . چیروکەکە بەم جورە تەواو دەبی :

" ئەکبەر بە دەنگیکی پیاوانە ولامی دایەوە : ـ ئەژدەر هەول دەدەم جیی باوکم پر بکەمەوە . کە ئەویان کوشت بیریان لەوە نەکردەوە کە روژی دی کورەکەی گەورە دەبی و دریژە بە کارەکەی باوکی دەدا . هەلویستەیەکی کرد و ئەوجا بە شانازییەوە لە سەری روبی : من ئیدی هەموو هاوریانی هاو سەنگەر و هاوخەباتی بابم دەناسم محمد یاروف و دادا شوف فیری پەخش کردنەوەی ئەدەبیاتی نەهینیان کردووم.هاوری پیوتر چونیاتف، هاوری مەشەدی عەزیز بیگوف، هاوری فیولتوف و هاوری خانلار بە بەرهەم و بیرەکانی لینین ئاشنام دەکەن .

ئەژدەر پی کەنی . لەو روژەوە کە گیرابوو ئەمە یەکەم جاری بوو کە پی بکەنی ـ ئەکبەر بە راستی کوری غولامی ! بەربی ئەوا دەرویت . ئەو هەمیشە موتالای دەکرد سەرەرای ژیانی پر لە مەینەتی و نەخوشی هەمیشە کتیبەکانی لینینی بە دەستەوە بوو . هەولی دەدا لە گوشەی نیگای لینینەوە بروانیتە خەبات..

ئەکبەر بە شانازییەوە گوتی : ـ ئەو بە سەر بەرزی ژیا و قارەمانانە شەهید بوو . دەبی منیش وەک ئەو بم . لە پر دنیا روونا کتر بوو . دەریای خەزەر لە دوورەوە و لە نیو تەمیکی چرەوە پیکەنی . هەتا و لە ئاسوی باکو وە هەلدەهات**"

جیگە و شوینی تاریخی "نینا "

چیروکی "نینا " لە سالی ۱۹۴۹ کەوتە بەردەستی خوینەر . لەو سالانەدا بوژوازی مەس و بەدەسەلاتی شوورەوی بینای ولاتیکی بە هیزی بورژوازیی لە سەر شانی پرولیتاریا دادەنا . پەرەدان بە پیس‌ترین شوینیزمی روسی و قینی میللی لەدژی میللەتەکانی تر ئەو وەسیلەیە بوو کە بورژوازی بە دەستیەوە گرتبوو تا رەگی

* ل/ ۲۷۲

** ل/ ۲۹۲

حه ماسی پرولیتاریا بجولینی و شیله‌ی گیانی بمژی . بورژوازی که به به‌کوشتدانی ۲۰ میلیون له خه‌لک له جه‌نگیکی جیهانی‌دا سه‌رکه‌وتبوو، ده‌یه‌ویست له‌م ده‌سکه‌وته گ لک وه‌ربگری و ئاواتی ده‌یان ساله‌ی بورژوازی گه‌وره‌ی روسیا یانی زال بوون به سه‌ر به‌شیک له دونیا دا، به‌دی بینی . ئه‌م چینه هه‌موو ئامرازیکی بو ئه‌م مه‌به‌سته به ده‌سته‌وه گرتبوو که یه‌کیک له‌وانه هونه‌ر و ئه‌ده‌بیات بوو . ئازادی بی قه‌ید و شه‌رتی فعالیه‌تی سیاسی و ئه‌و ئازادی به‌یانه که له‌ژیر رابه‌ری حیزبی بلشویک له زه‌مانی لنین دا و له‌ژیر ده‌سه‌لاتی شووره‌ای کریکاران دا به ده‌س هاتبوو ده‌میک بوو چال کرابوو . بورژوازی نوسه‌ران و هونه‌رمه‌ندانی ده خسته شه‌رایه‌تیکی وه‌هاوه تا ئه‌و به‌رهه‌مانه بخولقینن که بورژوازی پیویستیه‌تی . ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر ره‌خت و زوری ئاشکراش پیویست بووبا درندانه به کاریان ده‌هینا . ایزنشتین که روژگاری، به هوی یارمه‌تی و رینوینی پرولت کولته‌وه " رزمناوی پوتمکین" ی ده‌رهینا بوو خه‌ریکی خولقاندنی به‌رهه‌می وه‌ک " ئیقانی ترسناک" بوو که ئه‌ویش به ته‌واوی به دلی بورژوازی به ده‌سته‌لات نه‌بوو و خستیانه ژیر گه‌لیک زه‌خته‌وه . فادایف که له‌جه‌وی شورشگیرانه و ئازادی پاش شورشی ئوکتوبر به‌رهه‌میک وه‌کو"شکست " ی ده‌نووسی، پاش تیک‌شکانی حکوومه‌تی کاریگه‌ری و زال بوونی بورژوازی ده‌ستی دایه نووسینی به‌رهه‌می ناسیونالیستی "گاردی‌جه‌وان" که چی حیزبی به نیو کومونیست که ده‌وری نه‌بووی خوی تیدا که‌م ره‌نگ ده‌دی ئه‌وه‌نده زه‌ختی به سه‌ر ئه‌و نوسه‌ره دا هینا که ریگایه‌کی بو نه‌ماوه بیجگه له‌وه که خوی بکوژی .

هه‌ر له‌م ساله‌نه دا که بیره‌وه‌ریه جه‌نگییه‌کان ئه‌م جنرال و ئه‌و مارشال بازاری پر کردبوو و زه‌ینی کریکار و جه‌ماوه‌ری زه‌حمه‌تکیشی شه‌لالی ژه‌هر ده‌کرد .

له حال وشه‌رایتیکی وا دا سابت ره‌حمان له خه‌لافی جه‌ریان مه‌له‌ی کرد . ئه‌و به‌جیگه‌ی ئه‌وه که‌ئه‌م مارشال و ئه‌و کریکاری له ژیر بیروباوه‌ری‌بورژوازی که‌وتوو، بکا به نمسوونه و تیپ، گه‌رایه‌وه بو ساله‌کانی پیشتر ورابه‌رانی دلسوز، بویرو خوبه‌ختکه‌ر پرولیتاریای به نموونه هینایه‌وه . ئه‌وه‌ی جیگای سه‌رنجه ئه‌وه‌یه که نیوی استالین، که له‌و ده‌وره‌دا کرابوو به خودایه‌کی ده‌سکرد، ته‌نیا له‌یک شوین و به نازناوی " سوسو " هاتووه .

لایه‌نی به‌هیز و خاله لاوازه‌کان:

ئه‌م چیروکه له کاتیکدا ده‌که‌ویته به‌ر ده‌ستی کاریگه‌ر که به قوولی نیازی به‌ریکخراوی تایبه‌تی خوی هه‌یه و ده‌بی شیوه کاری کومونیستی و بلشویکی له ژیر دیواره روخاوه‌کانی ریوزیونیسم دا بدوزیته‌وه . ئیمرو که ئه‌گه‌ر کاریگه‌ری پرسیار بکا : ریکخراوی حیزبی و کومونیستی چون کار ده‌کا ؟ رابه‌ری کومونیست به چ شیوه‌یه‌ک خه‌بات ده‌باته پیش و له کامه مکانیزمی نیو کاریگه‌ران که‌لک وه‌ر ده‌گری؟ کریکاریکی کومونیست چون به شیوه‌یه‌کی ریکخراو و به دیسیپلین خه‌بات ده‌کا ؟

ده‌توانین بلیین : بچو " نینا " بخوینه‌وه !

ئه‌گه‌ر که‌سیک بپرسی : چون ده‌کری به که‌لک وه‌رگرتن له هیزی جه‌ماوه‌ر را به‌ران بپاریزرین ؟ تیکوشه‌ر بوون و راوه‌ستاوی و خوراگربوونی کاریگه‌ری یانی چی ؟ قازانجی هه‌بوونی ئاسو له خه‌بات دا و روون بوونی ریگا یانی چی ؟ تاکتیکی گریکاری چییه و قازانجی چیه ؟چون ده‌کری‌هه‌میشه له بیری خه‌بات، کاروژیانی کاریگه‌ران دابی؟ چون ده‌کری تویژه‌کانی تری کومه‌ل بهینیته نیو خه‌بات؟ ده‌توانین بلین : بچو " نینا " بخوینه‌وه ! ئه‌گه‌ر که‌سیک پرسیار بکا :بیر و بروای کومونیستی چون ریگا بو کاری شورشگیرانه روون ده‌کاته‌وه و خه‌باتکار له سه‌ر ریگا قورس و قایم رادەگری ؟ واقع بینی کومونیستی و کاریگه‌ری چیه ؟ جی و شوینی تئوری بو کاریگه‌ری تیکوشه‌ر و کومونیست چیه ؟ چون مه‌زهه‌ب، له دژی خه‌باتی رزگاریبه‌خشی کاریگه‌ری ده‌ور ده‌بینی ؟ چون کویله‌بوونی ژنان به زیانی کاریگه‌رانه ؟ ده‌توانین بلین : بچو "نینا" بخوینه‌وه !

" نینا"ئه‌و به‌رهه‌مه‌یه که هه‌موو ئه‌مانه‌ی به که‌لک وه‌رگرتن لێکردەوه‌ی تاریخی کاریگه‌ران و خه‌لکی زولم لیکراوی باکو و ده‌ور و به‌ری، و هه‌روه‌ها به‌نه‌خش کردنی زیندوو و واقیعی را به‌رانی گریکاری به باشترین شیوه نیشان داوه .

له باری هونه‌رییه‌وه هه‌موو شتیک له ئاستیکی به‌رز دایه . هه‌ر له ئه‌وه‌له‌وه زور به‌کورتی و به وریائیه‌وه نیشان ده‌دری کومیته‌یه‌کی کاریگه‌ری را به‌ری خه‌باتی کاریگه‌رانی باکویه که ،پیوه‌ندی به شوینکی تره‌وه هه‌یه . پاشان نوسه‌ر ده‌ستی خوینه‌ر ده‌گری و هه‌نگاو به هه‌نگاو ده‌یباته ناخی خه‌باتی ریکخراوی کاریگه‌رانه وه دوژمن له شوینی کار و ژیانیدا ده‌ناسینی . ئه‌وه‌ی له ده‌ره‌وه روو ده‌دا ده‌سبه‌جی له له‌ژیان و شیوه کاری دوست و دوژمن دا ره‌نگ ده‌داته‌وه . به‌پیی کرده‌وه‌ی وشیارانه و یان ناوشیارانه هه‌موو چاره نووسیک له سه‌ر یاساکانی زال به سه‌ر ئال و گوره کومه‌لایه‌تیه‌کاندا دیاری ده‌کری.. هیچ‌به‌ش و که‌سیک نیه که جیگا و شوینی خوی ته‌بی . ناکری له هیچ رووداویک چاو پوشی بکری . چونکه نوسه‌ر به توانیکی خولقینه‌ر و هونه‌ر مه‌ندانه‌وه هه‌موو به‌شه‌کان، که‌سه‌کان و رووداوه‌کانی وه‌ها هه‌لبژاردووه که به نه‌تیجه‌یه‌کی مه‌نتیقی بگا . ره‌وتی رووداوه‌کان به پیی پراتیکی شورشگیرانه و ریکخراو وه‌ها ده‌چیته پیش که هه‌ر که‌سه ده‌لی شتیوا یان رووداوی وه‌ها ده‌توانی رووبدا . بویه‌ش خوینه‌ر له هه‌رکام له‌به‌شه‌کانی ئه‌م شاکاره ده‌رسی خوی وه‌رده‌گری . ئه‌لبه‌ت لایه‌نی به هیزی "نینا " زوز زیاتر له‌مانه‌یه . من ته‌نیا توانیم به به‌شیکی ئیشاره بکه‌م . ئیستا چه‌ند خالی لاوازیش ده‌خه‌مه به‌ر چاو :

له ئه‌ده‌بیاتی چه‌پی سونه‌تی دا وا باوه که که‌سه‌کان نه‌توانن و ئیجازه پیدا نه‌که‌ن هه‌موو هه‌ست و عاطفه‌ی خویان ده‌ربرن. ئه‌مه سونه‌تی ئیسلامی و دواکه‌وتووه که‌به جیی هیشتووه و به سه‌ر ئه‌و شیوه ئه‌ده‌بیاته دا زاله . ئه‌م که‌موکوریه له " نینا " ش شوینه‌واری خوی به جی هیشتووه . خوشه‌ویستیه‌کی قوول له نیوان

رابەرانی کاریگەری دا هەیە و یا عیشقی نیوان کەسی وەک ورا و ئەژدەر بـــە لاوازی دەخریتە بەر چاوی خوینەر . دلنیام کە مەرگی غولام و لادو لەوەختی خوی دائـاوری لە هەناوی کاریگەران بەرداوە و قینو تووڕەییەکی دریژخایەنی لە دلیـــــان دا هەلگیرساندووە . بەلام لە چیرۆکەکە دا ئەم تەئسیرە زور زور کەم رەنگە . بە کورتی دەکری بلیین ئەم لاوازیە بووتە هوی ئەوە کە کەسەکان بەو ئەندازەی کە بـــوون، زیندوو نەخش نەکرین .

لایەنی بی هیزی تر کە دەبیندری ئەوەیە کە بەو ئەندازەی کە ژیان، شەرایەتی کارو پراتیک و تاقی کردنەوە ، تووشی ئال و گور دەبن کەسەکان تووشی ئال و گورنابن.بـــو وینە کەسی وەکو لادو لە ماوەی دووسال دا هەر وا دەمینیتەوە کە لە ئەوەل دیمەن دا دەبیندری . ئەمە بە تایبەت لە کەسە خراپ و مەنفیەکان دابەرچاوتـــــرە . سەرمایەداران وەکوو موختاربەگ، پاروشین، میرزاقاسم، لیلیف و..... نمونەی بەرچاوی ریاکاری، دروزنی،وەحشیگەری و دژیەتی لەگەل ئینسانی زەحمەتکیشان.ئەمانە هەر هەموویان، بەرانبەر بە بالادەست وەکو مشکن و بەرانبەر بە ژیر دەست گـورگی هارن . راستە نوسەر ئەوەی نیشان داوە کە پا بەپای پەرە ئەستاندنی خەبـــاتـــی کریکاری وەحشیگەری زیاد دەکا . بەلام ئەوەندەی بە دەروونی کەســـــــەکـــان هەلدەگەریتەوە ، ئەوانە هەرلەئەوەلەوە هەروان و تا ئاخریش هەروا دەمیننـــــەوە . تەنیا ئالوگوریک کە دەبیندریلە ورا ،ئەژدەر،گولئارا ،ئامینەوئەکبەر دا نیشان دراوە کە ئەویش ئەو بەشە لە ئال و گوری ئینسانیە کە هەموو کەسیک دەتوانی بە چـــــاو ببینی . ئەو ئال و گورانە کە چاوی تیژ دەیانبینی و لە رەوتی تاقی کردنەوەیەکی ئاوا بەرین و بەهیز دا بە زوری روو دەدەن، لە کەسەکان دا نیشان نەدراون . تەنیا کەسیک ئال و گوریکی باشی بە سەر دادی حەمە عەلیە .

بە گشتی دەتوانم بلیم ئەدبیاتی چەپی سوننەتی هەموو تایبەت مەندیەکـانـــی چین لە ئەفرادیش دا دەبینێ . یانی ئەگەر بورژوازی چەوسینەر، دژی ئینـســان، وەحشی، ربا کار و دروزنە، هەموو ئەو کەسانەی کە بەشی لەم چینەنبی ئەم لا و ئـەولا هەموو ئەم تایبەتمەندیانەیان، هەر لە هەوەلەوە هەیە . دەلیی ویژەگی ئینســـان زکماکە . لایەنی لاوازی و خراپی کەسەموسبـــەتەکانیش زور بە کەمی دەخریتە بەرچاو. لایەنگریلە پرولیتاریا نە مانای چاوپوشی لە کەم و کوری کاریگەران و رابەرانـــــی کاریگەریە ونە مانای ئەمەیە کە هەموو خراپەیەک لە ئەفرادی بورژوا ببینی .

دەبارەی داخوازەکانیش بە کورتی دەلیم : تا ئەو جیگەیە خودی خەبـــاتـــە واقعیەکە دەخریتەبەرچاو، داوخوازەکانی کاریگەران جیگای خویان دەدوزنـــــەوە و گرینگی خویان پی دەدری . بەلام ئەوکات کە بە لیکولینەوە باسیان دەکری جار بە جار بە سووکی تەماشای دەکری . راستە ۴ ـ ۱۹۰۲ لایەنی سیاسی خەبات هەردەهات قورستر دەبوو، بەلام ئەوکاتیش خەباتی اقتصادی گرنگی خوی بووە . هەر لـــەیەکەم دیمەن دا پیوتر چونیاتف داوخوازی وەک کەم کردنەوەی سەعاتی کار، حەقی حەمام کردن و پوولی سابون بە داواکاریکی بنەرەتی دانانی و دەلی :

" ئەم جورە مانگرتنە بە لای سەرمایەدارانەوە گەمەی منالن چ ـاوا کاریکی بنەرەتی تیدا نییە ....." * لە شوینیکیتر نووسەر وا دەلی :

" ئەو دەمانە ریکخراویکی ئەوتو لە ئارا دا نەبوو کە بتوانی رییەری بزوتنە وەی کریکارانی باکو بکات . تەنیا ئەوە هەبوو کە کەسانی شورشگیری ئیڤان ئاسایی جارجارە کریکارانیان هان دەدا و بو ۲ - ۳ روژ مانیان دەگرت. بەلام زوو دادەمرکایەوە . هەندی داوکاری ئابوریان دەخستەروو ....." ** و بایەخیکی وا بو خەباتی اقتصادی دانانی .

ئەلبەت ئەوە دەزانین کە لەو سالانەدا اکونومیستەکان دەیان ویست چینی کاریگەر لە خەباتی سیاسی دوور بکەنەوە و رابەری ئەو مەیدانە بدەن بە دەس بورژوازیەوە . بەلام چەپی سونەتی لە خەباتی بلشویکەکان لە دژی اکونومیستەکان بە قازانجی وچونی بورژوایانەی خویان کەلکیان وەرگرت و بە کردەوە لە دژی خەباتی اقتصادی راوەستان . گەرچی ئەم لایەنە لە چیروکەکە دا کەم رەنگە بەلام بە هوی ئەوەوە کە چەپی سونەتی بە دریژایی دەیان سال هەولی داوە موبارزەی اقتصادی لە بەر چاوی کاریگەران بخا ، پیویست بوو ئیشارەیەکیش بەم لایەنە بکریّ .

۷۰ / ۱ / ۹

---

* ل/ ۱۰

** ل/ ۱۸

شاعیری به نیو بانگ هەژاری موکریانی زستانی رابوردوو بو هەمیشە چاوی لیک نا. بەم بونەوە، ئەم نووسراوەی ریبوواری شاعیر بلاو دەکەینەوە کە پیشتر لە رادیو کومەلەوە بلاو بووەتەوە.

"پیشەنگ"

حیزبی دیموکراتیش هەژاری گرتە باوەش

وەک هەموو ئاگادارن لە ئاخری زستانی ٦٩ دا جمهووری ئیسلامی بە بونەی مەرگی هەژارەوە شینی گیراو ئەو شاعیرەی زور بەریز گرت.

حیزبە دیموکراتەکانیش هەرتک لایان دنگیان ئاویتەی کاروانی شین گیرانی ئەو شاعیرە کردوە و تیر و پر تەعریفیان کردوە. لە ئورگانە رەسمیەکانیشیاندا (هەرتک روژنامەی "کوردستان"، ژمارەی مانگی رەشەمە- مارسی ١٩٩١-) مەتلەبیان چاپ کردوە و نیشانیان داوە "شەندە لە مەندە کەمتر نیە!".

حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئەوەی قەدیمی) لە روژنامەکەیدا بە ناوی "کوردستان" لەم بارەوە دەلی:

هەژار... یەکیک بوو لە عاشقانی بە راستی ریگای رزگاری کوردستان!

وەیرای هینانەوەی ژیان نامە و لیستەیی بەرهەمەکانیشی دەلی:

شیعری هەژار هەمیشە و دایم لە خزمەتی خستنە رووی جینایاتی دوژمنانی کوردا بووە.

پاشان هەژار دەکاتە "دەریای بی کەرانی عیلم و هونەر و فەرهەنگ" و "گەورەترین ئەدیب و ئوستاد لە زمانی کوردی دا" و بە دوای ئەوەشدا دەلی:

دروّ نیە ئەگەر بلین شەخسییەتی شورشگیرانەی هەژار لە شەخسییەتی ئەدەبیشی بالاترە!

ئورگانی حیزبی دیموکرات ریبه‌رایه‌تی شورشگیریش (هه‌ربه‌ناوی کوردستان)ده‌لی:

...بو مه‌رگی هه‌ژار ... خه‌باتکارانی گه‌لی کورد شینیان گیرا؛ چونکو "ماموستا هه‌ژار" له پیناو ئازادی خه‌لکی خویدا هه‌موو ژیانی ته‌رخان کردبوو.

ئه‌میش ژیان نامه‌یه‌کی ده‌گیریته‌وه و لیستیک له به‌رهه‌مه‌کانی ریز ده‌کا، بی ئه‌وه‌ی تخوونی مضموونی ئه‌وانه بکه‌وی. ویرای ئه‌وه‌ش ده‌لی:

ئه‌و، شانبه‌شانی خزمه‌ت کردن به ئامانجی گه‌لی کورد و تیکوشان بو ئازادی ئه‌م خه‌لکه به‌ش مه‌ینه‌ته ستەملێ‌چووه، بیر و قه‌له‌می بو چرکه‌یه‌کیش رانه‌وه‌ستا ...دلی هه‌ژار ده‌ریایه‌ک بوو پرپر له گه‌وهه‌ری پر بایه‌خ ...

دیسانیش ده‌لی:

هه‌ژار هه‌لویه‌ک بوو له ئاسمانی شیعر و ئه‌ده‌ب دا که هه‌رگیز به‌رانبه‌ر به زوردارانی قالاو سیفه‌ت، خوی له بوگه‌نیوی چاکر منشی‌یه‌وه نه‌دا و هه‌میشه و دایم سه‌ربه‌رز ژیاو و سه‌رفه‌رازیش مرد.

ئه‌مانه به‌ئاشکرا ته‌حریفی واقیعییه‌تی شه‌خسییه‌تی ئه‌و شاعیره‌ن! هیندە ئاشکرا که پیویست ناکا بچینه سه‌ر لیکولینه‌وه‌ی هه‌موو به‌رهه‌مه‌کانی هه‌ژار و هه‌رچاوگیرانیک به سه‌ر دیوانه مه‌شهوره‌که‌ی دا به ناوی"بو کوردستان" کافی‌یه که په‌رده له سه‌ر ئه‌م ته‌حریفه لابدا.

دیوانی "بو کوردستان" زوربه‌ی شیعره‌کانی هه‌ژار (بیجگه له ته‌رجه‌مه‌کانی) له ساله‌کانی ۳۰یه‌وه هه‌تا ۶۰ یانی شیعره‌کانی ۱۹۵۰ تا ۱۹۸۰ای ده‌گریته‌وه و پاش ئه‌وه‌ش وه‌ک خوی ده‌لی" له شیعر دوور که‌وتوه‌ته‌وه".

کاتیک لاپه‌ره‌کانی ئه‌م دیوانه مه‌شهوره‌ی "هه‌ژار" هه‌ل ده‌ده‌یته‌وه، کوگایه‌ک له کونه په‌ره‌ستانه‌ترین ئیده ده‌بینی، به کونترین شیوه‌ی شیعری و لیت روون ده‌بیته‌وه که جمهووری ئیسلامی به بونی ئه‌م ئیرتیجاعه سه‌رمه‌ست بووه وا هه‌ژاری کردوه‌ته ده‌رزی به‌رکوژه و ئاوا له ئامیزی گرتوه. حیزبه دیموکراته‌کانیش ئه‌ویان نایه‌وی و ئه‌میان ناتوانی ئه‌و حه‌قیقه‌ته به خه‌لکی کوردستان بلین، هیچ، به‌په‌له‌شن تا له کاروانی مورته‌جعینی شین گیر دوا نه‌که‌ون.

له‌م دیوانه دا، بیجگه له شیوه‌ی کون و کلاسیک که روژی ئه‌مرو هیچ شاعیریکی پیشره‌و ناتوانی تی‌یدا بمینیته‌وه، بیجگه له لاتاو دان له شیعری نوی، پره له فه‌رهه‌نگیکی ناشیرین و پر له چنیو و دواکه‌وتوه. شوڤینیزمی دژبه فارس و عه‌ره‌ب تی‌یدا شه‌پول ده‌دا و به ته‌وهینه‌وه به تورک و فارس ده‌لی: "حه‌جه‌م" * به عه‌ره‌بیش ده‌لی "عاره‌و" !

---

* حه‌جه‌م: یانی لال و تور، کاتی خوی عه‌ره‌ب به غه‌یره عه‌ره‌بیان ده‌کوت لال و زمان نه‌زان؛ عه‌جه‌م.

لەم دیوانەدا، لە جیاتی دژایەتی شۆرشگیرانەی داگیرکەران - یان ئەو جورەی حیزبی دیموکرات دەینیتە ملی، "تازدیخوازانە" - ناوونانتورە و جنیوی ناشیرین بە هەموو فارس و تورک و عەرەب دەلی و بە حیوانیان دادەنی و نەک هەر ئەوان هەلخەلەتاوانی کوردیش هەر دەباتەریزی حەیوانەوە:

ببینی سوبسنی و گەورکان مەلکە مووتەر فارس و تورکان
با بچیتە مەلبەندی مەنگور کوری بە گوری عەجەم درا!
لاپەرەی ۶۵

چەن عەجەم لە شوین ئەم جووتەن وەک تولەن بە کلکە سووتەن

یان لە قەسیدەی "بەرەو موکریان"ی هەر ئەم دیوانەدا بیرەوەری شەریک دەگیریتەوە و دەلی:

ناوی بەرزت لە سەرووی بەرزان بوو بو گورگ لاشە عەجەم هەرزان بوو
لاپەرەی ۱۱۶

یان دەلی:

هەربینا شورشەکەت هاتەوە گەر سەر نەوی بوو عەجەمی پاشەل تەر

هەر لەم "بەرەو موکریان"ەدا بیرەوەری شەریک لە کوردستانی عیراقیش دەگیریتەوە کە دەلی:

کی پەنای گرت لە رهیلەی توپان چەندسەکەت بوون عەرەب وجاش توپان
سەردەمی خەنجەری کورد هاتەوە گەر سەری وشکی دەبری و گوشتی تەر
خوینی پیسی لەشی سیسی عەرەبان گور و فیچقەی بوو لە سەر تیغی دەبان
لاپەرەی ۱۴۵

لەم جورە ناوونانتورانە هیندە زورن کە وەک خوی مەسەلەن لە لاپەرەی ۱۹۸دا باسی دەکا، تەنانەت هەندیک لە کەسانی دەور و بەری خوی لەو سەردەمەدا (سالی ۱۹۶۹) هیرش دەکەنە سەری و پیی دەلین "کونەپەرەست کە جنیو بە میللەتەکانی تر دەدا" و پیی دەلین "موهەرریج" یانی دەلەقک! مەبەستیان دەلەقکی بارەگای بارزانییە؛ کە دەور و نەقشی جەرەیانی بارزانی و دەوری هەژار لە نیو ئەو جەرەیانە دا خوی داستانیکی ترە و ئیستا لەم باسە دا ناگونجی.

ناسیونالیزمی کویر و تەنگ نەزەر کە وەک خوی مەسەلەن لە لاپەرەی ۱۹۸دا باسی دەکا، تەنانەت هەندیک لە کەسانی دەور و بەری خوی لەو سەردەمەدا (سالی ۱۹۶۹) هیرش دەکەنە سەری و پیی دەلین "کونەپەرەست کە جنیو بە میللەتەکانی تر دەدا" و پیی دەلین "موهەرریج" یانی دەلەقک! مەبەستیان دەلەقکی بارەگای بارزانییە؛ کە دەور و نەقشی جەرەیانی بارزانی و دەوری هەژار لە نیو ئەو جەرە - یانەدا خوی داستانیکی ترە و ئیستا لەم باسەدا ناگونجی.

ناسیونالیزمی کویر و تەنگ نەزەر کە "هەژار" بە ناشکرا و بە هەر بەهانەیەک بە نظم و بە نثر شانازی پیوە دەکا فەرهەنگیکی پیاو سالار و شوڤینیستی دژ بە ژنی لە گەل خو هیناوە کە تەنانەت هەندیک جار لومپەنانەیە؛

ئەوەش کە هەژار لە سەرەتای بەشی دووهەم دا دەلی ئەمانەی بو "زاخاوی میشک" هیناوە، هیچ لە بوگەنیوی کەم ناکاتەوە و، تەنانەت ئەوە دەر دەخاکە ئەم "ماموستایە" بە چی زاخاوی میشکی خوی و خوینەرانی دەداتەوە!

واقیعییەت ئەوەیە کە ئەم شوڤینیزمی دژ بە ژنە هەندیک جار هیندە زەقە و تیکەلاوی قسەی پیس و لومپەنیزم دەبی کە بو ئەوە نابی ئیمە لیرەدا وەک نموونەش

بیهینینه وه و، ناچارین بلین هه ر که س ده یه وی ئه وانه ببینی، سه ریک بکیشیته نیو دیوانه که و ببینی! بو نموونه هه لبه ستی" ژن و سه ماوه ر" له لاپه ره ی ۲۳۵ دا بخوینیته وه ؛ یان "له دلی نه داوه" له لاپه ره ی ۲۴۹، یان "که رسنه ی ژن" ۲۵۷ ؛ یان " ده بوو بیزانیبا " ۲۵۹، یان "دلو به ده هول" و زور هه لبه ستی تر که ناکری پیی بلیی شیعر به لکو هه ندیک لاتاو و قسه و نه سیحه ت و مه ته ل نه قلی مه لای مه زبووره ن که کراونه ته هه لبه ست! ئه ویش به و فه رهه نگه که باسم کرد.

نموونه یه کی ئه هوه ن تری لیره دا دینمه وه : پارچه هه لبه ستیک له ناوی "که می له بیره" له لاپه ره ی ۲۵۰

کور به دایکی کوت: بیجگه له باوه چند شووی ترت بوون؟ وه رامی داوه
نومیرد له وهوزی و نویان له م هوزی دوو نوش له هوزی نه وروزه قوزی
نو هه رله به رتا و خویان ده دوزی نوشیان نیوه ی سال ده ژیان بی روزی
شه شه و شه شان و شه شیکی تریش وره ی ئامان و ره شیکی تریش ..
به خوا روله گیان ده ست به هه ویرم وره میرده کان که م دینه بیرم !

هه ر وه ک کوتم، ئه مه نموونه یه کی زور ئه هوه ن و به ئه ده به ، له چاو ئه وانه ی که پیشتر ناو نیشانم داون!

ئه م فه رهه نگه ناشیرینه ، خوی، له ناسیونالیزمیکی کویر و ته نگ نه زه رده وه شیته وه که له ئه شکالی تری ناسیونالیزمیش دواکه وتووتره و هه ر ده لیی له دنیای ئه مرو دا ناژی! جه ماوه ر به ره و رابوردوو ده گیریته وه و چاویان له وه ی مودیرنه وه ردەگیری؛ ئه وه جوانی ناسی یه که یه تی و به حیکایه تی " بوق و گامیش" و "شوربا و پشکه ل" نه سیحه تی خوینه ر ده کا که من پیم وانی یه له نیو دواکه وتووترین ئه قشاریش دا گویگریک بو نه سیحه ته کانی په یدا ببی. ئاوا ته ماشای ئینسان و نیوه ی کومه لی به شه ری، یانی ژن، ده کا و رابیته ی ئینسانی نیوان ژن و پیاو ئاوا ناشیرین ده نوینی! ئه مانه هه مووی تان و پوی خورافه ی ناسیونالیزمیکی هه ره دواکه وتوه که نموونه ی له جیهاندا که م ماون و زورتریان هه ر له لای سه رمایه داریش به مووزه سپیردراون. مه گه ر نوسخه ی ئه م جوره هه ره دواکه وتوه ی ناسیونالیزم هه ر بو ژیرده سته ترراگرتنی میلله تانی بن ده ست و زنجیرکراوی وه ک میلله تی کورد بنوینن!

به م حاله شه وه حیزبی دیموکرات بو هه ژاری هه لده به ستی که گوایه "یه کیک بوو له عاشقانی به راستی ریگای رزگاری کوردستان"! ئه گه ر حیزبی دیموکرات شوڤینیزمی دژ به فارس و تورک و عه ره ب، به ریگای رزگاری کوردستان ده زانی؛ ئه گه ر دواکه وتوویی له ناسیونالیزمی ها و چه رخیش دواکه وتووتر، یان شوڤینیزمی دژ به ژن، به وه ده زانی و هیشتا له وانه یه شیوه نی دریخ بو ئه مانه هه لنریژی، ئه ی به رانبه ر به مه ده لی چی که "هه ژار" خوی هیچ شه رم ناکا و ده سته خوینا وی یه کانی خومه ینی ماچ ده کا ؟! به رانبه ر به وه ده لی چی که هه ژار به نووسراوه کان و به کرده وه کانی خوی ریگای ریاکاری بو حیزبه دیموکراته کانیش نه هیشتوه ته وه ؟! ئه گه ر ئه و حیزبی دیموکرات ده لی "شیعری هه ژار هه میشه و دایم له خزمه تی خسته رووی جیناياتی

دوژمنانی گەلی کورد دابووە" ، هەژار خوی بە خومەینی دا ، کە یەکیک لە خوینخوترینی ئەو دوژمنانە بووە ، هەل دەلی! یان ئەگەر ئەمحیزبی دیموکرات، هەژار دەکاتە "هەلویەک کە هەمیشە و دایم سەربەرز ژیا و خوی لە بوگەنیوی چاکرمنشی یەوە نەدا "هەژار خوی لە لاپەرەی ۳۲۳ی هەر ئەم "بوکوردستان"ە دا و بە تاریخی سالی ۵۸ یانی لە جەنگەی کوشتار و جینایاتی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان دا ، دەلی:

وەک ئەیزانین لە سایەی خودا و گەلانی نەبەزی ئیران بە سەروکایەتی خومەینی، ئاگری ستەمی شا و ساواک بە خوینی رژاو ، کوژاوە ...

من لە لام ، خومەینی ئیمام ، بە راستی بوو کە دیفەرموو لە ناو گەلی موسولمان دا فەرق و جیاوازی نییە ...

لەمە ناشکراتر چاکر منشی و هەل گوتن بە یەکیک لە خوینخوترین "زوردارنی قالاو سیفەت" دا ؟

هەژار لیرە دا خویشی بە درو خستوەتەوە کە لە سەرەتای دیوانەکەیدا گوتوویە :

هەرکەسیش زیانی بو گەل ونیشتمانم بووبی، بە گژی دا ئەچم ، باکوری حەزرەتی پەلەپیتکەش بی!

نەخیر ؛ "گوری حەزرەتی پەلەپیتکەش " نەبوو ، بەلکو خومەینی مەنفووری هەموو خەلکی کوردستان بوو؛ بەلام ، بەگژیدا نەچوو هیچ،دەستە خوینا وی یەکانیشی ماچکرد!

چاکر منشی یەکی دریژ ماوەی تریش تەرجەمەی کتیبەکانی "عەلی شەریعەتی" یەکیک لەتیۆریسیەنەکانی حکوومەتی مەزهەبی شیعەیە ؛ لە حالیک دا هەژار خوی وا نانوینی کە عەقیدەی بەمافوقی ئیرتیجاعە هەیە ، یان شیعەیە !

ئایا ئەمانەن ئەو گەوهەرە" پربایەخانەی" کە حیزبی دیموکرات "لە دەریای دلی هەژار"دا بەدی کردوە ؟ ئایا حیزبی دیموکرات مەبەستی ئەمانەیە کە بە هەژار دەلی" دەریای بی کەرانی عیلم و هونەر و فەرهەنگ"؟؟ یان پیی دەلی" گەورەترین ئەدیب و ئوستاد لە زمانی کوردیدا "؟!یان هەر بە قەولی مەشهوور قسەبەستەزمانەو هەموو کەسیک دەیکا ؟!

حەقیقەت ئەوەیە ، بورژوازی دەیەوی بویژەکانی خوی گەورە کاتەوە و وەکو تاج بینی بە سەر سەری فەرهەنگی جامیعەوە ! ئەگینا بوچی بە دەستی قەسد، لەم هەموو لومپەنیزم و شوڤینیزمی دژ بە ژن و دژ بە کورد و تورک و فارس و عەرەب و، لە تەئیدەکانی هەژار بو دوازدە سال جینایاتی جمهووری ئیسلامی و، لەو هەموو دواکەوتوویی یە لە سەبک و فەرهەنگی شیعەرەکانی دا ، چاویان نووقاندوەو بی پەروا زاریان کردوەتەوە و، ئەمیان پیی دەلی " دەریای بی کەرانی عیلم و هونەر و فەرهەنگ " و ئەویان دەیکاتە " هەلویەک" کە گوایە" هەرگیز بەرانبەر بە زوردارانی قالاو سیفەت خوی لە بوگەنیوی چاکر منشی یەوە نەداوە"!؟

به‌لام ئه‌مه‌ش حه‌قیقه‌ته که هه‌ژار له‌م ۳۰ـ۴۰ ساله دا ره‌وتیکی یه‌کسانی نه‌بووه و ئه‌گه‌ر له‌م ئاخرانه‌دا ئاوا به‌رانبه‌ر به حکوومه‌تی مه‌زهه‌بی و ئه‌ده‌بیاتی مه‌زهه‌بی چوکی دادا وه و عه‌لی شه‌ریعه‌تی ته‌رجه‌مه‌ده‌کا، له ساله‌کانی ۳۰ یان‌بلیین ۵۰ و ۶۰ی میلادی دا، هه‌ندیک قسه و هه‌لبه‌ست و شیعریشی له دژی شیخ و سوفی وخانه‌قا هه‌بووه. یان ته‌نانه‌ت شیعری بو ئه‌وه‌لی مانگی مه‌ی و کریکار دانا وه. گه‌رچی له راستی دا هیزی کومه‌لایه‌تی چینی کریکار له سه‌تحی جیهان دا ئه‌وه‌ی پی ده‌کا و ئه‌ویش به شیوه‌ی خوی ده‌یکا، چونکو خوی ده‌لی:" ئه‌گه‌ر به ستالینیزم هه‌لده‌کوت لام وا بوو کوردستان ئازاد ده‌کا" و ئه‌گه‌ر شیعری وایشی گوتوه پیی وابووه ئوردووگای شه‌رق به هیزه و ده‌توانی به ته‌عبیری ئه‌و کورد "رزگار" بکا، هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ش لی‌یان ناهومید بووه، رق له‌وانه و له حیزبه‌کانیان هه‌لده‌گری و ئه‌مه ده‌کاته بیانوویه‌ک بو هیرش کردنی زور دواکه‌وتووانه بو سه‌ر کومونیزم که ئه‌ویش له ده‌مه‌ته‌قه بی تامه‌کانی بایز و پیروت و باپیر و شتی وا دا ره‌نگ ده‌داته‌وه، که هه‌ر بو دیوه خانی ئاغاکانی کون باشه.

ئایا سه‌ره‌رای ئه‌مانه، گه‌لی کورد ده‌بی له که‌سانی وه‌ک هه‌ژار مه‌منوون بی‌که خزمه‌تیان به ئه‌ده‌بیات و هونه‌ری کوردی کردوه؟

جاری ئه‌وه‌ی که هه‌ژار و که‌سانی وه‌ک ئه‌و، به‌و فه‌رهه‌نگ و بوچوونه دوا-که‌وتوانه‌یه‌وه، چه‌نده‌یان خزمه‌ت به فه‌رهه‌نگی کورد ی کردوه و چه‌نده‌یان زه‌هراوی کردوه، خوی جیگای لیکولینه‌وه‌یه. ئه‌لبه‌ت نووسینی فه‌رهه‌نگی وشه و ته‌رجه‌مه کردنی کتیبی باش، بی گومان خزمه‌ته، به‌لام هه‌ژار خزمه‌تی چه‌نده و به‌ره‌و دوا بردنی شیعر و هونه‌ر و هه‌ست و شوعووری جه‌ماوه‌ری چه‌ند بووه؟ ئه‌ویش له کاتیکدا که ده‌زانین، ئه‌و مه‌سه‌له‌ن ۳۰ سال پاش مه‌رگی گورانیش ژیاوه به‌لام هه‌ر ئاوا له سه‌بکی کون دا ماوه‌ته‌وه و ....

بیجگه له‌وه‌ش، ئه‌گه‌ر ئه‌مانه به خویان و فه‌رهه‌نگی دواکه‌وتوویانه‌وه، به ناسیونالیزمیانه‌وه، به ئاگری ته‌فره‌قه خوش کردنیانه‌وه، له سه‌ر ریگای چینی کریکار لاچن تا ئه‌م چینه به ره‌وتیکی تیژتر بتوانی نه‌زم و نیزامی ئازاد دژ به خورافاتی خوی به‌ر پا بکا، زور گه‌شتر و به توانا تر ده‌توانین له هه‌موو فه‌رهه‌نگی به شه‌ریه‌تی سته‌مدیده‌ی هه‌زاران سال، به کوردی و غه‌یره کوردی‌یه‌وه که‌لک وه‌ربگرین وفه‌رهه‌نگ و هونه‌ر و ئه‌ده‌بیاتی کوردیش به هه‌نگاوی بلیند به‌ره‌و پیش به‌رین.

خولاسه‌ی که‌لام؛ هوی ئه‌وه‌ی که هه‌ژار له لایه‌ن جمهووری ئیسلامییه‌وه ده‌گریته باوه‌ش ئه‌وه‌یه که ئه‌م رژیمه وه‌ک هیزیکی بورژوا ئیمپریالیست له ولاتیکی ژیرده‌سته دا له هه‌رچی کون و کونه په‌رەستی‌یه بو به هیز کردنی خوی ئیستفاده ده‌کا! ئه‌گه‌ر هه‌ر دوو حیزبی دیموکراتیش تیده‌کوشن له کاروانی شین گیرانی هه‌ژار دوا نه‌که‌ون له بی ئاسویی و داماوی‌یانه که وه‌ک غه‌ریق ده‌ست بو هه‌ر وه‌سیله‌یه‌ک دریژده‌که‌ن که نوقمی توفانی شورش نه‌بن. ئیتر دیاره له‌م شوڤینیزم و کونه‌په‌رستی و چاکر-منشی‌یه‌ش که له‌و دا ده‌ی بینن سل ناکه‌نه‌وه چونکو ئه‌مانه‌ش له ئاسوی ته‌نگ

و تاریکیاندا دەگونجی. ئەم "عەجەم و عارەو" کردنە و ئەم شوفینیزمی دژ بە ژنە، نەک هەر لە ئاسوی ناسیونالیزمدا دەگونجی بەلکو ئەوان کە مەبەستیان لە "ئاما - نجەکانی گەلی کورد" ئامانجی بورژوازی کوردەء هەر بویە باشە عەجەم و عارەو بکا و کریکاران و بەش مەینەتانی ئەم میللەتانە لیکتر بکاتە دوژمن ولەو لاشەوە فەرموودەی ئیمام تصدیق بکا و سەرەنجام خول بە چاوی جەماوەر دابپژینی کە دوستی لی ببیتە دوژمن و دوژمنی لی ببیتە دوست !

ئەگەر ئیستا رژیمە سەرمایەدارییەکان، لەوانە جمهووری ئیسلامیش هیندەیان موسیبەت بە سەر گەلی کورد هیناوە کە دەرگایان بو ئەم دواکەوتوویی و ئیرتیجاعی ناسیونالیستی یانە ئاوالاتر کردوە، پیویستە کومانلانی خەلکی کوردستان ئەم حەقیقەتەیان هەمیشە لە بیر بی و لە مەیدانی ئەدەبیش دا ریگا لەم دواکەوتوویی یە ببەستن. پیویستە کریکاری کومونیست زیاتر لە هەمیشە وریا بی و ویرای ئەوەی لە سەر بەرابەری کاملی میللەتان وحەقی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کورد پی دادەگری، لە سەر دوستایەتی کارگەران و بەش مەینەتانی میللەتان، لە سەر ئەنترناسیونالیزم و هاوپشتی چینایەتی کریکاریشی سوورتربی.

ئەگەر، ئەمرو ناسیونالیزم و کونەپەرەستی لە کوردستان پیویستی بە گورەورە کردنەوەی یەکیکی وەکو هەژارە، چینی کریکار لە مەیدانی هونەردا، زەوق و بوچوونیکی تازە و ئەمرویی و شارستانی (بە دوور لە هەر جورە تەحقیریکی ئینسان، بە دوور لە هەر جورە هەلاواردنیکی ئەم میللەت لەو میللەت، یان پیاو لە ژن و....) پەرە پی دەدا و ئاسوی جیهانیکی شاد و ئازاد و بەرابەر لە رووی هونەریش دەکاتەوە.

ریبوار مانگی مەی ۱۹۹۱

گوناهی کەبیرەی کەشیش ئاندرە

وەرگیراوی:
ن.حسامی

کەشیش ئاندرە دروست لە هەژدەسال لەوە پیشەوە لە بەرزەخ سەرگەردان بوو، بی ئەوە کە لانی کەم خوی بزانی بوچی و لە بەرچی.

هیشتا بریاری دادگای ئیلاهی لە بارەیەوە نەدرابوو کەچی لەم سالانەی ئاخردا ژمارەی ئەو مەخلووقاتەی کە بە شیوەی ترانزیت لە بەرزەخ دەمانەوە زور کەم ببووەوە. گەلیک لە ئەرواحی خەبیسە، هەر دەگەیشتن و نەدەگەیشتن، بە نیو چاوانی گرژەوە دەچوونە جەهەننەم. بەلام کەشیش ئاندرە نزیکەی هەژدەسالبوولەوی سەرگەردان و بلاتەکلیف بوو.

لەو ماوەیەدا جەنابی کەشیش بەرە بەرە غیرەت و جورئەتیکی وەبەر هاتبوو. هەندیک جار لە مەلایکەی دەپرسی:" ئاخر لەسەر چی ئەم دوعاگوزارەتان لیرە سەرگەردان کردوە برایان؟"

مەلایکە شانیکیان بو هەلدەتەکاند و تی یان دەگەیاند کە لە خووە خوی بەم شتە تووڕە نەکا. دەیانگوت:"گوی مەدەیە جەنابی کەشیش، سەرەتاکانی دادەسی تو خەریکە پیک دی."

هەلبەت کەشیش زور زیاتر لە عەوامی کالانعام لە روژی قیامەت دەترسا. بەلام مەسەلە ئەوەیە کە سەراسەری کارنامەی کرداری، تووزی گوناهیکی لی نەنیشتبوو ئاندرە لەو کەشیشانە بوو کە شەرح و تەفسیلاتیان زور جار لە نووسەرانی جوراجور بیستراوە: قژی سپی دریژ، دەنگی لەرزوک، روحیکی پاک و مەعسوم. یەکیک بوو لەو ئەرواحی دەرەجەیەک.

سالهات و سال چوو کەشیش ئاندرە هەروا بلاتەکلیف لە "تەوقیفی احتیاطی

بەرزەخ" بوو. لەم ئاخرانەدا معاونیکیش ببووە "هاوبەندی" کە شیش کە خوی هیوادار بوو پاش دە هەزار ساڵیک بتوانی مەشموولی ڕەحمەت و بەخششی ئیلاهی بی و جڵ و پەڵاسی بە کوڵ دابدا و لە بەرزەخ بڕوا. ئەو بیچارەیەڵە جەژنیکی ساڵانەدا، داوینی عەباکەی کەوتبووە بەر چەرخیک و لە ترسان تووشی حەملەی قەڵبی ببوو، جا لە بەرزەخ لە بەرپیی کە شیش ئاندرە لە عالەمی باقی سەری وەدەرنابوو. ئەو مەلعوونە دەستی کردبوو بە جەفەنگ لیدان لە گەڵ کە شیش ئاندرە سەبارەت بە "دامەنی توری ئەسیلی بروکسڵ"، هەرچەندئاندرەی معسومی چاو و گوی نەکراوە کە وەک منداڵی ساوا بی گری و گوڵ بوو نەیدەزانی دامەنی تور فەرقی لە گەڵ دامەنی ئاسایی چیە؟

مەڵایکە لە دەور و بەری، فرەفر بە شەقەی باڵیان دەهاتن و دەچوون، بەزەییان پێیدا دەهات و سروودەکانی کلیسایان بۆ دەخوێندن. جاری واش بوو ئاموژگاریان دەکرد کە "بە جوریک هەوڵ بدە پەروەندەکەت زووتر ڕەسیدەگی پێ بکری. بۆچی نامەیەک عەریزەیەک بۆ خودی جبرئیل ناووسی؟"

سەرەنجام هەربە پێی ئەم نەسیحەتانە و دڵسۆزیەکانی مەڵایکە کە شیش عەریزەیەکی ئاوای نووسی:

مەقامی مونیعی دادگای عەدالەت بنیانی ئاخیرەت، دامة ظلّهُ.

الاحقیر، ڕوحی کە شیش ئاندرەی خاکسار، بە اظهاری نهایەتی بەندەگی بە دەڵایلی مەشرووحەی خوارەوە تەقازای خرووج لە بەرزەخ تەقدیم دەکەم:

ئەڵف: ئەم حەقیرە هەرچی لە حافظەی خوم دەروانم و موشاهەدە و مولاحەزەی دەکەم بە عون اللە مطلقا کرداریک لە خوم دا شک نابەم کە بە نەحویک لە ئەنحا تەعبیر بەمەعسییەت وگوناە بکری هەمیشە حاسڵی حەیاتی خومم بە هەمان ڕیگا دا بردووە کە ئەناجیلی موقەددەسەدیاریان کردووە.

ب: دەڵیلی تەهارەت و پاکی من، شەهادەتی مسیو پاڵوسکیلە ڕەئیسی بەڵەدیەی ناحیە کە فیعلا لە بەشی حەبسی تادیبی دا لە دوزەخ تووندی کووڕەی ژمارە ۲۳۵ دەدەمینی.

ج: ڕەفتاری پاکی بی خەوشی ئەم دوعاگوزارە، هەروەها سەرکاری موعین نایب لوکتا کە مەئموری ژاندارمری بووە و ئیستا لە ملکوتی ئەعلا لە بەردەرگای پینجەم نیگابانە تەئییدیدەکا.

د: ئەم حەقیرە کانی یەکی موعجیزەم کەشف کردوە کە لە ئاوەکەی، هەتیوخانەکان و زیندانی منداڵانی گوناهکار بە مەجانی تیراو دەکا.

هـ: ئەم حەقیرە دەورەی فەقیەتیم بە نمرەی زورباش تەواو کردوە و لەحاڵی حازردا بە شەهادەتی مودیری مەکتەب، لە جەواری مەڵایکە چاوەدیری لە منداڵانی ئەبجەد خوینی ساکنی جەهەننەم دەکەم.

و: ئەم چکولەترین حەقیرەی بەندەی "أب و ابن و روح القدس"، وەک باوکانی ئیمە کە لە ئاسمانن، چوار زمانی موقەددەسی لاتین و یونانی وعبری وئەرمەنیم کما هوحقه

تەحسیل کردوە .

بە پێی دەلایلی فەوق داوای مخوخلیسانەی خارج بوون لە بەرزەخ تەقدیم دەکەم و مولزەم و متعهد دەبم کە ئەگەر ئەم عەریزەیە رەسیدەگی لازمی پێ بکری حەولدەدەم لایقی عەتفی توجهی ئەم مقامە مونیعە بم .

عەریزەی کەشیش ئاندرە ، هەر گەیشتو نەگەیشت ،بوی بەری کرایەوە وەمەلیک سرووش کە پێشتریش لەسەر زەوی چاپاری پوست بوو، بو کەشیشی توزیح دا کە " عەریزەکەت- دەبی موشەخەساتی خوتی لە پشت بنووسری."

کەشیش هەر لەوی هەلتروشکا و دە جار لە پشت عەریزەکەی نووسی:

لە : روحی الاحقر کەشیش ئاندرە ساکنی بەرزەخەوە

خولاسەی عەریزە : تەقازای خارج بوون لە بەرزەخ

مەشرووحی دەلایل ، لە ٦ بەندی عەریزەکەدا هاتوە .

کەشیش نە سالروژی مەرگی دا جوابی بو هاتەوە .(چونکە لە سەر زەویش هەول و تەقالای ئینسان پیش تاریخی مەرگ بە هیچ جیگایەک نەدەگەیشت) نامەی جوابیە بەم جورە بوو:

کەشیشی خوشەویست!

ئاگادار بە کە جەلەساتی " دادگای ئاخرەت" جاری تەشکیل نابی. هەر بوییە عەریزەکەت ضمنی دەستووری رەسیدەگی بە دادسەرای بەرزەخ ئیحالە کراوە .تەبیعییە تەقازاکەت لەحودودی مقررات دا و حتی الامکان دیقەتی لی دەکری پاش تەحقیقاتی مقدماتی لە بابەت گوناهەکانی تو، بە قەزاوەتی عادلانەی دادگای مەربووتە دەسپێردری.

لە لایەن کومیتەی بەرزەخی دادگای ئاخرەت
جبرئیل(ئیمزا کە ناخویندریتەوە).

تیپەربوونی ئارامی سالان و مانگان و روژان دیسان دەستی پی کردەوە . گوزەشتی ئارام بە ئاهەنگی نالەی ئەرواح و قرچەقرچی بیشکەی منداڵانی غوسڵ نەدراو کە لەلە - فریشتەکان مەسئوولی بەخیوکردنیان و تەر و وشک کردنەوەیان بوون.

سەرەنجام روژیک لە روژان کەشیش وەرەقەی احضاری پی گەیشت . نووسرابوو:

کەشیش ئاندرە

اخطارت پی دەکری هەر کە ئەم احضارییەت پی گەیشت خوت بەدادگای موقەددەس معرفی بکە ! قازیەکان کە غەیبی بوون لەم سەرتا ئەوسەر، لە سەر کورسی هەیئەتی دادرەسانی دادگا دانیشتبوون. فەرز ئەوەیە کە تەنیا ئەو مەلایکە کە مستهمیان محاصرە کردبوو دەیانتوانی قازیەکان ببینن. کتیبی ئەعمال و کرداری کەشیش ئاندرە کە دەستیکی غەیبی لە هەوادا رای گرتبوو، بە سەبر و حەوسەلەوە وەرەقەکانی هەلدەدرانەوە .

پاش ماوەیەک دەنگیک لە تالاری دادگا دا دەنگی دایەوە کە :

ـ کەشیش ئاندرە ئەوەیە نامەی کرداری تو! ئەم کارنامەیە هیچ گونا هیکی تیدا نیە. تەنیا یەک لاپەرەی نەبی. ئیستا لەو پەری صداقت دا جوابی ئەم پرسیارە بدەوە.

ئایا تو لە ئوسترالیا برایەکت هەیە؟

ـ بەلی ئەی دادگای معظم!

ـ زورباشە! ئیستا پرسیاریکی تر: ئایا نامەت بو براکەت نارده ئوسترالیا؟

ـ بەلی ئەی دادگای عەدالەت خواز. ئەم حەقیرە سالی ۱۸۸۲ نامەیەکم بو براکەم نارده بەندەری سیدنی.

نامەی کرداری کەشیش ویک نرا و لە لای میزەکە دانرا. دەنگیکی ئارام کە بە احتمالی قەوی دەنگی رەئیسی دادگا بوو وتی:

کەشیش ئاندرە! ئایا تو نەواوی آثاری ئاگوستینی قەدیس، باوک و حەکیمی کلیسات بە دیقەت مطالعەن کردوە؟

بەلی! هەمویان، بە دیقەتیکی زور!

دەنگی شەقەی بالی مەلایکە هات. قازییەکان خەریک بوون راویژیان دەکرد. ئەم- جار جاریکی دیکە دەنگی شەقەی بال هات و پاشان دەنگیکی قاطع وتی:

کەشیش، بە حیسابکردنی بیست و دوو سال حەبسی احتیاطی کە پیشتر کیشاویەتی بە ۱۵ هەزار سال اقامەتی اجباری مەحکووم دەکری"!

لە کتیبی ئوستادی دین، ئاگوستینی قەدیس ناسراو بە نقض النفوس دا نووسراوەی سالی ۴۱۵ی پاش میلادی مسعوودی باوکمان عیسای مەسیح کە لە ئاسمانەکانە، اعتقاد بە وجوودی نفووس لە قطری متقابلی زەوی (یانی لەو لای کورەی زەوی) کفرە. لاپەرەی ۲۱۳ی ئەو کتیبە

لەبەر ئەوەی ئوسترالیا مەسکەنی نفووسی قطری متقابلە (یانی ئەوبەری کورەی زەوی یە) اعتقاد بە وەکە جیگایەک بە ناوی ئوسترالیا هەیە، کفرە.

کەشیش ئاندرە خوی اعتراف دەکا کە نامەیەکی بو براکەی ناردوەتە ئوسترالیا کە لە قطری متقابل و لەو لای کورەی زەوی یە. ئەم کارە لە نەزەر قازییەکانی ئەم مەحکەمەیەوە بە استنادی ئەسنادی مەحکەمە، گونا هی کەبیرەیە و پاکانەهەلنا گریر مەدارکی دادستانی: ئیقراری سەریح و کاملی خودی متهمەکەیە.

والسلام

مەلایکە بو دلداری دانەوەی کەشیش ئاندرە لە بن گویی بە سرتە وتیان:

ـ نیگەران مەبە برا. ئەم مەسەلەیە، تەنانەت لە یەکیک لە دادگاکانی کورەی زەویش مومکین بوو رووبدا. وانییە؟

بیمه

چیروکی منالان
عەباس شوان

ئەو ئیوارەیە، کە مانگ دەرکەوت، تەواوی شەقام، کولان، خانوو، باغچە و کیلگەکان کەوتنە بەر تیشکی زیووین و تاریکی رەوی یەوە. منالانی گەرەک هاتنە دەرەوە، هەندیکیان دەستیان بە یاری چاو شارکی، هەنگەشەلی کرد و قەلەبالغیان خستە کولان. هەندیکی تریان وەک عاشقان بە سەیر کردن و لی ورد بوونەوەی مانگ خویان خەریک کرد.

دلوقانی پوشتە و پەرداخ بە سوزیکی تایبەتی یەوە لە مانگی، پرسی:

بو نایەیتبو لام؟

مانگ وتی: لە کویم دائەنیی؟

- لە سەر تاقی ژوورەکەم، لە گەل بووکوکەکانم دا.

- بەلام قایل نابم، وەک بووکوکە لە سەر تاق دابنریم.

- دلت چی بخوازی ئەتدەمی.

- ناتوانی، دەمەوی گشت زەوی بە تشک لە باوەش بگرم.

- نایەلم بی تاقەت بی، چیروکی خوش خوشت بودەگیرمەوە، بەبووکوکەکانم یاری دەکەین.

- دلوقان خو ماندوو مەکە، دەمەوی ئەو مانگە پرشنگدارەی ئاسمان بم و بەس.

دلوقان هیچی بو نەمایەوە، ناچار بی دەنگ بوو، لە دلی خوی دا، وتی:

(مانگیکی سەرسەختە، بە هیچ شتی ناکرری!!)

هەر لەم کاتەدا بەختیار سەیری مانگی دەکرد، پی کەنی. مانگ لی پرسی:

بە چی پی دەکەنی؟

- وامزانی کولیرەیەکی گەرم و نەرمی، تازە بە تازە لە تەنوور هینراویتە دەرەوە.

- بو حەزت لە نانی گەرمە؟

- زور زور.

- بوچ ... برسیتە؟

- بەلی برسیمە.. باوکم کریکارە، وابو مانگی دەچی بیکار کەوتووە، کەس نییە لامان لی بکاتەوە، چەند دنیایەکی بی بەزەییە!!؟

مانگ توزی بوی راوەستا، ئینجا لیی پرسی:

ئەی بیمەی بیکاری وەرناگرن؟!

- شتی وا لای ئیمە نییە.. بیمە چییە؟

- ئەو مانگایەیە دەولەت بەو کریکارانەی کە بیکار کراون، تا ئەوکاتە کاریکی دی دەدوزنەوە.

ئیتر مانگ دریژەی پی نەدا و بی دەنگ بوو.. بو یەکەم جار خوزگەی بەوە خواست کولیرەیەکی گەرم بوایە، نەک مانگیکی بی‌فەر، تا بەختیاری برسی تیر بکردایە.

بیکار

عەباس شوان

دەرەنگ بوو، تیشکی زەردی هەتاو، سەری خانووە بەرز، دووسی نهومی یەکانی روونا‌ک کرد بووە. پاسە ریم، پولەنی، کوستەرەکان یەک بە دوای یەکدا، بە و بەیانیی‌یە لە گەرەکە دوور و نزیکەکانی بەری روژئاوای...سەرچنار، رزگاری شارەوە بەلیشاو خەلک ژن و پیاو، پیرو گەنج، مودە و عەبابەسەر لە ناو جەرگەی شار، مەیدانی سەرەکی کریکارانی بیناسازی، لە بەردەمکریکارە وەستاوەکان کە چاوەروانی پەیدا کردنی کاری بوون، هەلدەرشت.

لەم بەیانی‌یانەدا و لەم کاتانە بە دواوە، روژانە کریکارران لە پیشوازی‌کردن، چاوەروانی مشتەری هیزی کار یەعنی؛ وەستا، بەلیندەر، خاوەن ئیشەکانی‌تر دەست دەشون. مەگەر چونها تاک و تەرا کریکارە پیرەکان نەبی‌کە تا درەنگ وەختی سەعات ۸ ـ ۹ ی بەیانی بە تەمای دەستکەوتنی ئیشیکی سووکەلەی مالان دەمینەوە.

لەم بەیانی‌یە درەنگە، لە گەل برادەریکی دیرینم لە بی تاقەتی‌دا بە نیوان کریکارە دانیشتووەکانی قەراغ شوستەکە، ئەوانەی راوەستاون و پشتیان لی مانە، لەم سەر بو ئەو سەری مەیدان پیاسەمان دەکرد. هیچ کاممان بە تەمای ئەوەی نەبووین کاریک چنگ بکەوی، لە سەر پی و لەوەدا بووین ئیستا نا توزیکی تر پایی دوزی لی بکەین، مەیدان چول بکەین، بروینەوە بو مال.

لە بەری خوارەوە وەستایەکی کلیتە بە سەر، رەنگ رەش و بازو کە بەهێزی ئیشەوە بورە ناسیاوی‌یەکم لە گەلی دا پەیدا کردبوو، چاو کرد، دیقەتم دا ورد بە چاوی مشتەری لە کریکارە دانیشتووەکانی قەراغی شوستەکە دەروانی. کە یەکترمان بەدی کرد، بی سەلام و کەلام کردن، بە تەهریج کردنەوە هەر وەک دەلا-

لیکی مەزادخانە وتم: ئەمە بەرە... ئامادەم بو برادەرەکەی هاوشانم کردکە چەند روژ بوو بیکار دەگەرایەوە.

- کریکاریکی چاکە، بە هیـــزە بە شەرتی شووتی، ئەگەر خراب بوو نەت... بـــە سویندێ نەی هیشت دریژە بە مەزادە گالتە جاریەکە بدەم

- بەخوا کریکار ناوی، بو کریکار نەهاتووم!

خاو بوومەوە، پرسیم: ئەی بوچی وا دەترسانیە کریکارەکان؟

وەستای کلیتە، لکن بە خو دزینەوە لە وەلام، پرسی: ئەری ئەم هەموو کریکارەلە مەیدان چیە؟!

بە کردەوەش خوی لی دزینەوە، لیمان تێپەری...

بە برادەرەکەم وت: وەستایەکی زور زولە، دزو دەکا، دەگەری، دەگەری هەتـــا کریکاریکی لاوی قوربەسەر دەدوزیتەوە، لە خشتەی دەبا، بە هەرزان لە گەل خـــوی دەیبـا. لەوێش لە سەر ئیش خوی لەنان خواردنـــی چیشت هەنگاو گیل دەکات، لە چشووی نیوەرۆش دا دە دەقیقە، چارەکە سەعاتیکی بمینی یالای لی دەکا، کریکـــاران بو کار هەلدەسینیتەوە.

برادەرەکەم بە سەرسورمانەوە، وتی: ئەجا چون رازی دەبن!؟

- ناســـراوە، کریکاران لێی شارەزان و لە گەلیدا ناچن.

- بە سەر و کلیتەکەی دا دیـــارە بی نامـــوســـە.

توزی بی دەنگ بوو، وەک بیر لە چەند شتی بکاتەوە، بەلام دەری نەبری.

رووی تی کردم: درەنگمان کـــرد، بە زیادی نەکەین؟

بی هیچ قسەیەک کەوتینە جوولە.. بە دەم ریگاوە، وتی:

- چەند دنیایەکی پیچەوانەیە خەلکی تازە دەچن بو سەر کار، کەچی ئیمە بیکار دەست بە تال دەگەرینەوە!!؟

تەموزی ۱۹۹۰

ڕێگای ڕۆکەم

فریدون ناظری

کبری: شەریف! شەریف!

شەریف: ئــم.

کبری: هەستە پیاوەکە، بەری بەیانیە! سەعات پینجە. |هەلویستیک| شەریف!

شەریف: هەی هــوو! دەلیم لیمگەری با بریکیتر بخەوم. کچی مەگەر نازانی شــــەو هەتا سەعات دوو خەریکی بان گیران بووم. ئەو شەریف شەریفەت لە چییە؟

کبری:دەزانم پیاوەکە. دەزانم ماندووی. منیش پیم خوش بوو چەند سەعاتیکیتر بخەوم. گویت لییە؟ |دەنگی پرخە پرخ| خەوتیەوە؟ |پرخەپرخی بەرزتر| دیســـــان خەوتەوە. با بیبزیوم. شەریف. شەریف.

شەریف: بەخەبەرم کچی، بەخەبەرم. (دەنگی کەلەشیر) ئەی ژەقنەموت، لــە گەل ئەو دەنگە بورەت، نەخیــر، وا دیارە ئەمرو هەموو شتیک دەستی داوەتە دەستــی یەک، هەتا خەوم لی حەرام بکەن.

کبری: هەستە، با ئەو کابرایە هیند بە سەرت دا نــەبــولینــی! بــا پیت نەلــی دەرەنگ دیــیە سەر کار.

شەریف: |تووڕەیە| با هیندە بمرخینی و ببولینی هەتا دلی دەتوقی. بیست سالە لە وەختی خوی دا چوومە سەر کار. با ڕۆژیک (باویشک دەدا) دەرەنگ بچم. تازە ئەمرو باران هەموو شوینیکی شوردوتەوە، خو کاری گەسک لی دانــم نییە. تەنیا ئەشغالەکانم کو دەکەمەوە.

کبری: هەستە خیرا صبحانەکەت بخو. منیش دەبی زووتر بچمە مولاقاتی ئــەحمەدی کورم.

شەریف: تو برو! مزقیروسیا. ئەم ژیانەم بەزیاد نەکرد، نە دەتوانم ئــەوەنــدەی

پیم خوشە بخەوم و نە دەش توانم روژیک ئیجازە بگرم و بیم کورەکەم ببینم.

کبری: هەر ئەو دوو مانگ جارەش کە دیی، بەسە. ئەحمەد، هەرچەند لە زیندان دایە، بەلام بەباشی ئاگاداری وەزعەکە هەیە. دەزانی گرانی چونە و دەبی چەند کار بکەین هەتا ژیانمان بچەرخی.

شەریف: سەرەرای ئەوە پیمخوشە هەموو رۆژی جاریک سەری بدەم.

کبری: وەرە با زوو صبحانەکەمان بخوین من دەبی بروم. خەریکە بال بگرم. زووبە وەرەسەرسفرە.

شەریف: هیندە پەلە مەکە. تو هەرکات بگەیەی مەعتەل نابی کەس بانگت دەکا کە بچیە پیش سەفەکەوە.

کبری: بانگم دەکەن. بەلام من قەت بستیک زیاتر لەو شوینەی کە دەبی لیی بویستم ناچمە بەرەوە. خانەوادەکان لە گەلما لوتفیان هەیە. بەلام من دەزانم کە ئەوانیش چەندە بو بینینی منالەکانیان بە پەلەن. بە تایبەت. دایکەکان ئاخیک هەلدەکیشی!

شەریف: بە ئەحمەد دەلیی کە من بو چی کەمتر دەچمە ملاقاتی؟

کبری: کوری من پیوستی بەو قسانە نییە. خوی تیدەگا. خوکوتم. خوت سفرەکە کو بکەوە من رویشتم. دەبی پەلە بکەم هەتا کورەکەم زووتر ببینم.

موزیک دەنگە دەنگی شلووقی

پاسدار ۱: محوطەی زیندان چولی بکەن! یاالله! ئەمرو ملاقات بی ملاقات، لیدەن برون! یا الله!

کبری: ئانیە! مهین‌یش بانگ بکە بیتە ئیرە! بزانین بو ملاقات نییە. برادەر ملاقات بو چی نییە؟

پاسدار ۱: بو ی ناوی. برون بەری ئەو بایە بەربدەن. هەر ئەوە!

مهین: ئاخر پیمان نالین بو مولاقاتی منالەکانمان قطع کراوە.

پاسدار ۱: چوزانم خوشکی. بە ئیمەیان کوتوە ئیوە لیرە گسک بدەین. هەر ئەوە.

مهین: بو وەک منالی بنیادەم قسە ناکەی؟

پاسدار ۱: برو بزانم! یا الله!

کبری: دەست مەدە لە مهین.

پیاویک: مەگەر خوت دایکت نییە. دەرحەق بەم ژنە ئاوا بی ئەدەبی دەکەی. عەیبە

پاسدار ۱: هی، هی، هی، ئەدەب.

ئانیە: ئیستا لە تو گەورەتر کەسی لی نییە دووقسەی لە گەل بکەین.

پاسدار ۱: مەگەر من زور چکولەم، لەچکە بەسەر.

کبری: دەست مەکە لەچکەکەی. دەلیی مەستی.
پیاویک: ئەوە کەسیان لە تو ئاقڵتر دەس نەدەکەوت لیرەی دابنین جوابی‌خەڵک بداتەوە.
پاسدار ۱: چی؟ تەوهین بە پاسداری ئیسلام دەکەی؟ (گلنگدن لی‌دەدا)
پیاویک، ئەو گلنگدەنەت دەبوایە بو گرتنی کربلا رابکیشایە. وەرن با بروین پیاو
کبری: بچینە کوی؟ ئەسلەن ناروین.
ئانیە: ئیمە دەبی چاومان بە منالەکانمان بکەوی.
پەری: هەتا مولاقاتمان پی نەدەن نابی لیرە بروین.
پاسدار ۱: مەجبورتان دەکەم برون. هەتا ژمارە دە بژیرم. هەرکەس دوای‌ژمارە ۱۰ هەر لیرە مابووە، خوینی خوی لە ئەستوی خوی. ۱، ۲، ۳،
مهین: هەتا هەزاریش بژمیری هەر لیرە ناروین.
پاسدار ۱: (بەرزتر) ۴، ۵،
کبری: لیرە بروین، دەچینە بەر دەرکی دادگای انقلاب. ئیعترازدەکەین.
پاسدار ۱: ئیتر چولی بکەن. دەچنە هەرجەهەننەمیکە یفی خوتانە.
ئانیە: دەچینە جەهەننەمی دادگای انقلاب. وەک ئەو جارەکە ناچارتان دەکەین ملاقاتمان پی بدەن
پاسدار ۱: ئەری! گیانی خوت، خرابت خویندوتەوە، ۶، ۷.
کبری: کەس هەیە نەیەت خەلکینە؟
جمعیت: با بروین، با بروین.
پیاویک: ئەگەر بەم جورەری‌بکەوین، دەلین بە قازانجی استکبار تظاهراتمان کردووە پەروەندەیەکمان لە ژیر بال دەپەستیون.
پاسدار ۱: ۵، ۶
مهین: باشە، دوو، دوو، سی، سی، دەروین.
پاسدار ۱: لە ئەوەلەوە دەس بە ژماردن دەکەمەوە، بەلام ئەمجارە...
کبری: لە خووە خوت ماندوو مەکە. هاومالەکان! وەک جاری پیشوو دەرویـــــن. ری کـــەون.
پاسدار ۱: هەر بە راست دەچنە بەر دەرکی دادگای انقلاب! لەوی بەر دەستریـژ-تان دەدەن.
کبری: مهین ئیمە لە دوای گشتیانەوە دەروین.
پاسدار ۱: لی‌تان دەدەن. لە بیژینگتان دەدەن.
کبری: ئانیە ری بکەوە با بروین. هەموو رویشتن. ئەتو چەند جورئەتت کردتەقەی بکەی، ئەوانیش هەر ئەوەندە دەویرن.
پاسدار ۱: زمان دریژی مەکە. ئیستا دەچم بە تەلەفوونیک کارتان بو جور دەکەم بچن بزانن چ ئاگریکتان بو دادەخەن.
ئانیە: بی‌بینین و تەعریفی بکەین.

موزیک دەنگە دەنگی خیابان

کبری: خەریکە دەگەینە ئیستگا ! زور باشە . زورپەی ئەوانەی لەپەر زیندان بوون لەم لاو ئەولا چاوەریی ماشینن.

ثانیە : زور کەسی ناشناشیش هاتوون. کەمیش نین.

مهین: بلێی جاسوسیان لە ناودا نەبی؟

کبری: جاسوسیشیان تیدایە . هیچیان لە دەس نایە .

مهین: ئیستا کی ئەم گشتە سوار دەکا .

ثانیە : راننده‌کانی ئەم خەتە هەمویان پیاوی چاکن. لەم ماوەش دا بە باشی فێر بوون ئەم خەلکە چون بەرن. تەنانەت تەبلیغیشمان بو دەکەن.

کبری: راستی مهین تو بریک لەو لاوەتر بویستە با بەرز قسە بکەین هەتا خەلک تیمان بگەن. | بەرز| مهین! نەیان هیشت توش کورەکەت ببینی؟

مهین: نا ! مولاقاتی هەموو زیندانیە سیاسیەکانیان قەتع کردووە .

کبری: خەلک خەریکە گوی رادەدیرن. | بەرز| بەو وەزعەی زیندانەکانیانەوە منالەکانمان هەموو برسین. تەنانەت بە دوو مانگ صابونیکیان پی نادەن.

مهین: بەو حالەش بە شوین بیانوویەکەوەن ئەزیەتیان بکەن. هەوا خوریەکەشیان لی بریون. مولاقاتیشیان لی قەتع کردوون. ...

ریبواری ۱: چیە خوشکی، دیسان شلووقتان کردوتەوە .

کبری: خوت کە چاوت لیە . گویت کلور بکەی تیدەگەی ئیمە لە بەر چیوە دەنگ هاتووین.

ریبواری۱: تو خیزانی میزا جەباری خومان نی؟

کبری: نەخیر، من خومم . فەرموو برو. فەرموو. بەوەی کە تا ئیستا ریشت نەتاشیوە دیارە کەیی.

ثانیە : هەر کە چاوم پیی کەوت دلم گیرا . باش بوو رویی ...

ریبواری۲: ببورە خانم، ئیوە بوچی لیرە کو بوونەوە .

کبری: دەمانەوەی بچین دادگای انقلاب بە قور بگرین. مولاقاتی منالەکانیان لی قەتع کردووین.

ریبواری۲: نەیاهیشتوە منالەکانتان ببینن.

ثانیە : نەک هەر نەیان هیشت، بەلکوو دەیان ویست خوشمان بکوژن.

ریبواری ۲: عەجەب زولم و زوریک. من چیم لە دەس دی، بە داخەوە ناتوانم لە گەلتان بیم .

کبری: گەیشتیەهەر کەس ئەم وەزعەی بو باس بکە پییان بلێی کەئیمە دەچین اعتراض دەکەین.

ڕیبواری ۲: بە سەر چاو. ئەگەر کارەکەشم زووتر تەواو بوودیم بو بەر دەرگای دادگای انقلاب.

ثانیە: ماشینەکان هاتن. خوا حافیز ئاغا.

کبری: خوزگە بمان کوتبایە ئەگەر راننەکان شتیکیان کوت مەسلەحەتیە.

ثانیە: زوربەی ئەوانە جاری پیشووش هاتنە بەر دەرکی دادگای انقلاب. لەبیرتە ئەو جارەکە راننەکان پوولیان لی وەر نەگرتین؟ بە زاهیر خویان تووڕە کردبوو وە دەیان کوت، ئیستا کە بە زور خوتان لە ماشینەکان پەستاوتوە پوولیشتان لی ناستینم. ئاخر ئەمە چ وەزعیکە!

کبری: لە راستیش دا مەنزووریان لە وەزعی شر و شپرزی مەملەکەت بوو.

موزیک : دەنگی زەنگی تەلەفون

ڕەئیس دەفتەر: بەلی! فەرموو!

پاسدار ۱: | لە پشت تەلەفوونەوە | برادەر ڕەئیس دەفتەر حجت الاسلام؟

ڕەئیس دەفتەر: بەلی خومم، فەرموون!

پاسدار ۱: من پاسدار علی چوارچەرخم.

ڕەئیس دەفتەر: علی چوارچەرخ؟ ئەها، بیرم کەوتەوە. تو ئەم ناوەت نەگوری بوو؟

پاسدار ۱: بوچی گوریم. بەڵام کەس بەناوە تازەکەم بانگی نەکردم. حاجی ئاغا! ئەم ناوە وەک چەقە پیمەوە نووساوە.

ڕەئیس دەفتەر: باشە، چیت دەکوت؟

پاسدار ۱: ویستم پیتان بلیم بە حاجیئاغای حاکمی شەرع بلین، کە هەرچی مولاقاتی بەر دادگای زیندان بوو، ری کەوتن کە بین بو دادگای انقلاب اعتراض بکەن. چەن ژنی ڕوو هەلماڵاویشیان لە پیشەوەیە. هەر ئەوە.

ڕەئیس دەفتەر: عەجەب، عەجەب، خەبەریان پی دەدەم. پیان دەلیم. |گوشی| یەکەی دادەنی| با زەنگیک بو برادەرانی کومیتە لی بدەم. نا! جاری با بچم بە جەنابی حاکمی شەرع بلیم. با بروم.

موزیک : دەنگە دەنگی جەمعیەت

کبری: ئەوەش دادگای انقلاب، دەک دەرکت بە قور گیری!

مهین: خانەوادەکانیش بەرە بەرە خەریکن دین.

ثانیە: پیت چونە ئیمە لە دواوە بوەستین. هیندە چووینە پیشەوە وەک گەشانمان لی هاتوە.

مهین: راست دەکا. با بو جاریکیش بی پیاوەکان پیش بکەون.

کبری: ئیمە ڕاحەتتر دەتوانین یەخەیان بگرین. موهیم نییە کی لە پیشەوەیە.

ئەوە موهیمەکە ملاقاتمان پێ بدەن. مەگەر وانییە؟

ثانیە: ئاخر کوتم نەکا... باشە با بڕوین. دەزانی کبری پیم وایە کە نەکا ئەم جارە ...هیچ، لیی گەڕی با بڕۆین.

کبری: برادەر ئیمە کارمان بە حاکمی شەرعە. دەمانەوێ مولاقاتمان پێ بدا منالەکانمان ببینین.

پاسدار۲: ئەگەر سەوادت هەیە خواهر ئەو تابلویە بخوینەوە.

کبری: یەعنی چی؟

پاسدار۲: یەعنی ئەوەی کە ئێرە دادگای انقلابە. زیندان نییە.

مهین: مەگەر حاکمی شەرع لێرە نییە.

پاسدار۲: لێرە بێ و لێرە نەبێ چ فەرقێک دەکا. خو ئەو رەئیسی زیندان نییە.

ثانیە: یەعنی ئەو هیچ کارە نییە؟

پاسدار۲: برادەر حجت الاسلام تانیا حوکم صادر دەکا. خو نمایندەی ئیمام نییە، بلێ ئەم کارە بکەن و ئەو کارە مەکەن.

کبری: کەوایە بنێرە نمایندەی ئیمام بێ.

پاسدار۲: مەگەر نمایندەی ئیمام نوکەری باوکمە بنێرم کە بێتە ئێرە ئیە، ئێرە بو وا شلووغ بوو. برادەران ئیوە چیتان دەوێ؟

پیاوێک: ئیمە مولاقاتمان دەوێ. ئیمە هەمووبو ئەم کارە هاتووین.

پاسدار۲: ئەوانەش هەر قسەی ئیوە دەکەن.

کبری: مەعلوومە. بە پانزدە رۆژ جارێک ۱۰ دەقیقەمان مولاقات پێ دەدەن. ئەویش ئیمرو لێیان قەتع کردووین. دەبێ مولاقاتمان پێ بدەن.

مهین: مەگەر منالەکانمان چیان کردوە مولاقاتەکانتان لێ قەتع کردوون.

پاسدار۲: هەروا خەریکە شلووغتر دەبێ. باشتر بوو برادەر رەئیسی دەفتەر تەشریفتان هینا. حاجی ئاغا تەشریف ببینن.

رەئیس دەفتەر: ببەخشن. ئەو برادەرانە بینە پیشەوە و یەکیان بلێ کارێکان چییە؟

کبری: مولاقاتی منالەکانمانیان لێ قەتع کردووین. دەمانەوێ مولاقاتمان پێ بدەن.

رەئیس دەفتەر: ئیجازە بدە، یەکێک لە برادەرەکان قسە بکا.

مهین: فەرقی چییە، کی قسە بکا!

باوک: وایە بیانوومان پێ مەگرن. قسەی ئیمەش هەر ئەو قسە بوو کە ئەوخوشکە کردی.

ثانیە: منالەکانتان لە برسان کوشتین، کە چی بە پانزدە رۆژ مولاقاتیشمان پێ نادەن؟

پاسدار۲: برادەر رەئیسی دەفتەر: ئەگەر برادەرانی ترت بە شوین کاردا بەڕی نەکردبا، ئیستا گشتیانمان پڕژ و بلاو دەکرد. تەماشا چەند شلووق بووە.

رەئیس دەفتەر: جاری باشە، وەرنە ناو حەوشەکەوە.

کبری: بو نا و حه وشه ؟ بو ئیره چی یه تی؟
ره ئیس ده فته ر: ئیره شلووق ده بی. ریگای ماشینه کان ده گیری.
مهین: دلتان به ماشینه کان ده سووتی؟
کبری: هه ر ماشینیک که لیره وه تی ده په ری، مسافیره کانی داده به زن. دینه لای ئیمه بزانن چ خه بـــه ره .
پیاویک: هه رکه س دی ها و ده ردی مان له گه ل ده کا .
ره ئیس ده فته ر: ها و ده ردی؟ له وانه یه مه نزوورت ئه وه بی که دلیان پـــی تـان ده سووتی.
کبری: خوت چاوت لی یه چون ها وده ردی مان له گه ل ده که ن.
ره ئیس ده فته ر: پیویسته بینه نا و حه سار. برا ده ر صبور ئیجازه مه ده هه رکـــه س بگاتی ده که سی لی کوبنه وه و شتی به گوی دا بچرپینن.
کبری: ئه م پاسداره ش که بچیته ناویان خانه وا ده کان وه زعه که ی بو شه رح ده ده ن.
ره ئیس ده فته ر: هه تا نه یه نه نا و حه سار ه که ، ئیمکانی قسه کردنمان نی یه .
ثانیه : ئه م گشته خه لکه له حه ساردا جی ی نا بیته وه .
مهین: بو نالی ی که سیک بی جوابمان پی بداته وه .
ره ئیس ده فته ر: جوابی ئیوه روشنه . | به رز| بوچی یه خه ی برا ده ر صبورتان گرتوه؟ برا ده ر صبور تو بگه ری وه ئیـــره .
کبری: ده ی! جوابی ئیمه بوو به چی؟
ره ئیس ده فته ر: جوابی چـــی؟
کبری: حالی نه بووی ئیمه چیمان ده وی ؟ دوستان هه مووتان به شوین من دا بلین: "ئیمه ملاقاتمان ده وی"
جمعیت : ئیمه مولاقاتمان ده وی. ئیمه ملاقاتمان ده وی.
ره ئیس ده فته ر: چه ند نماینده دیاری بکه ن و باقی یه که ش ...
پاسدار ۲: برا ده رانی کومیته هاتنه وه حاجی ئاغا . ده وری جه معیه ته که یان گه مارو داوه .
ره ئیس ده فته ر: هه مووتان برونه وه . ۱۵ روژی تر به زیندان مراجعه بکه نه وه . - انشاالله ملاقاتتان پی ده ده ن، بـــرون!
جمعیت: ئیمه ملاقاتمان ده وی. هه ر ئیمرو ملاقاتمان ده وی.
کبری: ئه گه ر ملاقاتمان پی نه ده ن، هه موومان له و مه یدانـــه داده نیشین و جـوولە ناکه ین. دوستان دابنیشن.
ره ئیس ده فته ر: نه خیـــر، دامه نیشن.
جمعیت: داده نیشین. دانیشن. هه تا ملاقات نه کریته وه داده نیشین |ده نگه ده نگ|
پاسدار ۲: هه لده ستی ضعیفه یانی به م قونداغه تفه نگه به ده متا بکیشم .
کبری: غه له ت ده که ی.
مهین: تو له ده می ئیمه ده ده ی. ئه گه ر ئازای ...

رەئیس دەفتەر: لە سەر خوبە برادەر صبور، ئارام بە.

پاسدار ۲: ئەوان لیم ناگەرین حاجی ئاغا.

کبری: تولەی منالەکانمان لە تو دەستینینەوە. خراپ حالی بووی!

رەئیس دەفتەر: برادەران! فشار مەهینن. خواهران فشار مەهینن. بو ناچنەو. دوای کاری خوتان بکەون. بو ئەم گشتە خەلکە کو بوونەتەوە. ئەوە باش نییە.

مهین: مەعلوومە کو دەبینەوە. پیتان وایە شاری بی دەروازەیە هەرچی پیتان خوش بوو بیکەن.

رەئیس دەفتەر: برادەر، خو تو ریشت سپی بووە، وەرە پیشەوە. من پیم خوش نییە، بە تووڕەیی لە گەلتان بجوولیمەوە.

باوک: من هەر لیرەوە گویم لە دەنگت دەبی. قسەکانت بکە.

رەئیس دەفتەر: من کە کوتم با بچینە ناو حەسار هەتا من لە گەل ئاغا قسە بکەم و موشکیلکە حل بی.

کبری: ئەری، دەت هەویست بمان کیشیە ناو حەسار و پاسدارمان لی کو بکەیەوە هەتا دەنگمان بە کەس رانەگا.

رەئیس دەفتەر: ئیستاش هات و چو بو مەیدانەکە قەتع بووە. ئیوە بچنەوە دەرکی زیندان. من عەرزیان دەکەم کە ئیجازەی ئیوە بدەن کە منالەکانتان ملاقات بکەن.

کبری: دەبی کاغەزی مور کراومان پی بدەی. هەتا کاغەزی مور کراومان پی نەدەی لیرە ناروین.

رەئیس دەفتەر: پیویست بە کاغەز ناکا. ئیمە وەختیک شتیکمان کوت. ئیوە دەبی باوەر بکەن.

کبری: باوەر! ئەویش بە ئیوە، بەلی جوانە.

باوک: خەریکە درەنگ دەبی. ئیمە نەهارمان نەخواردوە.

کبری: هەتا ملاقاتمان پی نەدەن لەم مەیدانە نابزوین. غەزاش ناخوین. وەختیک منالەکانمان ئەم گشتە برسیایەتییە بچیژن، ئیمە بو نەی چیژین.

مهین: دەبی لەو نامەدا بنووسن کە دەبی غەزای کافی بدەن بە منالەکانمان.

پاسدار ۲: هەروا خەریکە لیی زیاد دەکەن. پالە پەستو مەدەن. بچنە دواوە. جیی راوەستانیان نەهیشتوتەوە.

رەئیس دەفتەر: زور باشە، برادەران، خواهران، من دەچم عەرزی حاجئاغا دەکەم کە لوتفتان دەرحەق بکا.

ثانیە: چی؟ لوتفی چی. پیی بلی ئەگەر ملاقاتمان پی نەدەن دەچینە ناو ساختمانەکە و هەموو پەروەندەکان پیک دادەدەین.

پاسدار ۲: هەمووان بەر رگبار دەدەین.

کبری: خوینی ئیمە لە خوینی ئەو هەموو جوانەی کە شەهیدتتان کردووە رەنگین‌تر نییە.

رەئیس‌دەفتەر: ئیجازە بدەن! ئەوە نییە دەچم کاغەزتان بو بینم! ئەوهات و

هاوارەی بو چی یــه .
کبری: دەبی خودی حاکمی شەرع بینووسی، هــا !

موزیک زەنگی سەعاتی شەماتەدار

کبری: شەریف! شەریف!
شەریف: بە خەبەرم کبری. ئیمرو ئیجازەم وەرگرتووە نەچمە سەر کار. ئەوە نــە دەکــرا زەنگی ئەو سەعاتە ئەم بەیانییە نەهات بایە . پەککوو چەند لە دەنگی ئەم زەنگە بیزارم . ئەوە چووبە کوی؟
کبری: |لە دوورەوە | لە، شەمچە دەگــەریم .
شەریف: دوی شەو خەوکی خوشم دەدی. لە خەوم دا بە ئاسمانا دەفریم . بێحەد راحەت و خوشحال بووم .
کبری: هەر لە سەر خەیالی ئەحمەد خەوتووی. ئازاد بوونەکەی خوشحالی کردووی.
شەریف: ئەی تو، تو خەوت نەدیــوە ؟
کبری: من دوی شەو هەر خەو نەچووتە چاووم .
شەریف: لە خوشحالیــان.
کبری: هەم لە خوشحالیان، هەم لە نیگەرانی دەترسم نەکا قەولەکەیان درۆبێ.
شەریف: شتی وا چون دەبی.
کبری: بۆنابێ. ئەوجارەکە هەرچەند دەسخەتی ئەو جەللادەشمان پی بوو، بــەلام ئیجازەی ملاقاتیان پی نەدایین. ناچار بووین بەردەرگای زیندان شلووق بکەین، هەتا مەجبوور بوون بهێلن منالەکانمان ببینین.
شەریف: نییەتی خراپی لی مەهینە .|دەنگی کەلە شیــر| ئەمەش دەەنگیکەلەباب ئەم دەنگە یەعنی ئەوەی کە تاریکی تەواو دەبی. |دیسان دەنگی کەلەباب| یەعنــی سەرەنجامی شەوی رەش، روونا کییە . خەریکی دولمە دەپیچیەوە ؟
کبری: ئــەری.
شەریف: ئەحمەد دولمەی دەستی توی زور پی خوش بوو. منیش هەرچــی تــو لیبنیی پیم خوشە . بە تایبەت دولمە .
کبری: شەش سالی رەبەقە دلم نەهاتوە دولمەلێ بنیم .|بە گریانەوە | شەش سال جگەر گوشەکەم لە دەست ئەو جەللادانەدا بوو. کەم نییە .
شەریف: ئاخر ژنی چاک بە ، ئیستا کە خەریکە ئازاد دەبی بوچی دەگری. مــن ئەگەر ئیستا ضبط یکم بوایە باشترین نەوارم سەردەخست. راستیەکەی ئەوەیە شەش سالی تەواوە بە دل پی نەکەنیوم . بە توم نەکەدەکوت کە کویم ژان دەکا . لە دلــی خوم دا دەم کوت لیی گەری با کەمتر خەفەت بخــوا .
کبری: ئیستا نەوە تو دەستت پی کرد، ها ، ئەوە من چاوم سرییەوە . دوینی عەتا ضبط ەکەی خویانی هینا ، مالەکەشی ئامادە کردووە کە بریک لە میوانەکان بەریتــەوە

ئەوی. ضبط ەکەم لە ژیر هۆو پارچە نـــاوە.
شەریف: نەواریش هەیە؟ ئەری نەوارەکانی ئەحمەد بینم.
کبری: ئەۆ نەوارە بخە سەر کە هەمیشە ئەحمەد گویی پی دەدا. ناوەکەی چی بوو.
شەریف: وەالە لە بیرم نەماوە. بەلام دەیناسمەوە.
کبری: دەانی یەکەم جار کەی ئەم نەوارەمان بیست.
شەریف: ەو وەختەی کە ئەحمەد پوولی یەکەم اسکلتی فلزی ـ کە جوشکاری یەکەی بە کونترات ئرت بوو، وەرگرت و ضبط ە کەی پی کری. ئەوەتـــا.

گورانی یەکە دەنگی دی

شەریف: خویەتـی.
کبری: ئەری خویەتی.
[گورانی یەکە لە گەل دەنگی کبری و شەریف تیکەل دەبی و بەرزونزم دەبی]
شەریف: بلیی گریی دلمان بکریتەوە؟ شەش سال کەم نیـە. ئاخ چاکەی ئەوگشتە موحیببەت ودلسوزی یەی خەلک چون بدەمەوە.
کبری: زور خوشحالی. نـــا؟
شەریف: مەعلوومە، مەگەر تو وانی؟
کبری: من؟ من هەم خوشحالم و هەم نیگەران.
شەریف: لە خووە نیگەرانی. نابی نوخشەی خراپ لی بدەی.
کبری: دەزانی شەریف ۲۵ سال لەوە پیش یش کە منیان بە بووک هینا بو لای تو هەر ئەو دلە خورپەیەم بوو. لەوی کە خوم سەربەخو دەبووم و دەبوومە ساحەب مال زور خوشحال بووم. بەلام لەوەی کە بو جیگایەکی نەناسیاو دەهاتم زور دەترسام.
شەریف: ئاخر و ئاقبەتی ئەو جارە خو باش بوو. ئەوەش هەروا دەبی. ئیمەباش ریک کەوتووین وانیـە؟
کبری: هەتا ئەحمەدمان نەببوو، هیشتا ئونسم بەمال و بە تو نەگرت بوو. بـــەلام هەر کە ئەحمەدمان بوو هەموو شتیک گوردرا.
شەریف: هەتا بەر لەوەی کە ئەحمەد تیکەلاوی ئەو کارانەبی ژیانمان جوریکـی تر بوو. نیگەرانی نان و ژیانمان بووین، بەلام هەرنەبی نیگەرانی یەکتر نەبـــووییـــن دەزانی لەم شەش سالە دا چەندەمان خوینی دل خـــوارد.
کبری: من زورم خەفەت بە ئەحمەدەوە خوارد بەلام دوستی باش باشیشم پەیـــدا کـــرد. چیهـا شت کە فیـــری بووم.
شەریف: هەرچی فیـــری بووی بو خوتی فیر بووی. ئیتر ناهیلم ئەحمەد تخوون ئەو کارانە بکەویتەوە.
کبری: ئەزقەزا روژیک، لە کاتیک دا پاسدارەکەی نیوان تورە سیمی یەکە بـــریک بەو لاوە چوو، ئەحمەد کوتی ئەمجارە خانەوادەگی مبارزە دەکەین. یەعنی من و تـــوو ئەحمـــــەد.

شەریف: چی؟ هیشتـــا تەنبێ نەبـــووی؟

کبری: تەنبێ. دەی کوت لە زیندان دا زور شت فیر بووە. زور زیاتر لە جاران لەو جەللادانە بیزار بووە. |دەنگی گورانی بەرز دەبیتەوە| منیش وام. دروست وەک کورەکەم.

شەریف: کەوایە دەست دەخەنەوە ناو دەستی یەک.

کبری: دەست دەخینەوە ناو دەستی یەک.

شەریف: جاری با من مالەکە هەلویژیرم. راستی دەبی مالەکەی ئەحمەدیش، کە موسادرەبار، کرد پیمان بدەنەوە؟

کبری: تو بیر لە چی دەکەیەوە و من دەلیم چی. ئەو ضبطی خاموش بکە و وەرەبریک دولمە بپیچەوە.

شەریف: ئەی نەت کوت، شەهلا نامزەدی گورەکەم، بێ رەحمەتیت بدا، ها؟

کبری: دی. لەوانەیە هەر ئیستا پەیدا بی. دەبی خوشک و برا کانی بنیریتە مەدرەسە لە بەر ئەوەیە وەدرەنگ کەوتوە.

شەریف: بەلام من کارم هەیە. دەبی بچم شیرینی بکرم. نان شیرینی تازە.

کبری: پوولت چەند پی یە؟

شەریف: قەرز دەکەم. لە قسەکانی وەستا کەمال وا دەردەکەوت کە پوولمان لـــێ ناستینی. دەیکوت بو جیژنی ئازادی ئەحمەد باشترین شیرینی دروست دەکەم.

کبری: من شیرینی خوم کریوە. لەم شەش سالەدا چەند نشارم بوخوم هینـــــا، لیباسی ئەم و ئەوم شورد، هەتا ۲۰۰۰ تمەنم بو روژیکی ئاوا پاشەکەوت کرد. مـــن شیرینی و شوکلاتم کریوە.

شەریف: منیش دەچم نان شیرینی تازە دینم، ئەوە رویشتم.

کبری: ئاخ! ئەحمەد، رولەکەم، |لە بەر خویەوە دەنگ هەلدینی|

ئەگەر دەمزانی لە کام زیندانەوە ئازاد دەکری، ئیستا لەوی بووم.

گورانی یەکە دریژە پی دەدا

مەین: |لە دوورەوە| کبری! خوشکی! لە کویی.

کبری: ئەوە لیرەم. |لەبەر خویەوە| مەینە! چەند بە پەلە بووەبو بەشداری لـــە جیژنی ئازاد بوونی گورەکەمدا.

مەین: |بریک نزیک بوتەوە| ئەی کبری گیان پشتم شکا! |دەنگی گریان|

کبری: گریان. لەوانەیە لە خوشی ....حا ....یا ..ن بی. وەرە ژوور. مەین دەـ وەرە ژوور. ئەوە ...بو... دە...گری؟

مەین: مال ویران بووم. هەر دووکمان مالمان ویران بووین.

کبری: چ بووە مەین؟ چ بووە؟

مهین: کوره‌که‌م. ئه‌نوه‌ر. ئیعدامیان کردووه. ئه‌مه‌ش لیباسه‌کانیه‌تی ئه‌م به‌یانی یه‌ ته‌حویلیان دامه‌وه.

ده‌نگی گریان به‌رزتر بووه

ئه‌م به‌یانی‌یه زوو، ته‌له‌فونیان کرد و کوتیان ته‌نیا خوم و شووه‌که‌م بچین بـــو زیندانی مه‌رکه‌زی. کوتم له وانه‌یه نازادیان کردبی. به‌لام کاتی چووم.

ده‌نگی گریان به‌رزتر

کبری: لیباسه‌کانی خوی بوو! ناسیته‌وه؟ لیباسه‌کانی ئه‌نوه‌ر بوو؟

مهین: خوشکه کبری! کوتیان توش بچی لیباسه‌کانی ئه‌حمه‌د تحویل بگریه‌وه.

کبری: نـــا....

ده‌نگی ته‌پلی گه‌وره و موزیک

مهین: کوتویانه حه‌قمان نی‌یه هیچ مه‌راسمیک بگرین.

کبری: نا، نـــا، ئه‌و ئـــازاد ده‌بـــی.

مهین: ته‌نانه‌ت جه‌نازه‌کانیشیان پی نه‌داینه‌وه.

کبری: ده‌مزانی، ئه‌حمه‌دی من ئازاد ناکه‌ن. خوشی ده‌یزانی. ئه‌ی له‌و درندانـــه. چ وه‌حشی و خوین ریژن...

مهین: ئیستا ده‌لیی چی بکه‌ین کبری؟

کبری: چ بکه‌ین؟ هه‌ر ئه‌و کاره‌ی روله‌کانمان کردیان. من هه‌ر ئه‌و کاره ده‌که‌م که ئه‌گه‌ر ئه‌حمه‌د خوشی زیندوو بایه هه‌ر ئه‌وه‌ی ده‌کرد. حالی ده‌بی مهین؟ ریگـــای کوره‌که‌م دریـــژه ده‌ده‌م.

جەوهیل

را بەری شورشگیر، ئاهەنگساز و گورانی بێژ و
شاعیری گەووی پرولتاریا !

وریا

هونەر لە رەوتی بەرەو پێش چوونی خویدا هەرچی زیاتر لە گەل نیازە رەواکانی چینی کریکار پەیوەند پەیدا بکا و رەنگدانەوەی هەستی خەباتکارانە و دەنگی ئیعترازی ئەوان بێت ، هێزی هاندەری زیاتری تیدا بەدی دەکری . گورانی و سروودەکانی جەوهیل لە نیشانەکانی بەرچاون بو سەلماندنی ئەم راستیە . لەو سالانەکە سەرمایەداران ئامریکا وەکو ئەژدیهای حەوت سەر هێزی کاری هەرزان ، تینی لەش و توانی جەوانی میلیونەها کاریگەری کوچ کردوو و یا دانیشتووی ئامریکایان هەلدەلووشی، گورانی و سروودەکانی جەوهیل ئەو ئاگرەی خەباتی خوش تر دەکردکە کریکاران لە دژی ئەم چەوسانەوە بێ رەزایە هەلیان کردبوو هەندیک لەو گورانیە وسروودانە کە ئەو کات لە سەر زاری کاریگەرانی خەباتکار بوو و قین و تورەیی ئەوانی بەرانبەر بە چەوسینەران زیاتر دەکردەوە ، ئەمروش لە سەرزاری گەلیک لە کاریگەرانی تیکوشەری جیهانە لەدژی ستەم و چەوسانەوە .

جوئل هاگلند، ناسراو بە جەوهیل ، لەسالی ۱۸۷۹ی زایینی لە بنەمالەیەکی کاریگەری لە ولاتی سوید لە دایک بوو. باوکی کاریگەری راهآهن و نوازەندە (فەنان) ی ئورگ بوو. ئەمە بووبە هوی ئەوە کە جەوهیل هەر لە منالیەوە لە گەل موسیقا و ساز ئاشنا ببی . هیشتا منال بوو کە باوکی مرد و ئەو بە نا چاری دە ستی دایە کاری جور بە جور. جەوهیل لە ۱۹۰۲ لە گەل ژمارەیەکی زور کاریگەری بێکاری سویدی بەرەو ئامریکا کەوتەری .لە ولاتی ئامریکا چەوساندنیکی بی رەزا لە ئارا دابوو و جەهیل لە کانەکان ، بەندەرەکان ، مەزراکان و کارگاکان ئەم چەوسانەوەوەحشیانەیەی بەئیسک و پیستەوە هەست پی کرد . بویە لە پیشدا تیکەلاو لە گەل باقی کاریگەران

ده‌ستی دایه خه‌بات تا حه‌قی فه‌وتاوی خویان له گه‌رووی سه‌رمایه دا بکیشیته ده‌ر و پاشان خوی بوو به رابه‌ر و هانده‌ری خه‌باته‌که‌ . جه‌وهیل، به ریکخستن ، به پروپاگانده و ته‌بلیغ و به گورانی و سروود ک، وته پیشی ئه‌م خه‌باته که ئه‌و کات به به‌رینایی ته‌واوی ئامریکا له جه‌ریان دابوو . ئه‌و که خوی ئه‌ندامی اتحادیه‌ی سه‌نعه‌تی کاریگه‌رانی جیهان بوو ، به خه‌باتی رکخرا و بروای قوولی بوو و ئه‌و بروایه له سروودو گورانییه‌کانی‌دا ره‌نگی داوه‌ته‌وه .

هه‌ول دان بو هاندانی کاریگه‌ران بو به ده‌س ، ینانی حه‌قی ره‌وایان، پیی داگرتن له سه‌ر زه‌رووره‌تی ریکخرا و بوون و ریسوا کردنی یه‌ک له دوای یه‌کی سه‌رمایه‌داران بوو به هوی ئه‌وه چه‌وسینه‌ران رقی لی بگرنه دل. سه‌رمایه‌داران ویستیان ئه‌م کاریگه‌ره هونه‌رمه‌ند و تیکوشه‌ره که هیوا به دووا روژیکی سه‌ربه‌ست و روونی بو هاوچینه‌کانی ده‌نه‌خشاند له نیو به‌رن و له‌م ریگایه‌وه زه‌بریک بده‌ن له بزووتنه‌وه‌ی کاریگه‌ری له ئامریکا . به‌م بونه‌وه ده‌ستیان دایه پیلانیکی ره‌زیلانه و دژی ئینسانی . پیلان گیران جه‌وهیلیان تاوانبار کرد که که‌سیکی کوشتووه .کریکارانی تیکوشه‌ر، ریکخراوه کریکاریه کان، روژنامه نووسه‌کان و که‌سانی به‌شه‌ره‌ف له سه‌راسه‌ری ولاته سه‌نعه‌تیه‌کان ده‌نگی ئیعترازیان به‌رانبه‌ر به‌م پیلانه به‌رز کرده‌وه .

موحاکمه‌ی ئه‌م رابه‌ره کاریگه‌ریه بوو به مه‌یدانی کیشمه‌کیش له نیوان چه‌وسینه‌رانی وه‌حشی و کاریگه‌ران و خه‌لکی شه‌رافه‌تمه‌ندی جیهان دا ، ئه‌م کیشمه‌کیشه ئه‌وه‌نده توند بووه که نوینه‌رانی گه‌وره‌ی بورژوازی وه‌کو پاشای سوید و ره‌ئیسی‌جمهووری ئه‌و کاتی ئامریکا تووشی ترس بوون و داوایان کرد راده‌ی سزادان و موجازاتی جه‌وهیل که‌م بکریته‌وه . به‌لام ئه‌وبه‌شه‌له سه‌رمایه‌داران که له نزیکه‌وه ببوون به ئامانجی تیری قین و توره‌یی ئه‌م نوینه‌ره‌ی خه‌بات و تیکوشانی کریکاری ، ئه‌م داواکارییانه‌یان له‌به‌رچاو نه‌گرت و جه‌وهیلیان له ۱۹ نوامبری ۱۹۱۵ دا تیر باران کرد. به‌لام جه‌وهیل نه‌مرد . خوله‌میشی له‌شی له هه‌وا دایه و هه‌ر جار داده نیشیته سه‌ر ئه‌و گولانه‌ی خه‌باتی چینی کریکار له ره‌نگه تووشی سیسی و ژاکاوی بوونبیتن و ده‌یان ژینیته‌وه .

لیره دوو شیعر له شیعره‌کانی جه‌وهیل تان پیشکه‌ش ده‌که‌ین که خوی کردوونی به گورانی و هه‌ر ئیستاش له سه‌ر زاری کاریگه‌رانی تیکوشه‌ری دنیایه .

ئاخر داخواز

جەوهیل ۱۸ی نوامبری ۱۹۱۵

ریبوار

داخوازەکەم

ئاسانە ، بوم جی بە جێ کەن !

میراتیکم نییە هەتا دابەش کرێ

پیویستیشم بەوە نیە خزم و کەسم تازیەبار بن
"بەردی ئاوەسوو خەوش و خاڵ تیی ناڵی "

پەیکەرم ؟

ئاخ...

ئەگەر بەر دەستی خوم بوایە ،

پیم خوشبوو ببمە خولەمیش،

نەسیمی شادیش ئازاد بوایە و بەشنە

خولەمیشی ئەم پەیکەرەی ببردایەم

بو شوینیک کە گوڵاڵەکانی لی ئەروین

بەشکم لەو خولەمیشەوە

هەندیک گوڵی ژاکاو دیسان

بژیەنەوە و هەم دیسان بشکوفینەوە ....

ئەمە ئاخرین داخوازمە ،

ئیوەش هەموو،

باشاد و بەختەوەر بژین !

○

گووچه‌ له‌ ئاسمان

جه‌وهیل ۱۹۱۱

ریبوار

واعیظی ریش پان ریش دریژ
هه‌موو شه‌وی
له‌ کون ده‌ردین
تا پیت بلین
چی وا ده‌بی و
چی وا نابی
به‌لام کاتیک شتیکت بو خوا ردن بوی
به‌ زمان لووسی پیت، ده‌لین
ده‌خوی، ده‌خوی،
دایم ده‌خوی
له‌و سه‌ر سه‌ره
له‌ به‌هه‌شتی شکودار ی ئاسمانه‌کان
ئیستا کار که‌ و
دوعا که‌ و به‌ وینجه‌ بڑی،
کاتیک مردی
له‌ ئاسمان کلووچه‌ ده‌خوی
(له‌و درویه‌)!!
سپای برسیه‌تیش ئاهه‌نگت بو ده‌گیرن
گورانیت بو ده‌لین به‌ چه‌پله‌وه‌ و
دوعا ده‌که‌ن
تا هه‌موو قران - قرانی گیرفانت دا ته‌کینن
ده‌ت خه‌نه‌ سه‌ر ساجی عه‌لی
پاش ئه‌وه‌ش مفلس داکه‌وتی
ده‌لین
ده‌خوی دایم ده‌خوی

لەو سەر سەرە

لە بەهەشتی شکودارێ ئاسمانەکان
ئیستا کارکەو
دوعا کەو بەوینجە بژێ
کاتیک مردی،
لە ئاسمان کلووچە دەخوێ
(قسەیەکی هیچ و خورایی)
ئەگەر بوشتی باش - باشی ژیان خەبات بکەی،
پیت دەلین لیی گەڕی، مەکەء
قەرەی ئیعترازمەکەوە
بەرانبەر بە ئەربابانیش
وەک مەر وابەء
دەنا حەتمەن ڕیی جەهەننەمت لەبەرە
(کورس) .....
خەلکی کارگەری گشت وڵاتان
یەکگرن
ئیمە شان بە شان بو رزگاری یە خەبات ئەکەین
کاتیک جیهان و هەمووسامانەکەیمان
بە دەست هینا ،
ئەمجار ئەم بریارە ڕوو لە تالانکەران
بە گورانی دەلیین
هەمیشە و دایم دەخوێ تو
کاتیک فیر بی سوور کەیتەوە ر چیشت لی بنیی
دار شکینی؛ بو خوت چاکە
پاشانیش دەتوانی بخوێ
خواردنی خوش
دایم دەخوێ
(دروش نیە)

دەروێ وازم لێ دێنی

سروودی **پیترپویاس**

وەرگیراوی: **ن.حسامی**

ئەزانم تۆ نە پەری، نە فریشتەی ئاسمانی
بەڵام لەبەر چاوی من، هەزار هێندەی تر جوانی

ئەڵێی: "مەیلت گوراوە، دەروی وازم لێ دێنی
نەمامی خۆشەویستی، لە ریشەوە دەردێنی"
بەڵام دڵم لە لاتە. ئەڵێ تۆم بۆ بمێنی.

دیسانەوە کار ئەکەم لە دوزەخی کارخانە
تا لە چنگم برفینن، ئەوەی مایەی ژیانە

هەر کار و ئارەق رشتن، هەر موحتاجی و نەداری
چ باریکی گرانە لە سەر شانی دڵداری

بڵێی ڕۆژێک ڕەها بین لە سەنگەرشی خەیابان
ژیان سەراسەر پڕ بێ لە عیشق و شەیدایی ئەمان؟

لە پای دەزگا بە سەر چوو، شەو و ڕۆژی دەرێژم
عومریکی پڕاوپڕە، خوێن و ئارەق دەڕێژم

لە نیو باوەشی تو دا ، چەند گورانیم چریکان
ئەوەندەش بو دەزگاکان قسەم هاتە سەر لیوان

ئەوەی بە زیدەکاری ، پولیک دەنیتە دەستمان
رەنگە بکری یەک دوو جار بشکینی برسیەتیمان

بەلام ئاخر، جەوانیم ، عیشق و سەرمەستی ژیان
بەم قیمەتە هەرزانە ، هەمووی بروا بە تالان

بو مەینەتی روژان و ، دلە خورپەی شەوانم
لە لام بە ، وەرە ، مەرو، ببە ئارامی گیانم

بە عیشقی یەک بەختەوەر، لە گەل یەکتر سەرفەراز
لە ئاسمانی میهردا وەک دوو مەلی خوش ئاواز.

وەک سوار چاکیک زانیومە چون ئەسپی خوم لنگداوە
وەک تیرەندازبە تیریک نیشانەی خوم پیکاوە

بەلام نازانم بوچی، وەک منالی سەر بیشکە
لە باسی خوشەویستیت قسەم بو نەدرکاوە

ئەتوانم چەندی بلیی کار بکەم لە مەزراکان
بو تو ببمە هاوریی ژیان ، هەم یار و هەمپشتیوان

ئەزانم تو نە پەری ، نە فریشتەی ئاسمانی
بەلام لە بەر چاوی من ، هەزار هیندەی تر جوانی

ئەلیی: "میلت گوراوە دەروی وازم لی دینی
نەمامی خوشەویستی ، لە ریشەوە دەردینی"!
بەلام دلم لە لاتە ، ئەلی تو بو بمینی.

گه‌رانه‌وه

بژار

لای ئه‌و روژی یه‌کی ئه‌یار
وه کوو پەلکه زیرینه‌یەک ئالا بووه به هاری گیان
وه‌کوو تاقگه‌ی زه‌رده خه‌نه ئه‌رژایه ناوچه‌می گریان
له‌و روژه‌دا له ئاوینه‌ی
بازووی چینی کریکارا ...سوشیالیستی به دی ئه کرد
خوی ئه بینی له گه‌لیاندا
به ناو دلی سه‌رمایه دا که لّه پشکوی سووریان ئه‌برد
له‌و روژه دا وه‌کو رووبار پیکه نینی هاژه‌ی ئه‌هات
له‌و روژه دا خه‌بات لای ئه‌م..هه تا شورش مه‌نزل ئه‌بات
پیروز بوون و یه کی ئه‌یار
بارانی بوو هه‌وری زوانی له ناو خه‌لکا دای ئه‌باران
دوو ئه‌ستیره‌ی گه‌شاوه بوون
له رووی یه‌کا بو ئه‌م شه‌وه که‌وتبوونه پرشنگ پژان
ئه‌یوت که‌سی یه‌کی ئه‌یار پیروزه لای
ره‌نگی هه‌تاو له سیمایا به‌دی بکریّ
که‌سی ئه‌بی به ریبواری ئه‌و ریگه‌یه
که ناو هه‌ردوو گلینه‌یا
شه‌ره‌ف وه‌کوو لوتکه‌ی چیا به‌رزیی بگری
- ترسان له‌وه‌ی تووی بیری گول ده‌رکات و بیته به‌رهه‌م
ترسان له‌وه‌ی یه‌کی ئه‌یار له زیندانیش هه‌لکا په‌رچه‌م -

☆ ☆ ☆

ئەیوت هەرچەند زەمانیکە
گەر ووشەیەک تاجی گولی لە سەر نابی هەلی دەبرن
گەر مروڤیک
بو جاریکیش مانای ئازاد بوونی دابی سەری دەبرن
بەلام ئاخر لە میژیشە کریکاران خو ریک ئەخەن
بە خەباتی نەبراوەیان
وا خەریکن بە ئیجگاری بارگە و بنەی شورش ئەخەن
گیرا، چونکە هەموو سالی وەکوو چینی کریکاری
لەم روژە یا زیاد لە جاران بی دەنگییەکەی دائەمالی
چونکە ئەمیش هەلویەک بوو لە خەباتا بەرز ئەفری
وەک رابەریک بە ئاشکرا ریگای "ئوکتوبەر" ی ئەبری

لە ناو جەژنی ئەیارا بوو.. وشەکانی کلپەی ئەکرد
کارگەرانیش چەپک چەپک بو ئینجانەی دلیان ئەبرد:
- (هەلمەت بەرە، با لیو ببیت بە کانیاوی زەردە خەنە
هەلمەت بەرە، ئەم دنیایە بە هەلمەتی تووە بەنە
هەلمەت نەبەی
زنجیر لە دەست، پەت لە ملا نایەتە دەر
هەلمەت نەبەی
تاریکی وەک جلی تازە ئەکریتە بەر
چاوی مروڤ بویە هەیە، ئەبی پر بی لە جریوە
زوانی مروڤ بویە هەیە، لیوان ریژ بی لە قریوە
ئەی ئەو چینەی ئاسن لە چاو بازووتا وەک هەویر شلە
چی جریوەی دنیا هەیە بەندە لە نیو چاوانی تو!
چی قریوەی دنیا هەیە بەندەتەنیا بە کردنەوەی زمانی تو!)

- لە زیندانا ژەندرمەکان ئەمەیان بو لیدایەوە
کە بردیشیان، ئەم خونچانە؛
لە نیو دلی ملیونەها کریکارا کرایەوە -

(لە ئیرانا قسە ئەبی
بە دەم چەقوی جەللادەوە پی بکەنی
دەرختی غەم
پەل بهاوی و بەرگی دیئی دانەکەنی
لە ئیرانا قسە ئەبی رەش بی وەکو بنی قازان
ئەگین لەشی مروف ئەکەن
بەوگولانەی
بە بەر چاوی بولبولەوە کەوتن و لە ژیر پی دارزان
وەرە مەیدان! چیا لەبەر گەورەیی تو سەر دانەخا
لە هاتنتا دەریا هەموو شەپولەکانی رائەخا
وەرە مەیدان! سەرمایەدار رەنگی ئەبی بە زەعفەران
لە ترسانا لەشیان ئەبی بە نەمامی دەم رەشبا چەوسینەران
وەرە مەیدان! ئەی چینەکەی هەلمەت هەلوی ئاور گرتوو
شەو درەنگە و هەتاو دیارە
کوانی گرمە و نالەنالی هەوری بازوو؟)
- هەر ئەو جارە لە زیندانا ئەمەشیان بو لیدایەوە
بەس کە بردیان، تەنیا یادی بو لای ئیمە گەرایەوە -

نیسانی ۱۹۹۰

تی بینی:

۱- دیرەکانی ناو ئەم دوو کەوانەیە ( ) قسەی رابەرە کریکارە کە خویەتی.
۲- دیرەکانی ناو ئەم دوو خەتە بچوکانە - قفلی کوپلە شیعریەکان و دەربڕی واقعیەتی زیندانە لە بەرامبەر رابەرە گیراوە کەدا.

مونولۆگ لەگەل بەهار

ڕێبوار

بەهارەکەم

پر بە کوشی هەورەکانت
پر گوڵدان و باخچە و حەسار
پر دەشت و دەر
گوڵت بۆ هینام ،
زۆر سپاس !
ڕاوەستە تاوێک با منیش
چەپکێک لە حەقیقەت بچنم
پێشکەشت کەم :
- هەوای عەتراویت ناگاتە دەماخی من
ئاخر لێرە دەیفرۆشن !!
ئاو و هەوای خۆش بۆ دەدەن
لە منی دوور دە خەنەوە و
لەت لەت ، بەش بەش ، پێم دەفرۆشن !!
لە جیاتی ئەوە دووکەڵی خیابانم دەرخوارد ئەدەن
بۆ هەناسەم !!
ئاوی بارانت دەفرۆشن!!
ئاوی سوێر و گەرم دەکەنە تانکەرەکان
ئەویشم هەر پێ دەفرۆشن !!
هەتاوە گەشەکەت دەبەن ،
ئەویش بە قەد پەنجەرەکان لەت لەت دەکەن
جا لەت لەت بە منی دەفرۆشن!
سەر تا پای تو

سه‌رتا پای به‌هاری ژیان
هه‌مووی براوه به تالان
قوروق کراوه ، وه‌ک پاوان
سه‌رتاپات به‌من ده‌فروشن
له بری گشتی ،
ژیان و هه‌ستیم لی ده‌کرن !!
.....
.....
بوچ ور و کاس ته‌ماشام ئه‌که‌ی؟
تی ناگه‌ی ؟!
ئه‌ی هاوار، له بیرم نه‌بوو!
خو تو ئاگای کرین و فروشتن هه‌ر نازانی !
تو هه‌ر مه‌عنای به‌خشین و به‌خشران ئه‌زانی !
هه‌ر مه‌عنای به‌خشینی باران ، تیشکی هه‌تاو ، عه‌تری نه‌سیم ،
به‌خشینی بی فه‌رق و جیایی جوانی بی ئه‌و په‌ر ئه‌زانی
مه‌عنای به‌خشینی بی دریغ و فراوان نه‌بی
تو نایزانی !
ببوره په‌روشم کردی!
.....
هاکا منیش
خورتر له سیلاوه‌که‌ت بخروشیم
بده‌م له ریشه‌ی فروشتن
له ریشه‌ی تالان و پاوان
با هه‌ر به‌خشین
به‌خشینی بی دریغ بی فه‌رق
له‌م جیهانه دا بخه‌ملی و

بالابکا

ڕێژەی ئەوەڵی مەی

وەرگێڕاوی گورانی یەکی
کارگەڕی ئینگلیسی plp
ڕیبوار



ئەم ڕۆژە وا
چینی کرێکار ڕیز - پێکاو
ڕێژە دەڕوا ،
ئالاکانمان
سەراسەر ئاسمانە شینەکانی گشت ئەم جیهانە
سوور باو دەکا
داخوازەکانمان هەر دەوی!
ملە - جووڕەی یشی پی ناوی!
ئەش جەنگین تا
چینی بورژوا
تەواو تەفرو تونا دەبی!

بەڵێ، ئاوا
ئێمە ئەمڕۆ
لە بەر تیشکی خۆرەتاوا
ڕێژەمان ڕیزی پێکاوە و
دەشنی و دەڕوا
دەش زانین چۆن
سبەی ڕۆژمان
بە هوێ یەکیەتی و زەبری چەک
ڕزگار ئەکەین
ئەوەڵی مەیە و بەڕێوەین لەم ڕێژەدا ،
لەم ڕێژەی جیهانگرماندا ،

دەنگ هەلدینین :
ـ رەشیت ، سپیت ، بوریت ، هەرچی
لە هەر نەژاد و میللەت هەی
یەکگرتوو بە !
روژەکەی مەیە و بەریوەین لەم ریژە دا
وەک سالی سالان ، ئەمسالیش،
دەمانەی
ئەم جیهانە بەرینە هەمووی بزانی
کەوا
روژی لە روژان ئیمەی هەر ئازاد ئەبین!
لە روشنایی کومونیزمدا
ئیمە تاقە جی نشینی راستەقینەی ئەم نیزامەمان
ناسیوە ؛
واخەریکین نیزامەکەتان تیک و پیک دەروخینین!
دەبا چاوم تیتەوە بی هەستاوی و مشتت هەلدینی!
دەبا گویم لیت بی چەند دلیر دەنگی بانگەواز هەلدینی:
ـ ژن و پیاوی کریکاری هەر سەرزەمین
وەرن هەموو یەکگرتوو بین
ئەوەلی مەیە و بەریوەین لەم ریژەدا ،
لەم ریژەی جیهانگرماندا ،
دەنگ هەلدینین :
ـ رەشیت ، سپیت ، بوریت ، هەرچی
لە هەر نژاد و میللەت هەی
یەکگرتوو بە !
روژەکەی مەیە و بەریوەین لەم ریژەدا
وەک سالی سالان، ئەمسالیش،
دەمانەوی
ئەم جیهانە بەرینە هەمووی بزانی
کەوا
روژی لە روژان ئیمە هەر ئازاد ئەبین!

۷۰/۱/۷

منالینه

شەبەق

زور حەزم لە شادی و پیکەنینە
ئەمما بزەی تالم
هەزار داستانی نەدرکاوی
ژینی بەردەواری ئەفریقایە !

□

زور حەزم لە شادی و پیکەنینە
ئەمما ژووری دلم
سالێ جارێ شنەی شادی پیدا نایە!

□

زور حەزم لە شادی وپیکەنینە
ئەمما ژیانی ئیمە؟
هەمووی دەرد و داخ و خەمی برسیەتی یە، منالینە !
زور حەزم لە شادی و پیکەنینـــە !

۱۳۷۰

□

خه‌لکی ماقوول!

شه‌به‌ق

پلیک گوشتی رانی دزی
زور له میـــژ بوو، هه‌تیوی باوک نه‌دیـوی
بو گوشت ده‌نوزاوه و
که‌س فرمیسکی بو نه‌ده‌ســری.

□

گـــرتیـان،
له راسته‌ی بازار نزیک ئورزی
خه‌لکی ماقوول
به مست و شه‌ق به سه‌ریا دابه‌زین.

□

پاشان،
پاشی چـــوار مانگ
له گوشه‌ی شه‌قامیکی شلووق
جار جـــار
خه‌لکی ماقوول
ژنیکی ئیفلیجیان ده‌دی
ده‌سره‌ی ســوالی راخستـــووه و
هه‌تیـویکی چلمنـی گوی قوت له پال ده‌ستی
هه‌ر "دایه نان، دایـــه نـــ...ا...ن"یه‌تـی.

□

۱۳۷۰

سروودی مەرگ

کەمال عەزیز

لە ناو خیابانە پیسەکانی دلی شار
لە ژیر قامچی ، گەرما ، سەرما
هەزاران دل بوونەتە هێلانەی
خەم و ئازار.
لە ناو خیابانە پیسەکانی دلی شار
ژان تاریکە و ئیسراحەت بو هیچ مروڤی میوان نابی!

★

لە ناو خیابانە پیسەکانی دلی شار
خرمەی خواردنی زیندەوەری نەکولاو
ئاوازیکی تەرە !
لە سیمفونیای بی بەشانی ئەمریکا
دووکەڵی کزی ئاگری چیلکە دار
موری تاوانە لە نیو چاوانی
کوشکی سپی بورژوا !



★

لە ناو خیابانە پیسەکانی دلی شار
دەنگی کزی گیتاریک سنوور دەبری و
لە ئاسمانی نیویورک دەتەقیتەوە
ئەم دەنگە سروودی میژووە
کە ملیونان دەنگ دژی تاوانبارن
دەیلینەوە ،

شوین نییە لەم شارە
سەدای ئەم دەنگە نەداتەوە
کریکار نییە لەم شارە
هاوەڵەنگ نەبی و
ئەم سروودە نەلیتەوە :
ئەی ئەو کەسانەی وا لەسەر
هەموومانەوە دەژین
خودەریا لە ئیمە برسیتر نییە
ئەم هەموو ئەنمەی لە دەم ئەکەن؟
ئەی ئەو کەسانەی وا لە سەر
هەموومانەوە دەژین
خودەریا لە منالەکانی ئیمە
جوانتر نییە
کە ئەم هەموو شیرەی لە دەم ئەکەن؟
خانووی سەر مانگ و
شەری ئەستیرەمان ناوی
ئیمە لە سەر زەوی
خانوو و دەرمان و شیرمان دەوی
ژینی ئینسان و یەکسانیمان دەوی
ژینی ئینسان و یە کسانیمان دەوی



ئیمە کور و کچانی،
یەک دایک و باوکی چینایەتی
خێڵی کارین .
لە بێ دەرەتانی یەکیمانا ،
گشتمان بەروکی خومان ،
دا ئەدرین .

○

سەرپەناین ،
کاتی کە ئاوارە بوین
ئەوان سوراغیان ،
کردین.

○

تەورین ،
تەور ، کاتی کە ئیعترازمان کرد ،
ئەوان ، کۆتیان ،
کردین.

○

خوراکین ،
کاتی کە مانمان گرت ،
ئەوان ، بی نانیان ،
کردین.

○

ئیمە کور و کچانی ،
ئەک دایک و باوکی چینایەتی
خیلی کارین ،
لە بی دەرەتانی یەکیمانا ،
گشتمان بەروکی خومان ،
دا ئەدرین

○

وه‌لامی نامه‌کان

ن.حسامی

خوینه‌ریکی پیشه‌نگ به ناوی"ئه‌ندازیار هوشمه‌ند" ، کورته چیروکیکی بو ناردوین به ناوی " جوشدانی کارگه‌ران" له گه‌ل کورته چیروکه‌که‌ش نامه‌یه‌کی بو ناردوین و نوسیویه‌تی : " به ئه‌رکی سه‌ر شانی خومی ده‌زانم که له ریکخراویکی هونه‌ری وویژه‌ی تایبه‌ت به چینی ـ کارگه‌رانی کوردستان ـ کاربکه‌م." دوای ئه‌مه ئه‌و خوینه‌ره ، نوسیویه‌تی " دو تی بینیم بو گوڤاری پیشه‌نگ هه‌یه". تی‌بینیه‌کانی ئه‌م خوینه‌ره ئه‌مانه‌ن.

۱ـ گوڤاره‌که وه‌کوو له ناو و نیشانی سه‌ره‌وه‌ی دیاره تایبه‌ت به هونه‌ر و ویژه‌ی کریکاری‌یه ، به‌لام هیشتا چیروک و شیعره‌کانی ژان و ئازار و باری گرانی کریکار ناخه‌نه روو (به تایبه‌ت به‌شی وه‌رگیران).

۲ـ زمانی کوردی بو خویندن و نوسین له کوردستانی ئیران قه‌ده‌غه‌یه ، به‌لام زمانه‌که‌مان له فارسی و تورکی زور پاراوتر و پته‌تره ، واتا ئه‌مرو به تایبه‌ت له کوردستانی عیراق دا زمانیکی بیگه‌رد و ساده‌ی کوردی، زمانی نوسین و خویندن و ئاخاوتنه . ئاگادارمان ئه‌وه‌یه وه‌ک زمانی فارسی، وشه‌ی بیگانه به تایبه‌تی عه‌ره‌بی و قورئانی تیکه‌ل به زمانی پاراومان مه‌که‌ن."

له بابه‌ت نامه‌ی ئه‌و خوینه‌ره‌وه ، رووبکردنه وه‌ی چه‌ند خال به پیویست ده‌زانین: یه‌که‌م ، " کانوونی هونه‌ر و ئه‌ده‌بیاتی کریکاری ـ کوردستان" وه‌ک تو نووسیوته " ریکخراویکی هونه‌ری و ویژه‌ی تایبه‌ت به چینی ـ کارگه‌رانی کورنستان ـ" نیه .

ریکخراوی هونەری کارگەریە (یان لانی کەم هەول دەدا ئەوە بی). چینی کریکار چینێکی جیهانیە و لە هەر گوشەیەکی جیهان بی، قسە و ئامانج و هەست و هونەری هی یەک چینی واحیدە . هینانی وشەی کوردستان لە پاش عیبارەتی " کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری" بو ئەوەیە کە نیشان بدری شوینی هەلسووراندنی ئەو ریکخراوە کوردستانە بە مەعنای ئەوە نیە تایبەتە بە " چینی کارگەرانی کوردستان." پیشەنگ هەول دەدا بەرهەمی هونەری و ئەدەبی ئەو چینە جیهانیە، لە نیو کریکارانی کوردستان دا بلاو بکاتەوە و هەر وەها پیشەنگی فارسی لە نیو کریکارانی ئیرانیش دا .

دووهەم ؛ نووسیوتە : " هیشتا چیروک وشیعرەکان ای ناو پیشەنگ| ژار، و ئازار و باری گرانی کریکار ناخەنە روو. بە تایبەتی بەشی وەرگیران". ئەوە کە پیشەنگ بەرهەمی جیگای رەخنەی تیدایە هیچ قسەی لەسەر نیە . ئیمە لە هەموو رەخنەیەکی کریکاری و کومونیستی بەرچاو روونکەرەوە ، پیشوازی دەکەین. بەڵام ئەو رەخنەیە کە هیشتا چیروک و شیعرەکانی ناو پیشەنگ ژان و ئازار و باری گرانی کریکار ناخەنە روو رەخنەیەکی ناروشنە . مەبەست کام شیعر و چیروکە ؟ هەموویان ؟ پیشەنگ گەلیک شیعری ئوژن پوتیە ، جەوهیل، بریشت، هاینە و کریکارانی کومونیستی تیدایە و هەر وەها چیروکی کریکاری. بە تایبەتی ، کریکاریترین بەرهەمەکان، ئەوانەن کە لە زمانەکانیترەوە وەرگیردراون. جا ئەگەر کەسیک هیشتا ئەمەی پی کەم بی و پیی وابی پیشەنگ پیویستە لە وەش زیاتر بەرهەمی وا چاپ بکا کە ژان و ئازار و باری گرانی کریکار (وە هەر وەها هیوا و ئامانج و ئارەزوو و توانایی و هیزی چینی کریکار)بخاتە روو و بو بە جی هینانی ئەم ئەرکە یارمەتیمان بدا، دەبینیینە سەر چاومان. هەر لیرەوە بانگەوازی هەموو کریکارانی هونەرمەند و هونەرمەندانی کومونیست دەکەین کە بو بە جی هینانی ئەم ئەرکە یارمەتیمان بدەن.

سیهەم ؛ لە بابەت زمانەوە ، بە داخەوە لیرەدا مەودای ئەوە نیە بە تەسەلی قسەی لە سەر بکەین. بە کورتی: ئەوە کە "زمانەکەمان لە فارسی و تورکی زورپاراوتر و پەتی ترە" جیگای قسەیە . رەنگە "پەتی تر" بی بەڵام "پاراوتر" نیە . زمان وەسیلە و ئامرازی پەیوەندی گرتنی ئینسانەکانە و لە گەل ئەو ئال و گورانە کە بە سەر بار و دوخی ژیانی کومەلایەتی دا دین، زمانیش ئال و گوری بە سەر دادی. بە هەر رادەیەک لە کومەلگایەک دا فەرهەنگ و موناسەبات و زانست و سەنعەت و تکنولوژی گورانی بە سەر دادی، زمانیش خوی لە گەل دەگونجینی و زمانی سەت سال لەوە پیش ناتوانی وەڵامدەرەوەی پیویستی یەکانی ئینسانی ئەمرو بی. ئەوە کە " زمانی پاک و بیگەرد" یان "رەسەن و پەتی" زمانی دەورەکانی رابوردووە و ئەو گورانەی لە روژگاری ئەمرودا بە سەر زماندا دی هەمووی نیشانەی هەرج و مەرج و ئاژاوەیە کە زمانی پاکی باب و باپیران دەشیوینی، فەرزیکی نادروستە . ئەمە بە پیچەوانەی جەوهەر و کاری زمانە . هەر لە ریگەی ئەم گورانکاریەوە بووە کە زمانی فەرانسە و ئیسپانیایی و پورتەغالی و ئیتالیایی و هەندیکیتر لە زمانەکانی رومیایی

له لاتینی جیا بوونه‌ته‌وه و هه‌ر له ریگه‌ی‌ئه‌م گورانکارییه‌وه بووه که هه‌موو زمانه‌کان خیزانی گه‌وره‌ی هیندو ئوروپایی له یه‌کتر و سه‌ره‌نجام له زمانیکی واحید جیـــا بـــوونه‌ته‌وه.

زمانی کوردی له به‌ر زور هوی کومه‌لایه‌تی و سیاسی و ئابووری و ....که‌متر لـــه زمانی تورکی و فارسی ئال و گوری به سه‌ر دا هاتوه و که‌متر گه‌شه‌ی کردوه و بـــه‌م مه‌عنایه "په‌تی‌تر" ه، به‌لام هه‌ر به‌م‌ده‌لیله، هه‌ر له به‌ر ئه‌وه‌ی که‌متر گوراوه وکه‌متر گه‌شه‌ی کردوه، نا‌ره‌ســاتر و نـاپاراوتـــره.

به هه‌ر میزانیک ئینسانه‌کان له‌گه‌ل یه‌کتر له ژیانی واقیعی دا په‌یوه‌ندیان هه‌یه زمانیان له یه‌کتر نزیک ده‌بیته‌وه. بویه زمانه‌کان ته‌ئسیر ده‌که‌نه سه‌ر یه‌کتـــر و ته‌ئسیر وه‌رد،گرن. وشه‌ی عه‌ره‌بی‌ش دیته ناو کوردی. هه‌ر وه‌ک چون له گه‌ل ئه‌وه‌ی رادیو و تلویزیون و تراکتور و ته‌له‌فون دینه ناو بازار، ناوه‌که‌شیان دیته سه‌ر زاری خه‌لک و هه‌ر ئاواش وشه‌ی قه‌له‌م و مه‌دره‌سه و کتیب دینه ناو زمانی کوردی‌یه‌وه. هه‌ر وشه‌یه‌ک که جه‌ماوه‌ری به‌رینی خه‌لکی کورد زمان به کاری ده‌به‌ن ـ له هـــه‌ر کوی‌وه هاتبی‌بووه‌ته به‌شیک له زمانه‌که و کوردی‌یه. بوچی "پینووس" له "قه‌لـــه‌م" کوردی تره له حالیک دا لانی که‌م ۹۰٪ی خه‌لکی کوردستان ده‌لین قه‌له‌م؟ یان بوچی "قوتابخانه" له "مه‌دره‌سه" کوردی تره، له حالیک‌دا هه‌موو که‌س ده‌لی مه‌دره‌سه؟ ئه‌ویش وشه‌یه‌کی وه‌ک قوتابخانه که "کتیب" یان "کتاب" له پیشدا کراوه‌تـــــه "قوتاب" !! و ئه‌مجار قوتابخانه. زور وشه هه‌ن که‌ئیوه ئه‌مرو وه‌ک کوردی به کاریان ده‌به‌ن بی ئه‌وه‌ی ته‌نانه‌ت بیر له‌وه بکه‌نه‌وه که وه‌ختی خوی له کوی‌وه هاتوون. بو نمونه هه‌ر له نامه دوو لاپه‌ره‌یی‌یه‌که‌ی خوت دا ئه‌م وشانه هه‌ن:

ده‌سته، سلاو، هونه‌ر، شوفیر، پارچه، ده‌ست، رژیم، ئیسلامی، سوسیالیستی،په‌یمان، شیعر، قه‌ده‌غه، بیگانه، مونتاج، دایه‌لوگ، مونولوگ، کارگه‌ر، ئه‌نجام، مهابـــاد، مهندس و ....، ئه‌مانه هه‌مووبان له زمانی تره‌وه هاتوون یان له زمانی تریـش دا هه‌ن به‌لام ئه‌وه‌نده به‌رین له نیو جه‌ماوه‌ری کورد زمان دا به کار ده‌برین(بیجگـه له مونتاج و دایه لوگ و مونولوگ) هه‌مووبان وه‌ک کوردی "په‌تی" دینه به‌ر گـــوی. که‌وایه پیوانه‌ی ئه‌وه که وشه‌یه‌ک چه‌نده کوردی‌یه ئه‌وه‌یه که چه‌نده له نیـــــو جه‌ماوه‌ری کورد زمان دا به کار ده‌بـــری.

مه‌سه‌له‌یه‌کی تر دیته گور: ئایا ناکری له به‌رانبه‌ر وشه‌یه‌کی "بیگانه" دا کـــه ناتوانی له زمانی کوردی دا جیگای خوی بکاته‌وه، وشه‌ی تازه دابریژری؟ به‌لـــی ده‌کری به‌لام دیسانیش وشه‌که، کاتیک ده‌بیته به‌شیک له زمان که جه‌ماوه‌ری کـــورد زمان به کاری به‌رن. له فارسیدا له جیاتی "طیاره و سفینه و مدرّعه و ناقله و بلدّیه و نظمیه و عدلیه و وه‌زاره‌تی طرق و ضد حمله "وشه‌ی" هه‌واپه‌یما و که‌شتی (ناو) و زری پوش و نه‌فه‌ربه‌ر و شه‌هرداری و شه‌هربانی و دادگوسته‌ری و وه‌زاره‌تـــی راه و ته‌را‌به‌ری و پاته‌ک"دروست کران. فه‌رهه‌نگستان دروستی کردن. زوربه‌ی وشه تازه‌کان جیی خویان کرده‌وه و وه‌رگیران. سه‌رده‌میک"بلدیه "وشه‌یکی‌گیانداری‌ناو زمانه‌که‌بوو. که‌سرنه‌ی

دەگوت "شەهرداری". بەرە بەرە "شەهرداری" هاتە نیو زمانی خەلک و جیی بە "بلدیە" لیژ کرد. ئیستا "بلدیە" وشەیەکی بی گیانە. بەلام وشەی تازەی "تەرابەری" هەر وەرنەگیرا و دوای دەیان سال کە سەدان رادیو و رۆژنامە بە کاری دەبەن هەر نەبوو بە وشەی نیو زمانی خەلک. "پاتەک"یش هەر وا. دروست کرا و زمانی خەلک وەری نەگرت. خەلک ئیستاش هەر دەلین "ضد حملە".

کورتی بکەمەوە. زمان دەگوڕی و کامل دەبی و خوی لە گەل رەوتی ژیانی ئینسانە-کانی کومەل ریک دەخا. ئەم رەوتی گورانە پیشی پی ناگیری. بە هیچ زەخنەگر و نووسەریک.

زمانی "پاکی باب و باپیران" بو ژیانی ئەمرو نارەسایە. مەفهوومی تازەهاتوو-نەتە نیو کومەل و وشەی تازە لە گەل خویان دینن. ئەو کەسەی دەیەوی خزمەت بە زمان بکا و لەم ریگایەوە خزمەت بە کومەلیش بکا، دەبی هەم رەوتی گورانەدا یارمەتی بەرەو پیش چوونی زمان بدا.

سەرەرای هەموو ئەمانەش، پیمان وانیە زمانی پیشەنگ جیگای زەخنە و لیکولینەوە نیە. زەخنەی موشەخەس و روشن لەم بابەتەشەوە یارمەتیمان دەدا.

بەلام سەبارەت بە چیروکەکەت بە ناوی "جوشدانی کارگەران".

چیروکەکەت لە پیشەنگدا چاپ ناکری چونکە لە چوار چیوەی ئامانجەکانی پیشەنگ دا ناگونجی. خوت نووسیوتە: "ئەم چیروکە بەراستی جوشدانی کارگەرانە لە رووی نەتەوەیی و چینایەتی." جوشدانی کارگەران" لە رووی نەتەوەیی"یەوە ناتوانی ئەرکی نووسەر و هونەرمەندی کریکاری بی. ئەم جوشدانە لە رووی چینایەتیشەوە ناتوانی لە لای کریکار و لە سەنگەری کریکاردا راوەستی. دەلیی وانیە؟ یەک دوو، نموونە لە چیروکەکەت نەقل دەکەین:

چیروکەکە بەم عیبارەتە دەست پی دەکا:

"گوندە ژیکەلە کەیان بووکیکی رازاوەی دایکە - مەبادەی پیشەوا بوو"

پاشان، ئەندازیاریکی نەوتی کرماشان بە ناوی ئارام لە شار و لە کارگا دەچیتە دەر بو پیشمەرگایەتی و لە گەل خوی پەیمان دەبەستی:

"ئاخ! ئاخ! هاوریانی کارگەران پەیمان بیت لیتان دانەبریم. پەیمان بیت هەرچەندە وا بو کووردەی هەلایساوی جوشدراوی پیشمەرگایەتی دەچم هەر دەم لە ریی هاورییانی خەباتی ژیانەزەمینیەوە سروودی خالو لینینتان بو بنیرم..."

ئارام لە دیەک دەگاتە مالی مام برایمی گونە دوستی. باوکی مام برایم باوکی هاوریەکی ئارامە بە ناوی شورش کە پیکەوە لە زانکو خویندوویانە و شورش شەهید بووە.

قسە دیتە سەر شەری کومەلە و حیزبی دیموکرات، مام برایم دەلی:

"ئاخ ئارام بە راستی ئەو براکوژیە گیانی شورشگیرانەی میللەتی

تیـــان زینده به چال کردوه ... ئه و گه له زه حمه تکیشه هـــه ره سی هیناوه !"

ئـــارام له جوابدا ده لی:

" دروستـــه مام برایم خوینمان له بری ئه وه ی له گولبینـــــه ی شورشه وه کووره ی رقی پیروز جوش بدا ، هه زار مخابن بی که لک له ناو خودا ده یریـــژین."

پاشان په یمان ده به ستیت:

" ... ده توانین را به ری کارگه ران و زه حمه تکیشان بکه ین. بـــه لام په یمان بیت به خوینی شه هیدان ته قه ی برا کوژی له لوولـــــه ی چه کی هه میشه هاوری و هاوژیانمه وه ، که س رانه چله کینیت"

ئارام وپیشمه رگه کانی تر شه ریک له دژی پاسداره کان ده که ن. ده گه نه سنـــــوور. چیـروک کوتایی پی دی.

قسه ی ئارام ، ئه وه نیه له شه ری کومه له و دیموکرات دا لایه نگری ته قه وه ستانـدن بی وه ک کومه له لایه نگری بوو. هه موو ده زانین له کوردستان خیزبی دیموکرات،خیزبی بورژوازی کورد شه ری به سه ر کومه له دا سه پاند و پیشتریش له زور جیگا لـــــه دژی کریکار و زه حمه تکیشـــی کورد ئیعلانی شه ری کردبوو. له م شه ره دا کریکاری کومونیست ناتوانی په یمان ببه ستی ته قه له تفه نگی ده رنه یه به لکوو دیفاع له خوی ومافه کانـی ده کـــا . ئارام هیچ جیاوازی یه کی نیوان کریکار و بورژوا به ره سمی ناناســـی . مه وعیزه ی ئاشتـــی چینایه تی ده کـــا . هه موان وه ک "بـــرا" چاو لیده کا ."میللەت هه مووی بـــرایه" قسه ی که سانیکه ده یانه وی له ژیر په رده ی ئه م "برایه تی یه" فریو-کارانه یه دا خوینی کریکار بمـــــژن. مه به ست ئه وه نیه "ئارام"ی نیو ئه م چیروکـه حه تمه ن ده بی که سیک بی خیرا به چه که وه هه لکوتیته سه ر خیزبی دیموکرات.لـــه م چیروکه دا ئه وه مه رجی پیویست نیه بو کریکاری بوون به لام حاشا کردن له جیـــاوازی چینایه تی نیوان کریکار و بورژوا له ژیر ناوی "برایه تی"دا و په یمان به ستن بوپاراستنی ئه م بـــرایه تی یه ، مه رجی کافی یه بو کریکاری نه بوون، قسه ی ئارام ، قسه ی "خالـــو لینین" نیه . قســـه ی " پیشه وا " یـــه .

دیداریک لـه گەل شیعر و شـاعیـران

شیعر، له کومەلی ئیمەدا، رایجترین شیوەی دەربرینە و زور جار شاعیر، ئەرکـی تریش دەخاتە سەر شانی خوی. لە رابوردوودا کە وەک ئەمرو شکلی جوراو جـوری نووسین با و نەبوو، ئەرکی چیروکنووس و رومانnووس و راپورت نووس و ... ش لەئەستوی شاعیر بوو. بەلام ئەمرو، کە ئەمانە لیک جیا کراونەتەوە و شکلی جوراوجـوری دەربرین و نووسین هەن، ئەو ئەرکانە لە سەر شانی شاعیر هەلگیراون. ئەمرو ئیتـر شاعیر کەمتر دەچیتە سەر ئەجزای ئینتیزاعی یان هەر ناچی بەلکوو مەفهوومەکە بـە شیوەیەکی عام و گشتی بەیان دەکا. شیعریک کە لە رادەبەدەر لە واقعییەتیروژانە دەچی و دەبیتە روژ ژمیری رووداوەکانی روژانە، لە راستیدالە شیعر دوور دەکەویتەوە. مەعنای ئەم قسەیەش ئەوەنیە کە شیعر لە "واقعییەت" دوورە. بەلکوو بـە شیوەیەکی پوخت و چر و پر، ئەودیوی رووکاری واقعییەتەکان ـ کە هەموو بینەریکـی ئاسایی ناتوانی ببینی ـ بەیان دەکا. زور کەس لەو هاوری یانەی شیعرمان بـو دەنیرن، ئەوە لە بەر چاو ناگرن. بەیان کردنی ئەجزای رووداویک یان مەبەستیک، کاری شاعر نیە. باشتر ئەوەیە لەو جورە جیگا یانە لق و پوپ هەلپاچـری و کاکلەی ناوەروکەکە بیتە سەر کاغەز.

شتیکی تر ئەوەیە کە هەندیک لە هاوری یانی شاعیر، راستەو خو لـە گەل دەردو ژانی کەس و کومەل بەرەو روو دەبن و شیوە دەربرینیک هەلدەبژیرن کە هیچ جیگا ـ یەک بو ئەوە نامینیتەوە خوینەر ئەزموون و هەست و بیری خوی بخاتەکار. بونموونە لەجیاتی ئەوەی فەزایەک بخولقینن کە خوینەر لەو دیوی وشەکانی شیعرەکە قورسایی و غەمباری بەدی بکا، راستەو خو باسی خەمەکە دەکەن:

ئەوەی ماتە

بە تەنها خەلکی هەژارە

مات بوونی خەلکی هەژار ئەگەر ئاوا بەیان بکری هیچ جیاوازی یەکی نیە لەگـەل نووسینی گوزارشیک بەلام دەکری فەزای شیعرەگـەقورسایی ئەو مات بوونە بگەیەنی.

مه‌سه‌له‌یه‌کی تریش که باسکردنی زور پیویسته :

غه‌م و په‌ژاره له شیعره‌کاندا (بو نموونه له دووشیعری" بو ئه‌وه‌ی ئیتر بریـــن نه‌بم" و " ته‌وژمی ئازاره‌کانی".....) دا ئه‌وه‌نده زوره که قورسایی ده‌کاته ســـه‌ر هه‌موو شیعره‌که. هه‌ستی خوینه‌ر به جوریک ده‌که‌ویته ژیر ته‌ئسیری ئه‌و فه‌زای په‌ژاره‌یه که مه‌به‌ستی سه‌ره‌کی شاعیره‌که‌ی له‌به‌ر چاو که‌م ره‌نگ ده‌بیته‌وه. دیاره فه‌رز ئه‌وه‌یه که شاعیر مه‌به‌ستی له گیرانه‌وه‌ی ئه‌م به‌سه‌رهاته پر له په‌ژاره‌یـــه ئه‌وه‌یه قسه‌یه‌ک بکا. به‌لام قســـه‌ئه‌سلی یه‌که ده‌که‌ویته حاشیه‌وه. ئینسان له‌کاتی خویندنه‌وه‌ی شیعره‌که دا هه‌ست ده‌کا له مه‌جلیسی پر سه و سه‌ره‌خوشی یه ولـــه جیگای وا ، بیر کردنه‌وه له شتی‌تر، جیگای بو نامینیته‌وه. سه‌رتاسه‌ری شیعره‌کـــان پرن له باسی فرمیسک و خوین. گریان و برین و مه‌رگ و برسیه‌تی ،چاره‌ره‌شی ونوو- زی مندال و ...ئیمه لـــه کومه‌لگایه‌ک دا ده‌ژین، هه‌ر ریبواریک به هه‌ر کولاینـــک دا بروا روژانه ده‌توانی له هه‌زار لاوه ده‌نگی گریان و شیوه‌ن ببیستی و خویـــن و برین و مه‌رگ ببینی. دووپات کردنه‌وه و سه‌ت پات کردنه‌وه‌ی ئه‌م فـه‌زایه له شیعر دا بو چیه ؟ چ لازمه شاعیر شتیک بگیریته‌وه که هه‌موو که‌سیکی ئاسایی خوی به چـــاو ده‌ی بینی؟ هه‌ژاندنی هه‌ستی به‌زه‌یی و دل پری و په‌ژاره له‌نیو دلی که‌سانیک‌دا که ژیانی ئاسایی‌یان هه‌رئه‌مه‌یه ، چ هونه‌ریکه ؟

بروانینه ئه‌م نموونانه :

ئازار، ده‌زووی ملوانکه‌مه و
ئیسک و پرووسکی ساوایشم
ده‌نکه‌کانی.

*

هه‌موو روژی له پروسه‌ی مه‌رگی گشت ساتما
لوتکه‌ی به‌رزی هه‌ورامانم
خور خور ئه‌گری و ....

*

جاری سیانید
جـــاری خه‌رده‌ل
جـــاری ناپالم
.....
به لاشه‌یه‌کی به سه‌ر و
به بی قاچ و بی ده‌سته‌وه ....

*

ئه‌وه‌ته‌ی هه‌م
ئیسکی لاوازی سووتـاوی .....

*

ته‌ی هاوچینه برسی‌یه‌کانی

ئەگەر مەبەستی شاعیریک تەنیا گریاندن نەبی، نابی ئەمە بکا . دەکری شاعیر فەزایەکی خەمناکیش بخولقینی، بەلام ئەرکی شاعیری هوشیار ئەوە یە واوەتر لەم واقعییەتە تالە بەر چاو بخاو خوینەر وا لی نەکا فرمیسک و بوغز و حەسرەت ئەوەندە بەری چاو و بیری بگرن نەهیلن سەر هەلبری.

* داستان

شیعری " بانگەوازیک" بە دەستمان گەیشت، تکایە بە خەتیکی خوش دووبارە بومان بنووسەوە و بینیرە تا بتوانین لە ژمارەی داهاتوو بلاوی بکەینەوە .

* کاوە

دووشیعری "هاوپشتی ـ نەفرەت" بە دەستمان گەیشت. شیعری هاوپشتی لەم ژمارە بلاو دەکەینەوە .

* هەندرین

کومەلیک شیعر و چیروک بە دەستمان گەیشتوون، لە پیشەنگی ۹ دا بریارمان دابوو سەربەخو بلاویان بکەینەوە ، بە هوی کەم بوونی ئیمکانا تمانەوە تا ئیستا نەمانتوانیوە ئەم کارە بکەین. شیعری توش لە گەل ئەم کومەلەیە . هەول دەدەین بتوانین بلاویان بکەینەوە .

* ئاسو

شیعری " بو ئەودی ئیتر برین نەبم" گەیشت. شیعرەکە ـ کە بە بونەی رووداویکی تایبەت وتراوە ـ لە دەربرینی روشن بینانەی بوچوونی کریکاری لەم مەسەلەیە دا سەرکەوتوو نیە . درێژ بوونی شیعرەکە ـ لە قەدەر ناوەرۆک ـ هەم فورمی شیعرەکەی لاواز کردوە و هەم ئیمکانی ئەوەی لی ئەستاندین سەرەرای ئەو رەخنانەی سەرەوە لە لاپەرەیەکی پیشەنگ دا چاپی بکەین. چاوەروانین دیسانیش بەرهەممان بۆ بنیری.

* کیشوەر

تابلوی " چاوەروانی" گەیشت. بە هوی نەبوونی ئیمکانا تی فەننی مانەوە لە پیشەنگ دا نەقاشی بلاو ناکەینەوە . پیشەنگ تەنیا "تەرح"ی تیدایە . هیوادارین بە شیوەی تر یارمەتیمان بدەیت.

* جەمال ، کاوە ، نەوزاد

نامەکەتان گەیشت. هیوادارین " یەکیتی نووسەران و هونەرمەندانی کریکاری" هەرچی زووتر پیک بی. سەرکەوتنتان ئاواتمانە و دەستی هاوریەتیتان دەگوشین. نامەمان بۆ بنووسن.

* سامره‌ند

شیعری " گر و ماچ " گه‌یشت. خوشه‌ ئه‌گه‌رچی لاوازه‌ . ئه‌گه‌ر زیاتر خوت پیـــوه ماندوو کردبا پته‌وتر ده‌بوو. بویه‌ده‌لیین زیاتر خوت پیوه ماندوو کردبا ، چونکـــه وادیاره‌ یه‌که‌م ده‌ستنووسی شیعره‌که‌ت ، به‌یانی سه‌ره‌تایی شیعره‌که‌ت،بو ناردوویـن و هه‌ر له‌ سه‌ر ئه‌و کاغه‌زه ، سه‌رپی‌یی له‌ چه‌ند جیگا ده‌ستت تی بردوه‌ و گوریوتـه‌ . به‌ جوریک کـــه خویندنه‌وه‌ی زه‌حمه‌ت بوو. ئه‌گه‌ر نوسخه‌ی شیعره‌که‌ت لا هه‌یـــه زیاتر کاری له‌ سه‌ر بکه‌ و بومان بنیره‌ .

* سه‌لاحه‌ ره‌ش

شیعری " ته‌وژمی ئازاره‌کان....." گه‌یشت. بو شیعره‌که‌ی توش هه‌ر ئـــــه‌و سه‌رنجانه‌مان هه‌یه‌ که‌ سه‌باره‌ت به‌ شیعره‌که‌ی ئاســو باسمان کرد. چاوه‌روانـــی به‌رهه‌می دیکه‌تین.

* که‌یفی کوردستانی

شیعره‌که‌ی توش به‌ ده‌ستمان گه‌یشت . چاوه‌روانی به‌رهه‌می پاراوترت ده‌بین.

هه‌ندیک نامه‌ و شیعرو ... تریشمان به‌ ده‌ست گه‌یشتوون . هیوادارین بتوانین له‌ ژماره‌کانی داهاتوودا وه‌لامی پیویستیان بده‌ینه‌وه‌ .

ناسر حسامی

به‌رهه‌می هونه‌ری

شیعر چیرۆک شانۆگه‌ری وێنه

کاریکاتۆر و... بۆ پێشه‌نگ بنێرن.



١



٢

ئادرەسی کانوونی یارمەتی، بو کوردستان - کولن

V.H.K
P.F 420652
5000 KOLN 41
W.GERMANY

خوێنەرانی بەڕێز ،

دۆستان و لایەنگرانی هونەری کرێکاری !

کانوون بۆ بەرەو پێش بردنی ئەرکەکانی، پێویستی بە یارمەتی مالّی ئێوە هەیە! بە هەر ئەندازەیەک کە دەتوانن و لە دەستتان دێ وا لە هەر ڕێگایەکەوە کە بۆتان دەکرێ ، یارمەتی یەکانتان بە ئێمە بگەیەنن .

تیبینی!

له گەل داوای لی بووردن

[1]

شانوی "ریگای رولەکەم" نووسراوی فریدون ناظری، ئەحمەد بازگر کردوویە بە کوردی و بە داخەوە بە هوی سەر قالی یەوە

* شیعری ناو شانوکە، کە شیعری کاک ئەحمەد بازگر" ە چاپ نەکراوە.

* ئاخرین دیمەنی شانوکەش، لە پیشەنگی ۱۲ دا نەهاتووە. لە ژمارەی داهاتوو دا ئەم هەلانە راست دەکەینەوە.

[2]

پاشکوی "پیشەنگ"ی ۱۲ ی کوردی بەم زووانە چاپ دەکری. سەرنجی خوینەرانی ئازیز و عەلاقەمەندانی رەخنە ولیکولینەوەی هونەری بو ئەم نووسراوە رادەکیشین. لەم پاشکویە دا ئەم باسانە دەخوینەوە:

۱- "ناسیونالیزم لە "پیشەنگ" دا چ دەکا؟" ریبوار

۲- رەخنە لە ناسیونالیزم یان پاکانەی؟! ن. حسامی

۳- نامەی رەخنەگرانەی "بژار" دەربارەی کانوونی هونەر و ئەدەبییاتی کریکاری - کوردستان

۴- "ژیان و تابلوکانی رەنج و ئازەزوومان" شەبەق

کانوونی هونەر و....

۳۵ تمه‌ن